يوزع مجاناً

# شـــەرحی کتێبی:

# •پرسیارەکانی نـــاوگۆڕ

# •چوار بنەماکە

# •هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

## شرح ثلاثة
## الاصـول وأدلتـهـا وقـواعـد الاربع
## وشـرح متن نـواقـص الإسـلام

نووسینی: شێخ هیثم محمد سرحان

شەرحی پرسیارەکانی نـاوگۆڕو چوار بنـاماکەو
شەرحی دەقی کتێبی هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

# شەرحی پرسیارەکانی

# ناوگۆڕ

# شەرحی پرسیارەکانی

- ناوگۆڕ
- چوار بنەماکە
- هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

نووسینی
شێخ هیثم محمد سرحان

الله

## به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ان الحمدّ للّه نَحمدُه ونسـتعينهُ ونستغفرُه، ونَعوذُ باللّه من شرور انفسنا ومن سـيئات أعمالنا من يهده اللّه فلا مُضلَّ له، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له، وأشهدان لا إله اله اللّه وحدَهُ لاشريك له، وأشهدُ أنَّ محمَّداً عبدهُ ورسولهُ. أما بعدهُ..

### بۆ تەوحید دەخوێنین ؟

| | |
|---|---|
| چونکە خوای گەورە لەو پێناوەدا ئێمەی دروست کردووە | خوای گەورە هیچ کردەوەیەک وەرناگرێت ئیللا بە تەوحیدەوە نەبێت |
| هیچ کەسێک ناچێتە بەهەشتەوە تەنها کەسی یەکتاپەرست (**موحِّد**) نەبێت | هۆکارێکە بۆ زۆربوونی حەسەنات (چاکەکان) |
| هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان | هۆکارێکە بۆ هیدایەت و بەرقەرار بوونی ئەمن و ئاسایش |
| هۆکارێکە بۆ دڵنیایی | هۆکارێکە بۆ بە دەستهێنانی شەفاعەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) |

## هۆکاری هەڵبژاردنی خوێندنی ئەم دەقە لە سەرەتای داواکردنی زانست و زانیاری

بایەخدانی پێشینە چاکەکان و زانایانمان لە ئەهلی سوننە و جەماعە بەم دەقە پیرۆزە، لەبەر بوونی چەندین سـوود و قازانجی مەزن تیایدا، کردویەتیە بناغەیەک کە قوتابی زانست و زانیاری لەوێوە هەناگاو بنێت و دەستکەوتە زانستە شەرعییەکەی لەسەری بنیات بنات ، ئێمەش چاو لەوان دەکەین و شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرین لەم مەنهەجەدا. هەروەهـا عەوامـی خەڵکـی بـێ نیاز نین لـە خوێندنەوەی ئـەم دەقە و لە ئـەو هەموو بنەمایانەی تیادایە کە دەبێ ئیمانێکی بتەوی پێی هەبێت و هیچ گومان و دوودڵییەکی تێکەڵ نەبێت .

## تایبەتمەندیەکانی ئەم دەقە – هەروها هەموو کتێبەکانی شەیخی پێشەوا

- ئاسانی و روونی
- باسکردنی بابەتەکان و گرێدانی بە بەڵگەکانەوە
- مەسەلەکان کۆ دەکاتەوەو ریزی دەکات و ژمارەیەکی بۆ دادەنێت ، ئەمجار دەست دەکات بە راڤەکردنی .
- زۆر دوعاکردن بۆ خوێنەر و گوێگری بەرهەمەکانی

## پێناسەیەکی کتێبی سێ بنچینەکە (الاصول الثلاثه) :


**سێ بنچینەکە بە کورتی بریتیە لە : سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ .**

- پەروەردگارەکەت کێیە ؟
- دینەکەت چییە ؟
- پێغەمبەرەکەت کێیە ؟

## ئەو بەرهەمانە چین کە لە خوێندنی سێ بنچینەکە دەستمان دەکەوێت ؟

ئەگەر تۆ سێ بنچینەکە فێر بوویت و ئەمجار کارت پێی کرد و ئەمجار بانگەوازت بۆی کرد و ئەمجار ئارامت لەسەر زانست و کردەوە و بانگەوازەکە گرت ، ئەوا – بە ئیزنی خوای گەورە– وەڵامی پرسیارەکانی ناو گۆڕ دەدەیتەوە.

## ناوەڕۆکی دەقی سێ بنچینەکە :



## ① چوار مەسەلەکە:

(١ زانست

(٢ کارکردن پێی

(٣ بانگەوازکردن بۆی

(٤ ئارامگرتن لەسەر ئەو ئازارانەی لەو پێناوەدا تووشی دەبێت

## ② سێ مەسەلەکە :

١/ تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو و صیفاتەکان (الربوبیة والاسماء والصفات)

٢/ تەوحیدی خوداوەندێتی (الالوهیة)

٣/ بەرائەت لە شیرک و ئەهلەکەی – موشریکەکان– (بە دڵ و زمان و ئەندامەکان) .

## ③ گرنگی خوێندنی تەوحید :

وەڵامی ئەو پرسیارە : **بۆ ئێمە تەوحید دەخوێنین؟**

## ٤ سێ بنچینەکە :

سێ بنچینەکە بە کورتی بریتییە لە : **سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ**

پەروەردگارەکەت کێیە ؟

دینەکەت چییە ؟

پێغەمبەرەکەت کێیە ؟

## ٥ کۆتایی

**لەو وتەیەی نووسەرەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت :** (والناس اذا ماتوا يُبعثون)
**واتە :** وە خەڵکی ئەگەر مردن ئەوا زیندوو دەکرێنەوە ، تا کۆتایی دەقەکە .

# یەکەم : چوار مەسەلەکە

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

(١) بزانە –رەحمەتی خوات لێ بێت :

(٢) کەوا پێویستە لە سەرمان فێری چوار مەسەلە ببین :

**یەکەم :** زانست : ئەویش بریتییە لە ناسینی خوای گەورە و ناسینی پێغەمبەرەکەی و ناسینی دینی ئیسلامە بە بەڵگەوە .

**دووەم :** کارکردن پێی

**١/ هۆکاری دەستپێکردنی دەقەکە بە (بەسمەلە) لە لایەن نووسەرەوە :**

-١
وەکو شوێنکەوتنێکی کیتابەکەی خوای گەورە و پێغەمبەران

-٢
چاولێکردنی زانایان و پێشینەکانی پێش خۆی ، ئەوانەی کە لە نەریتیاندا بووە نوسینەکانیان بە (بەسمەلە) دەست پێ بکەن .

-٣
وەکو تەبەڕوکێک بە ناوی خوای بەخشندەوە

**٢/ هەروەکو لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمان پێکرد ، لە عادەت و نەریتی نووسەر ئەوەیە : بە دوعاکردن بۆ قوتابی زانست دەست پێ دەکات و داوای رەحمەتیان بۆ بکات لە خوای گەورە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر**

رەحمەت و بەزەیی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە بە قوتابییەکانیان

دینی ئیسلام لە بنەرەتدا لە سەر رەحمەت بنیات نراوە

**زانست (العلم) : بریتییە لە ناسینەوەی حەق بە بەڵگەکانیەوە، وە دژەکەشی نەفامییە.**

٣) دەربارەی روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زانست و کردار (العلم والعمل) وتراوە: زانسـت بانگی کردار دەکات ئەگەر وەڵامی دایەوە باشـە ئەگەر نا ئەوا کۆچ دەکات و دەڕوات) بۆیـە هیـچ سـوودێک لە زانسـتدا نییـە ئەگەر کردەوەی لە گەڵـدا نەبێت ، جا ئەگەر فێر بوو ئەوا پێویسـتە لەسـەری کار بکات ئەگەر نا ئەوا لێکچواندنێکی لە گەڵ جولەکەدا تیادایە ، چونکە جولەکە زانستیان هەیە بە بێ کردار، ﴿ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ ١٤٦ ﴾ البقرە : ١٤٦ **واتە** : (چاک ئەو (پەیامبەر)ـە دەناسن و هەرچیشی لەگەڵ خۆی هێناوە دەزانن راسـتە، هەرچۆنێ منداڵ و کوڕانی خۆیان دەناسـن.) وە یەکەم کەسـانێک کەوا ئاگریان پێ تاو دەدرێت سـێ کەسـن : لەوانە : زانایەک فێری زانسـت بوو و کاری پێی نەکردووە .

وعالمٌ بعلمهِ لم يعملَنْ مُعذَّبٌ قبلَ عُبّادِ الوَثنْ

واتە: هەر زانایەک کار بە زانسـتەکەی نەکات ئەوا سـزاکەی لەپێش بت پەرسـتانەوە دەبێت.

**سێیەم : بانگەوازکردن بۆی**

***بانگەواز چەند مەرج و رێکخەرێکی هەیە کەوا پێویستە لەسەر ئەوانە بنیات بنرێت ، لە گرنگترینیان :***

(١) دەبێ بانگەوازەکە تەنها بۆ خوای گەورە بێت

(٢) دەبێ بانگەوازەکە لەسەر زانستی شەرعی بنیات نرابێت

(٣) دەبێ بانگەوازەکە بە حیکمەت و دانایی و ئارامگرتن بێت

(٤) دەبێ موراعاتی حاڵی ئەو کەسانە بکات کەوا بانگیان دەکات

## بەڵگە لەسەر ئەم مەرجانە :

خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٨ ﴾يوسف/ (١٠٨) واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) ! بەو خەڵکە بڵێ: ئەمەیە ڕێگەی من خۆم و ئەوەی شوێنم کەوتوون خەڵکی بانگ دەکەین بۆ یەکتاپەرستی لەسەر بنچینەی چاوساغی و بەڵگەی شەرعیی و عەقڵی ، هەمیشەیش خوا لەهەر کەم وکورتیی و ناتەواوییەک بدرێتە پاڵی بێخەوش ڕادەگرم و من لەوانەیش نیم شەریک و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن!) .

قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ / ئاماژە پێکراو ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) هێناویەتی لەو شەرعە ، وە (السبيل) واتە : ڕێگا .

أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ/ ئەوەی بانگەواز دەکات بۆ لای خوا ئەو کەسە دڵسۆزەیە کە دەیەوێت خەڵکی بگەیەنێتە لای خوای گەورە.

عَلَىٰ بَصِيرَةٍ / البصيره : بریتیە لە زانست ، وە زانست لێرەدا ئەمانە دەگرێتەوە :

| (١) | (٢) | (٣) |
|---|---|---|
| شەرع | حاڵی ئەو کەسەی بانگ دەکرێت | ئەو ڕێگایەی دەیگەیەنێتە مەبەستەکە |

هەروەکو ئەوەیە کە نووسەر دەیەوێ بڵێت : ئەگەر فێر بویت و ئەمجار کارت کرد ئەوا پێویستە لەسەرت لەسەر ئەو ڕێگایە برۆیت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵان و پێشینە چاکەکان لەسەری بوون ، خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ ﴾يوسف/ (١٠٨) کەواتە پێویستە بانگەواز بکات .

(١) نووسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت– لە پاش بانگەواز باسی ئارامگرتنی کردووە ، هەروەکو ئەوەی دەیەوێ پێت بڵێت : ئەوەی ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر چەند کاروبارێکی بەسەردا دێت هەروەکو بە سەر پێغەمبەراندا هاتووە ، بۆیە پێویستە لەسەری ئارام بگرێت .

**ئارام گرتن :**

**لە زمانەوانیدا واتە : خۆگرتنەوە**

**لە شەرعدا : خۆگرتنەوەی نەفس لە سەر ئەنجامدانی چەند شتێک و وازهێنان لە چەند شتێک :**

**چوارەم : ئارامگرتن لەسەر ئازارکێشان لە پێناویدا :**

(١) بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو سورەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَٱلْعَصْرِ ١ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ٣ ﴾ العصر: ١ – ٣ **واتە** : سوێند بەکات و ڕۆژگار (١) کەبەڕاستی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بەتایبەت ئەوانەیان کە تەکلیفیان لەسەرە لەزیانێکی گەورەدایە(٢) جگە ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە، وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بەهەق، کە هەمیشە پابەندی هەق بن و ماخولانی ڕاستی بن وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بەسەبرو خۆڕاگریی لەسەر هەق و ئایینی خوا ) .

**پێشەوا ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئارامگرتنی کردووەتە سێ بەشەوە:**

**١/ ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە تاوەکو ئەنجام دەدرێت .**

**٢/ ئارامگرتن لە ئەنجامنەدانی سەرپێچی خوای گەورە تاوەکو لێی بە دوور دەبێت .**

**٣/ ئارامگرتن لەسەر قەدەرە بە ئازارەکانی خوای گەورە.**

(٢) له پاش باسکردنی چوار مەسەلەکە نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەری ، ئەویش لە قورئانی پیرۆزەوە ، کە سورەتی (العصر) ە ، نووسەر –ڕەحمەتی خوی لێ بێت – هەردەم باسی هەر مەسەلەیەک دەکات بەڵگەیشی لە گەڵدا دەهێنێتەوە ، بۆ ؟

| | | |
|---|---|---|
| تاوەکو قوتابی پەروەردە بکات لەسەر شوێنکەوتن نەک لەسەر لاسایی کردنەوە | تاوەکو قوتابی بەڵگەیەکی لا بێت وەڵامی نەیارانی پێ بداتەوە . | تاوەکو قوتابی توانای هەبێت لەسەر دەرهێنانی ئەحکامەکان لە بەڵگەکانیەوە لەسەر بنەماکان |

**پێشەوا (الشافعي)** –ڕەحمەتی خوای لێبێت – فەرمویەتی : (ئەگەر خوای گەورە هیچ حوججەیەکی بۆ سەر دروستکراوەکانی دانەبەزاندبایە تەنها ئەم سورەتە نەبێت ئەوا بەسیان بوو )

وە بوخاری –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی : (بەشی : زانست لە پێش وتە و کردەوەوە)

وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ ﴾ محمد: ١٩ واتە : جا ئەی موحەممەد (ﷺ) ! ئەی ئینسان! بزانە کە بێگومان جگە لە(**الله**) هیچ پەرستراوێکی هەق نیە مافی پەرستنی بێ، دەسا تۆش لەسەر ئەو بیروباوەڕە سابت بەو، هەرگیز نەگۆڕێیت وە بۆ خۆت و ئیمانداران لە پیاوان و ژنان داوای لێبوردنی گوناهان بکە) .

جا بە زانست دەستی پێکرد لە پێش وتە و کردەوە.

١–مەبەستی (الشافعي) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئەم سورەتە بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی ببێتە حوججە بە سەر خەڵکییەوە بۆ ئەوەی فێربن و کار بکەن و بانگەواز بکەن و ئارام بگرن .

ئەی رات چییە بەرانبەر سورەتەکانی تری قورئان ؟ جا قورئان هەمووی حوججە و بەڵگەیە .

٢–ئەمیری ئیمانداران لە فەرموودەدا –ئیمامی بوخاری– لە کتێبەکەیدا (صحيح البخاري) بەشێکی داناوە بە ناوی (بەشی : زانست لە پێش وتە و کردەوەوە) ئەمجار باسی بەڵگەکەشی کردووە، جا بۆیە پێویستە لەسەرەتاوە فێری زانست ببیت لە پێش وتە و کردەوەوە .

بۆیە نابێت کار بکات بە بێ زانست و زانیاری ، ئەگەر نا ئەوە لێکچونێکی تێدایە لە گەڵ گاورەکاندا .

# دووەم : سێ مەسەلەکە

١/ نووسـەر ئەم بەشـەی لە دەقەکە بە دوعاکردن بۆ قوتابی دەستی پێ کردووە .
جا نووسـەر – رەحمەتی خوای لێ بێت– لە (سـێ بنچینەکـەدا) لـە سـێ جێگادا دوعـای بـۆ قوتابی زانسـت کردووە : لە سـەرەتای چوار مەسـەلەکە، ئەمجـار لێـرە لـە سـەرەتای سـێ مەسـەلەکە، وە جێگای سـێ یـەم لـەو جێگایـەی کـە دەفەرموێت:
(**اعلم أرشدك الله لطاعته أن الحنيفية ملة ابراهيم**) .

بزانـە –رەحمەتـی خـوات لێبێت–: کەوا پێویستە لەسەر هەمـوو موسـڵمانێکی پیاو و ژن ئەم سـێ مەسـەلەیە فێر ببێت و کاریان پێ بکات

## پێشەکییەک پێش راڤەکردنی سێ مەسەلەکە :

**یەکتاپەرستی (التوحید):**

**لە زمانەوانیدا :**
چاوگـی وشـەی(**وحَّد یوحِّـد توحیـداً**) ، **وحَّد الشـيء** : ئەگەر شتەکەی کردە یەک دانە .

**لە شەرعدا :**
بـە تاکدانانـی خـوای گـەورە بـەوەی کـە تایبەتە بـە خۆیەوە لە پەروەردگارێتـی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان

## تەوحید دەبێتە سێ بەشەوە :

| تەوحیدی پەروەردگارێتی (الربوبیه): | تەوحیدی خوداوەندێتی (الالوهیه) : | تەوحیدی ناو و صیفاتەكان ( الأسماء والصفات ) : |
|---|---|---|
| بە تاكدانانی خوای گەورە بە كردەوەكانی. یان : بە تاكدانانی خوای گەورە لە دروستكردن وموڵك و بەڕێوەبردندا . | بە تاكدانانی خوای گەورە لە پەرستندا . | بە تاكدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی كە ناوی خۆی ناوە یان وەصفی خۆی كردووە لە كیتابەكەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی كردنی ئەوەی خۆی نەفی كردووە لە خۆی، بە بێ هیچ لادانێك (تحریف) ێك وهیچ لەكارخستنێك (تعطیل) و چۆنییەتیەك(تكییف) و لێكچواندنێك (تمثیل)ێك . |

**ناو و صیفاتەكان تەوقیفین لە سەری رادەوەستێت تەنها لە سەر ئەوەی لە كیتاب و سوننەدا هاتووە ئەویش بەم شێوەیە دەبێت :**

سەلماندنی ئەوەی خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندویەتی لە كیتابەكەیدا یان ئەوەی پێغەمبەرەكەی (ﷺ) سەلماندویەتی.

وە نەفی ئەوەی خوای گەورە نەفی كردووە دەربارەی خۆی لە كیتابەكەیدا یان پێغەمبەرەكەی (ﷺ) نەفی كردووە دەربارەی ئەو ، وەكو: ﴿لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ﴾ البقرە -٢٥٥) ، **واتە** : (نەخەوە نووچكە دای ئەگری و نەخەو دەیباتەوە) (**وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ**) ق -٣٨) واتە : (لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە ماندوو بوونێكیشمان تووش نەهات) بە بێ هیچ لادانێك (تحریف) و هیچ لەكارخستنێك (تعطیل)ێك و بە بێ هیچ چۆنیەتیك (تكییف) و لێكچواندنێك (تمثیل)ێك.

**یەکەم :** خوای گەورە دروستی کردووین و رزق و رۆزی داوین و فەرامۆشی نەکردووین بەڵکو پێغەمبەرێکی بۆ ناردوین ، جا هەرکەسێک گوێڕایەڵی بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە و هەرکەسێک سەرپێچی بکات ئەوا دەچێتە ئاگرەوە . وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَٰهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا ﴿١٥﴾ فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذْنَٰهُ أَخْذًا وَبِيلًا ﴿١٦﴾ ﴾ (المزمل) (١٦)) واتە : خۆ بەڕاستی ئێمە پەیامبەرێکمان (موحەممەد) (ﷺ) بۆ رەوانە کردوون، بۆتە شایەد بەسەرتانەوە کەهەرچیمان بەسەرا داوە پێی راگەیاندوون، ئێوە هیچ بروبیانوویێکتان نەماوە ، هەروەک چۆن بۆلای فیرعەونیش پەیامبەرێکمان (مووسا) (علیه السلام) رەوانە کرد، تاتێی بگەیەنێت(١٥) جا فیرعەون سەرپێچی کرد لەپەیامبەرەکەو لەفەرمانی دەرچوو و بڕوای نەهێناو داوای خوایەتی دەکرد..! ئینجا ئێمەش زۆر بەتوندی پێچامانەوەو قارمان لێگرت، ئەوەبوو خۆی و تاقمەکەی لە دەریادا خنکان. جا ئێوەش ئەی قورەیش ! بێدارو هۆشیار بن پێش ئەوەی قارتان لێبگرین(١٦)

## پوختەی سێ مەسەلەکە :

**مەسەلەی یەکەم :** تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو و صیفاتەکان .

**مەسەلەی دووەم :** تەوحیدی خوداوەندێتی .

**مەسەلەی سێیەم :** بەریبون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان).

(١) لە مەسەلەی یەکەمدا نووسەر تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو و صیفاتەکانی تێدا سەلماندووە، (**أن الله خلقنا**) **واتە**: (خوای گەورە دروستی کردووین) ئەویش (الخالق) ە (ورزقنا) واتە: ( وە رزق و رۆزی داوین) ئەویش (**الرزّاق**)ە ، (**ولم يتركنا هملا**) واتە: (فەرامۆشی نەکردووین - جێی نەهێشتوین) بە لەکارخستنی نە فەرمانەکانی و نە نەهییەکانی ، (**بل أرسل إلينا رسولا**) واتە : ( بەڵکو پێغەمبەرێکی (ﷺ) بۆ ناردووین .

## مەبەست لە ناردنی پێغەمبەران لە لایەن خوداوە :

ئیقامە کردنی حوججە لە سەر خەڵکی: ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴾(١٥)الاسراء) واتە : و ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە ، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە) .

ڕەحمەت و بەزەیی: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾(١٠٧)الانبیاء) واتە : ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانییەک بیت بۆ هەموو جیهانیان تادەستیی تەواوی مەردوم بەرەو هیدایەت و ڕێگەی بەختیاریی بگری).

### مەسەلەی دووەم سەلماندنی خوداوەندێتی تیادایە بۆ خوای گەورە .

نووسەر دەڵێت : ( خوای گەورە ڕازی نابێت کە هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە شەریک ) ، وشەی : (أحد) (نكره)یە هەموو کەسێک دەگرێتەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) یان وەلی یان جنۆکە یان پیاوچاک یان جگە لەوانە ، هەرکەسێک بێت .

بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ ﴾ الجن: ١٨

**دووەم** : خوای گەورە ڕازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە هاوەڵی لە پەرستنیدا نە فریشتەیەکی نزیککراو و نە پێغەمبەرێکی نێردراو . وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ ﴾(١٨)الجن) واتە : (وە خوا وەحی بۆ کردوم کە بەڕاستی مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوادا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، واتە: هەر خوا بپەرستن تیایانداو، وێنەو نیگاری بتانی تیا هەڵ مەواسن و هاواریش تەنها لەو بکەن).

**له ماناى (المساجد)دا سێ را هەیە – دەکرێت جەمع لە نێوانیاندا بکرێت**

| | | |
|---|---|---|
| ئەو مزگەوتانەی کە بنیات نراون تاوەکو خوای گەورەی تیادا بپەرسترێت | ئەندامەکانی سوژدە بردن | زەوی : (**وجُعِلَتْ ليَ الأرضُ مسجداً وطهورا**) رواه البخاري (٣٣٥ . ٤٣٨). واتە : هەموو زەویم بۆ کراوەتە جێ نوێژگە و پاکی |

لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا : (أحداً) (نکرە)یە لە سیاقی نەهیدا هاتووە ، کەواتە هەموو کەسێک دەگرێتەوە ، بۆیە پێشەوا –رەحمەتی خوای لێ بێت – لە سەرەتای مەسەلەی دووەمدا دەفەرموێت : (خوای گەورە رازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە شەریک ) واتە هەرکەسێک بێت پێغەمبەر (ﷺ) بێت یان وەلی یان جنۆکە یان پیاوچاک .

**سێیەم :** هەرکەسێک گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوای کرد(ﷺ) و خوای گەورەی بە تاک دانا دروست نییە بۆی دۆستایەتی و لایەنگیری ئەو کەسانە بکات کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن هەرچەندە نزیکترین کەسە نزیکەکان بێت ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ المجادلة:٢٢ **واتە :** هیچ کۆمەڵێ نابینیت کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی بێت دۆستایەتی ئەوانە بکەن دژایەتی خواو پەیامبەرەکەی دەکەن ! هەرچەندە ئەوانە باوکیان ، یان کوڕو نەوەیان، یا براو عەشرەتیان بن، بە کورتیی: مرۆڤی باوەڕدار نابێ بە هیچ شێوەیەک دۆستایەتی بکا لەگەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەردا ئەگینا لەوان دەژمێردرێن ئەوانە - کەلەدۆستایەتی دوژمنانی خوا خۆئەپارێزن- کەسانێکن خوا ئیمان و باوەڕی لەنێودڵیاندا چەسپاندووە، بەهیچ شتێ لەق نابێت، وە پشتگیری کردوون بە سەرخستن لە لایەن خۆیەوە و لەپاشە ڕۆژیشدا ئەیانباتە نێو چەند باخاتێکی بەهەشتەوە کە جۆگە ئاوی زۆر لە ژێر درەختەکانیدا ئەڕوات بەهەتا هەتاییش تییدا دەبن خوا لییان خۆشنوود و ڕازیی بووە، ئەوانیش لە خوا ڕازیی بوون ئا ئەوانە گرووپەکەی خوان ئاگادار و هۆشیاربن! کە هەر گرووپەکەی خوان بەرەوەکان لەدونیاو، لەقیامەتدا).

**مەسەلەی سێیەم :** نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێ- واجب بوونی بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی تیادا ڕوون کردووەتەوە .

**بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی بە**

**دڵ**

**زمان**

**ئەندامەکان دەبێت**

**١/ بـه دڵ :** بـەوەی کـە رقـت لە بێباوەڕ و جەژن و ئاهەنگەکانیان بێت ، بە تایبەتی ئەو شیرک و بیدعانە لای ئەوان هەیە.

**٢/ بـه زمـان :** ﴿ إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ﴾الزخـرف/٢٦ واتە : بێگومان من لەو خوایانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن، بێزارو بەریم) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ٦ ﴾ (الکافـرون) واتـە : ئـەی موحەممەد (ﷺ)! بڵێ: ئەی هۆزی کافرو بێباوەڕان! دارو بەرد پەرسـتان! خوا نەناسـان! (١) ئەوەی ئێوە دەیپەرسـتن مـن ناپەرسـتم، مـن چـی لەدارو بـەرد بکـەم؟(٢) وە ئـەوەش من ئەیپەرسـتم ئێوە ناپەرسـتن، چونکـە مـن خوایەکـی هەق و راسـت ئەپەرسـتم، ئێوەیـش دارو بەردو ئەندێشـە، دیارە ئەم دوانەش فەرق و جیاوازییان زۆر زۆرە(٣) وە منیش پەرەسندەی ئەوە نیم کە ئێوە پەرسـتووتانە و دەیپەرسـتن(٤) ئێوەیش پەرەسندەی ئەو زاتە نین کەمـن ئەیپەرسـتم. بەکورتیـی: لـە هیچ کاتێکـدا ئێوە بەتەمای ئـەوە مەبن کە من بت و خواکانتـان بپەرسـتم، ئەگەرچـی ئێـوەش حەقتانـە خواکەی من بپەرسـتن، چونکە خواکەی من هەقە و راستە، بەڵام خواکانی ئێوە ناهەقەو ناراست(٥) جاکەوابوو دین و ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و، منیش دین و ئایینی خۆم بۆ خۆم(٦)

**٣/ بـه ئەندامـەکان :** ئەویـش بە بەشـداری نەکردنیان دەبێت لـە ئاهەنگەکان یان نەریتە ئاینیەکانیان یان جلوبەرگەکانیان یان ئەوەی ئەوان لە سەرین لە هەر بیروباوەڕێک .

## سێیەم : گرنگی خوێندنی تەوحید :

**الحنيفية**

**لە زمانەوانیدا**

لە وشەی (الحنف)ەوە وەرگیراوە ئەویش بە مانای لادان دێت .

**لە شەرعدا**

ئەو میللەتەیە کە لە شیرک لایداوە و رووی کردووەتە ئیخلاص و تەوحید و ئیمان : ﴿ قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا ﴾ **واتە** : رووی کردووەتە خوا و پشتی لە شیرک کردووە ، جا (الحنیف) ئەو کەسەیە کە هەردەم دەگەڕێتەوە بۆ لای تەوحید و لە شیرک دوور دەکەوێتەوە .

بزانە –خوای گەورە ڕێنموییت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی– کەوا حەنیفییەتی میللەتی ئیبراهیم بریتییە لە :
خوای گەورە بپەرستیت بەتاک و تەنها و دینداری بە ئیخلاصەوە بۆ ئەو ئەنجام بدەیت ، هەر بەوەش خوای گەورە فەرمانی کردووەتە هەموو خەڵکی و هەر لەو پێناوەدا دروستی کردوون ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاریات/٥٦ وە مانای یعبدون: واتە : بە تەنها بمپەرستن .
وە گەورەترین شت خوای گەورە فەرمانی پێکردبێت تەوحیدە ، ئەویش بریتییە لە : بە تاکدانانی خوای گەورەیە لە پەرستندا .
وە گەورەترین شت خوای گەورە نەهی لێ کردبێت شیرکە ئەویش بریتیە لە : داواکردن و هاوارکردن لە جگە خوا لەگەڵ خوادا .

**٣/** لێرەدا نووسەر هۆی خوێندنی تەوحید روون دەکاتەوە ، وە لە پێشدا باسی گرنگیەکەیمان کرد .

## پێناسەی تەوحید -هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد

**لە زمانەوانیدا**

چاوگی وشەی (**وحَّد یوحِّد توحیداً**)، **وحَّد الشيء**: ئەگەر کردیە یەک دانە .

**لە شەرعدا**

بە تاکدانانی خوای گەورە بەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگارێتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان.

نووسەر دەڵێت : (ومانای یعبدون : یوحِّدون ، بە تەنها بمپەرستن) ، ئەمەش قسەی (ابن عباس) ە -رەزای خوای لێ بێت - ، ابن عباس دەفەرموێت : ( هەموو (عبادە)تێک لە قورئاندا مانای تەوحیدە ) . (**وَاعْبُدُوا اللَّهِ**) واتە : خوای گەورە بە تەنها بزانن -بە تەنها بیپەرستن- ،(**يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ**) واتە : ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بە تەنها بزانن -بە تەنها بیپەرستن-.

## چوارەم : سێ بنچینەکە

**جا ئەگەر پێیان وتی : ئایە ئەو سێ بنچینەیە چییە کەوا پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک بیزانێت؟**

ئەوا بڵێ: ناسینی پەروەردگار و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی (محمد)ە (ﷺ) لە لایەن بەندەوە .

وە ئەگەر پێیان وتی : پەروەردگارت کێیە ؟ ئەوا بڵێ : پەروەرگاری من (اللّه) یە کە پەروەردەی کردووم و هەموو جیهانیانی پەروەردە کردووە بە نیعمەتەکانی ، هەر ئەویش پەرستراوی منە و جگە لەو پەرستراوی ترم نییە . وە بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ الفاتحة: ٢ وە هەموو شتێک جگە لە (اللّه) بوونەوەر و دروستکراوە ، وە منیش یەکێکم لەو بوونەوەر و دروستکراوانە .

(١) نووسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت – دەستی کردووە بە باسکردنی سێ بنچینەکە، کە ئەویش خۆی لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕدا دەبینێتەوە ، وە بیری خوێنەر یان بیسەری وروژاند بە پرسیارێک و وەڵامیشی دایەوە.

(٢) نووسەر – رەحمەتی خوای لێ بێت– بنەمای یەکەمی روون کردەوە و ئەوەشی روون کردەوە کەوا پەروەردگار و ئەو کەسەی شایستەی پەرستن بێت تەنها (اللّه) یە ، ئەمجار بەڵگەکەشی باس کردووە ، ئەویش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ الفاتحة:٢ جا پەروەردگار ئەوەیە کە دەپەرسترێت (پەرستراوە).

﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾
**ئەم ئایەتە هەر سێ جۆرەکەی تەوحیدی لە خۆی گرتووە :**

| ﴿ ٱلۡحَمۡدُ ﴾ ئەمە سەلماندنی تەوحیدی ناو و صیفاتەکانی تیادایە | ﴿ لِلَّهِ ﴾ سەلماندنی تەوحیدی خوداوەندێتی تیادایە | ﴿ رَبِّ ﴾ سەلماندنی تەوحیدی پەروەردگارێتی تیادایە |
|---|---|---|

(٣) واتە : هەرچی شتێک هەیە جگە لە خوا دروستکراوە ، وە ئەگەر منیش دروستکراو بم ئەوا پێویستە هەستم بە سوپاسگوزاری ئەو دروستکار و نیعمەت ڕێژ و خاوەن فەزڵە .

**جا ئەگەر پێیان وتی :** بە چی شتێک پەروەردگارەکەت ناسیەوە ؟ ئەوا بڵێ : بە ئایەتەکانی و دروستکراوەکانی ، وە لە ئایەتەکانی شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ ، وە لە دروستکراوەکانی حەوت ئاسمانەکە و حەوت زەوییەکە و ئەوەی تیایانداییە و ئەوەی لە نێوانیاندایە . بەڵگەش لەسەری ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ وَٱسۡجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴾ فصلت: ٣٧ واتە : (لە نیشانەکانی تاک و تەنیایی خوایە: شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ، چونکە هەر یەکەیان بە چەند بەرنامەیەکی قەشەنگ و ڕێک و پێک دامەزراون

و کاری خۆیان دەکەن ، دەسـا ئێوەش نە بۆ خۆر سـوژدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونکە ئەوانە هەردوو دروستکراوی خودان و ئەوانیش سـوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ، ئێوە سـوژدە هەربۆ ئەو خودایە بەرن ئەوانی دروستکردووە ئەگەر دەتانەوێ بەهەقیانەت خودا بپەرستن.)

وە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ يُغۡشِى ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأعراف: ٥٤

واتە : (بەڕاستیی هەر خوای پەروەردگاری ئێوە بوو توانی ئاسمانەکان و زەویی لەماوەی شەش ڕۆژدا دروست بکات، ئەوسایش بەوشێوەیە کە شایستەو شیاوی زاتی خۆی بێت ‹جل جلاله› چووە سەر عەرشی خـۆی، ڕۆژ بە شـەو دائەپۆشـێ، ڕۆژیش بە پەلە دەکەوێتە شـوێنی شەو پەروەردگارتان خۆرو، مانگ و، گشت ئەستێرەکانی دروستکرد هەموویشان لە ژێردەستی ئەودا ڕامکراون و، بە پێی یاسای ئەویش دێـن و دەچـن چاکیش بزانن! کە دروسـتکردن و تەگبیـر و فەرمانی بـۆ بـە ڕێوەبردنـی هەمـوو بوونەوەر، هەر بەدەسـتی ئـەوە زۆر بە بەرەکـەت و گەورەیـە خوایـەک کـە پـەروەردگاری گشـت جیهانـە)

(١) نووسـەر –ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت– دەسـتی کـردووە بـە باسـکردنی کۆمەڵێـک لـە ئایەتـە گەردوونیـەکان و دروسـتکراوەکان کە بەڵگەن لەسـەر بوونـی خـوا ، ئـەوە دەسـەلمێنن کـەوا هیـچ پـەروەردگار و دروسـتکار و پەرسـتراوێکی بـە حـەق نییـە تەنهـا (اللّه) نەبێـت ، ئەمجـار چەنـد بەڵگەیەکـی بـۆ هێناوەتـەوە لـە قورئـان هەروەکـو لـە دەقەکـەدا هاتـووە . وە هەمـوو دروسـتکراوێک لـە دروسـتکراوەکان نیشـانە و بەڵگەیـە لەسـەر بوونـی خـوا ، بـەڵام شـێخ جیـاوازی کـردووە لـە نێـوان ئایەتەکان و دروسـتکراوەکاندا ، چونکـە ئایـەت دەگۆڕێـت وەکـو شـەو و ڕۆژ ، جا ئـەوەی کـە دەگۆڕدرێت بەڵگـەی بەهێزتـرە لـەوەی کـە ناگۆڕدرێت .

وە پـەروەردگار ئـەو کەسـەیە کە دەپەرسـتریێت ( پەرسـتراوە ) ، وە بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە ئـەو ئایەتەیە کە خـوای گەورە دەفەرمویێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾البقـرة:٢١-٢٢ واتـە : ئـەی خەڵکینە! تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرسـتن کە ئێوەو پێشـووەکانی ئێوەی لەنەبوون دروستکردووە چونکە ئاوا پەرستنێک هێـزی پارێـزگاری دروسـت دەکاو، بەڵکو ئێوەش خـۆ بپارێزن (٢١) خوایەکـی وایـە زەوی بـۆ ئامادەکـردوون و کردوویەتـی بـە ڕایـەخ تـا بەئاسـانی لـە سـەری بژیـن و بـەلای سەرووشـتانەوە -وەک گومەزیی و کۆشـک- ئاسـمانی ڕاگرتووە لەو حەوایشـەوە ئاوێکی بۆ باراندن ئینجـا بـەو بارانە جۆرەها میـوەو ڕۆزی بـۆ فەراهەم هێنان و شـینی کـرد جا کە وابـوو ئێوەش چـاک بیپەرسـتن و، هیچ جۆرە هاوبەشـێکی بۆدامەنیـن و، تەنهـا یاسـاو بەرنامەکـەی ئـەو وەرگرن دەخـۆ خۆیشـتان چـاک دەزانن کـە ئەوجۆرە بتانە هیچیان بەدەسـت نیەو، تەنها خوای گەورەیە ڕۆزیی و دارایی و سـامانتان دەداتیّ(٢٢) ابـن کثیـر - ڕەحمەتـی خـوای لـیّ بێـت - دەفەرمویێـت : دروسـتکاری ئـەم شـتانە هـەر ئـەوە شـایەنی پەرسـتن بێـت .

٢) ئەم ئایەتە لە سورەتی (البقره)یە ، هەندیّ لە زانایان فەرموویانە: ئەم ئایەتە یەکـەم بانگـەوازی تیادایە لە قورئانـدا : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾ ، وە یەکەم فەرمانی داخـوازی تیادایـە لە قورئاندا : ﴿ ٱعْبُدُواْ ﴾ واتە: بە تاکی بزانن لە پەرسـتندا. وەیەکەمنەهی‌تیادایەلەقورئاندا:﴿ فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾نەهیکردنە لەشیرک، (٣) واتە : ئەوکەسەی کە تەنهایە لە تەوحیدی پەروەردگاریێتیدا پێویستە بە تەنها بزانریێت لە تەوحیدی خوداوەندیێتیدا.

**وە جۆرەکانی پەرستن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە :** وەکو ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ، وە هەر لەوانە : پاڕانەوە (الدعاء) و ترس (الخوف) و تکاکردن (الرجاء ) و پشت بەستن (التوکل ) و حەزکردن و ئارەزووکردن (الرغبة ) و ترس و بیم (الرهبة) و ملکەچی وتەسلیم بوون (الخشوع) و ترس (الخشیه) و گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە (الانابه) و کۆمەک خوازی (الاستعانة) و هانابردنەبەر (الاستغاثة) و سەربڕین (الذبح ) و نەزر (النذر) ، وە جگە لەوانە لە جۆرەکانی خواپەرستی کەوا خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ، هەمووی دەبێ بۆ خوا بێت ، وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴾ الجن: ١٨ واتە : وە خوا وەحی بۆکردوم کە بەڕاستی مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوادا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، واتە: هەر خوا بپەرستن تیایانداو، وێنەو نیگاری بتانی تیا هەڵ مەواسن و هاواریش تەنها لەو بکەن) جا ئەگەر کەسێک هەر یەکێک لەو پەرستنی بۆ جگە لە خوا ئەنجامدا ئەوا کەسێکی موشریکی بێباوەڕە ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾ المؤمنون: ١١٧واتە: ئەوەی لەگەڵ خوادا هانا بۆ خوایەکی تر دەبات و، دەیپەرستێ هیچ بەڵگەیەکیش نیە لە سەر شیاوی بۆ پەرستنایە تی ئەوە هەر پرسینەوەی کارو کردەوەکانی لای پەروەردگاریەتی، وە نایگەیەنێت بە بەختیاری، چونکە کافرو بێباوەڕە ، دەی خۆ بێباوەڕەکان هەرگیز بەختیارو ڕزگار نابن، بەڵکو تەنها بڕواداران پیرۆزو بەختیار ئەبن) .

وه بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠ ﴾ غافر: ٦٠ واتە : و پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپاڕێنەوە ، منیش وەڵامتان دەدەمەوە، بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنم بە تەنیا بێگومان بە سەرشۆڕی و بە بچووکی دەچنە دۆزەخەوە).

لە پاش قسەکەی (ابن کثیر) نووسەر باسی چەند جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستنی دڵ و جەستەی کردووە لە گەڵ هێنانەوەی بەڵگە لە قورئاندا بۆ هەر کارێک لەوکارانە ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**پاڕانەوە (الدعاء) :** دەبێتە دوو بەشەوە :

**پاڕانەوەی پەرستن :**
بریتییە لە پاڕانەوە بە زمانی حاڵ، وەکو نوێژ و ڕۆژوو و حەج . ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە .

ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە .

**پاڕانەوەی داواکردن :**
بریتییە لە پاڕانەوە بە زمانی وتن، وەکو ئەوەی کەسێک دەڵێت : لێم خۆشبە، ڕەحمم پێ بکە .

حوکمەکەی ڕوونکردنەوەی تیادایە ، ئەویش دەکرێتە دوو بەشەوە وەکو ئەوەی لە خوارەوە باسکراوە

**پاڕانەوەی داواکردن :** دەکرێتە دوو بەشەوە

**ئەوەی هیچ کەسێک توانای لەسەری نییە تەنها خوا نەبێت**
بۆیە ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە

**ئەوەی کە مرۆڤ توانای لەسەر هەیە**
دروستە بە چەند مەرجێک :

ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت زیندوو بێت، بەم مەرجە مردووەکان وەدەرهاتن .

ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت ئامادە بێت ، بەم مەرجە کەسی ئامادەنەبوو (غائب) وەدەرهات .

ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت توانای هەبێت ، بەم مەرجە کەسی بێ توانا وەدەرهات .

داواکار باوەڕی وا بێت کەوا کەسی داوا لێکراو تەنها هۆکارێکە و خودی خۆی هیچ کاریگەرییەکی نییە .

بەڵام ئەگەر باوەڕی وا بوو کەوا کەسی داوالێکراو تەصەروفێک و بەڕێوەبردنێکی شاراوەی هەیە لە گەردووندا و بە دەست هێنانی قازانجەکان و دوور خستنەوەی زیانەکانی بە دەستە ، ئەوە شیرکە .

- **تێبینی :**

ئێمە حوکم لەسەر کارەکە دەخوێنین ، بەڵام حوکم لەسەر کەسەکە –بکەرەکە- ئەوا پێویستی بە ئیقامە حوجە و نەهێشتنی گومان هەیە .
وە تەنها زاناکان حوکم لەسەر بکەرەکەی دەدەن کەوا ئیماندارە یان کافرە .

## خەڵکی لە باوەڕبوونیان بە هۆکارەکان بوونەتە سێ بەشەوە :

**(١)**
بەشێکیان باوەڕی وایە و ئەوەی خوای گەورە کردویەتیە هۆکار ئەمیش دەیکاتە هۆکار .
**ئەمەش راست و دروستە**

**(٢)**
بەشێکیان باوەڕی وایە و ئەوەی خوای گەورە نەیکردوەتە هۆکار کەچی ئەم دەیکاتە هۆکار .
**ئەمیش شیرکی بچوکە**

**(٣)**
بەشێکان باوەڕی وایە کەوا هۆکارەکان خۆدی خۆیان کاریگەریان هەیە و بە دەست هێنانی قازانج و دوور خستنەوەی زیانەکانی بە دەستە.
**ئەمەش شیرکی گەورەیە**

**هۆکارە شەرعییەکان**
وەکو روقیەی شەرعی ، جا خوای گەورە روقیەی کردووەتە هۆکارێکی شەرعی بۆ لادان و نەهێشتنی نەخۆشی .

**هۆکارە هەست پێکراوەکان (الحسیە)**
وەکو دەواو دەرمان ، جا خوای گەورە کردویەتیە هۆکارێک بۆ شیفاو چارەسەر.

ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت: (**الدعاء مخ العبادة**)[1] فەرموودیەکی (ضعیف)ە، وە فەرموودە راست و دروستەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت :(**الدعاء هو العبادة**)[2] .

## چۆن دوعا دەبێتە پەرستن ؟

ئەو ئایەتەی کە دەلالەتی لە سەر دەکات : ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر: ٦٠
خوای گەورە دەفەرموێت : (**عِبَادَتِي**) ئەمەش بەڵگەیە کە دوعا پەرستنە .

---

١) قال الشيخ الألباني : ( ضعيف ) انظر حديث رقم : ٣٠٠٣ في ضعيف الجامع
٢) صحيح ( صحيح سنن ابن ماجة ٣٨٢٨ , صحيح سنن الترمذي ٢٥٩٠)

**وە بەڵگـەی تـرس** ئـەو ئایەتەیە کـە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ آل عمران : ١٧٥ واتە : جا ئەگەر باوەڕتان بەهێزە، لەوان مەترسن ، لەخۆم بترسن).

وە بەڵگەی تکاکردن (الرجاء) ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ﴾الکهـف: ١١٠ واتـە : ئینجـا هەرکەسـێک لەئێوە ئومێـدی بەگەیشـتنی دیـداری پـەروەردگاری خۆی هەبێ لـەدوارۆژدا بـا کاری چـاک وکردەوەی دروسـت ئەنجام بدات وە لە پەرسـتنی پەروەردگاری خۆیدا هیچ کەسـێک نەکاتە هاوتاو هاوبەشیی و رووپامایی نەکات، چونکە خوا تەنها دڵسـۆزیی وئیخلاس وەرئەگرێ، نەڕییاو رووپامایی وشیرک و هاوبەش دانان..

(١) **تـرس** : بریتیـە لـە هەڵچوونێک بە هـۆی گومانی روودانی لـە ناوچوون یان زیـان یـان ئازارێـک روودەدات، وە خـوای گـەورە نەهی کردووە لە ترسـان لە ئەولیای شەیتان و فەرمانی کردووە بە ترسان تەنها لە خۆی .

**ترس سێ جۆرە :**

**(١)** ترسی پەرستن و بە مەزن زانین و نهێنی :

ئەویش ترسی کەسی عابدە لە پەرستراوەکەی، وە زەلیلی نواندن و ملکەچبوون و بە مەزن زانینی تیادایە بۆ پەرستراوەکە، ئەم جۆرەش واجبە بۆ خوا بێت وە ئەنجامدانی بۆ جگە لەخوا شیرکی گەورەیە.

**(٢)** ترسی سروشتی (جبلی)

وەکو ئەوەی کەسێک دەترسێت لە ئاگر و دوژمن و ئاژەڵێکی دڕندە .... هتد، ئەمەش ئاساییە و ڕێگەپێدراوە (مباح)ە .

**(٣)** ترسی حەرام :

وەکو بێ ئومێد لە رەحمەتی خوا یان گوێڕایەڵی کردنی دروستکراوێک لە سەرپێچی دروستکاردا .

**(٢) تکاکردن (الرجاء) :** ئومێد و تەماحی مرۆڤ بۆ دەستکەوتێکی نزیک وە رەنگە دەستکەوتێکی دووریش بێت وەکو دابەزاندنی بۆ جێگایەکی نزیک .
وە ئەو تکایەی کە زەلیلی و ملکەچبوونی لە گەڵدایە تەنها بۆ خوای گەورە دەبێت ، وە ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە.
وە تکاکردنی ستایشکراو (محمود) ناکرێت و نابێت ئیللا بۆ کەسێک نەبێت کە بە گوێڕایەڵی خوا کاری کردووە و تکای پاداشتەکەیەتی یان تەوبەی کردووە لە سەرپێچیەک و تکای وەرگرتنی تەوبەکەی دەکات ، بەڵام تکایەک بە بێ کردار ئەوە لەخۆبایی بوونە و ئومێدێکی خراپە (نەویستراوە) .

وه بەڵگەی پەناگرتن (التوكل) ئەو ئایەتەیە کەخوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ المائدة: ٢٣ واتـە : و دەبـێ بۆ سـەرکەوتنش تەنها پشت بەخوا ببەستن، ئەگەر ئێوه بڕوای ڕاستەقینەتان هەیە)
وه ئەو ئایەتە :﴿ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ﴾ الطلاق: ٣ واتە : وەهەرکەسێک پشت بەخوا ببەستێ دوای بەکار هێنانی هۆکار، ئەوه تەنیا خوای بەسەو کاروباری بۆ ئاسان دەکات)
وه بەڵگەی ڕەغبەت و ترس و ملکەچی وتەسـلیمبوون (الرغبة و الرهبـة و الخشـوع) ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێـت : ﴿ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴾ الأنبیـاء: ٩٠ واتـە : چونکـە ئـەوان هەموویـان لـە کاری خێرو چاکەدا بەردەوام پەلەو تالوکەیان دەکرد هەمیشە لەبـەر هیوای میهرەبانی و ڕەحمەتـی ئێمەدا نزایان دەکرد، وه لەترسی دۆزەخ هاواریان دەکرد لە ئاست ئێمە هەمووکات خۆ بەکەم زان و ملکەچی کارو فەرمانی ئێمە بوون.)

## (ا) پێناسەی (التوكل) :

**لەزمانەوانیدا:**

(توكل) کردن لە سـەر شـتێک واتـە : پشـت بەستنە پێی .

**لە شەرعدا :**

پـشـت بـەسـتـنـێـکـی ڕاسـتـیـیـە بـە خـوای گــەورە لــە گـەڵ سـیـقـەبـوونـە پـێـی ، وە گـرتـنـە بـەری هـۆکـارە دروستەکان (شەرعیەکان) .

**بۆ جێبەجێ کردنی پشت بەستن (توکل) پێویستی**
**بە سێ کار هەیە :**

| راستی | متمانەی | گرتنە بەری هۆکارە دروستەکان (شەرعیەکان). |
| --- | --- | --- |
| لە پشت بەستنەکە لەسەر خوای گەورە . | بەوە هەبێت کەوا خوای گەورە ئەو بەڵێنەی داویەتی جێ بە جێ دەکات . | |

(٢) **رەغبەت (الرغبة)** : حەز کردن لە گەیشتن بە شتێکی خۆشەویست .
**تـرس و بیم (الرهبة)** : ترسـێکە کـە بەرهەمەکەی هەڵاتنـە لەوەی لێی دەترسێت، جا ئەوە ترسێکە کرداری لە گەڵدایە .
**ملکەچبوون وتەسلیم بوون (الخشوع)** : زەلیلـی و ملکەچبوون بـۆ گەورەیی و مەزنـی خـوای گەورە ، بە شـێوەیەک تەسـلیمی قەزای شـەرعی و کەونی خوای گەورەی بێت .

ئـەو کەسـەی بـۆ لای خـوای گەورە دەچێت پێویسـتە لە سـەری لە نێوان ترس و رەجادا لەخۆیدا کۆ بکاتەوە بکاتەوە ، لایەنێکی زاڵ نەکات بەسەر لایەنەکەی تردا بیبێتە هۆی کەوتن و لە ناوچوونی ، بۆیە پێویسـتە ترس و رەجای هەبێت وەکو دوو باڵی باڵندە .

وە بەڵگەی ترس (الخشية) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێـت:
﴿ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِي ﴾ البقرة: ١٥٠ واتە : دەسا ئێوە لەو پیلانی ستەمکارانە مەترسـن و گوێ بۆ قسەشـیان مەگرن دەبێ هەر لەخۆم بترسـن، لە من شـەرم بکـەن و پەیڕەوی لـەم پەیامبەرەی منە بکەن و، هەر لەسـەر ئەو ڕووگە تازەیەش بن).
وە بەڵگەی گەڕانەوە (الانابة) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێـت:

﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ ﴾ الزمر: ٥٤ واتە : بگەڕێنەوەو بۆلای خواوەندتان و ملکەچی فەرمانی ئەوبن).

وە بەڵگەی پەناگرتن (الاستعانة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾ الفاتحة: ٥ واتە : خوایە تەنها هەر ئەتۆ دەپەرستین، تەنیا بەرنامەو پرۆگرامەکەی تۆمان لاپەسەندە، هەر گوێ ڕایەڵ و ملکەچی تۆ دەبین، وە تەنها هەر لەتۆ داوای یارمەتیی و کۆمەک دەکەین، تەنها ئەتۆی کەبتوانی لەرۆژە سەختەکاندا یارمەتیمان بدەیت و سەرمان خەیت بەسەر دوژمنی خۆت و ئێمەدا) وە لە فەرموودەیەکدا هاتووە : (**إذا اســتعنتَ فأســتعن بالله**) واتە : وە ئەگەر پەنات گرت ئەوا تەنها پەنا بە خوا بگرە .

وە بەڵگەی (الاستعاذة) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾ الفلق: ١ واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) ! بڵێ: پەنا دەبەمە بەر پەروەردگاری سپیایی بەرەبەیان، ئەو خوایەی کەپەردەی نەبوونی لەت کردوو بوونەوەری لێدەرهێنا ).

وە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ الناس: ١ واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) !(ئەی موسڵمان !) بڵێ: پەنا ئەبەمە بەر پەروەردگاری خەڵک)

وە بەڵگەی فریادرەسی (الاستغاثة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت :﴿ إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ ﴾ الأنفال: ٩ واتە: وەبیر بێنن ئەودەمە کەناڕەحەت ودڵ نیگەران بوون و، هاناتان بۆپەروەردگارتان برد ، ئەوا پەروەردگارتان وەڵامی دانەوە) .

وە بەڵگەی سەربڕین (الذبح) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ﴾ الأنعام: ١٦٢ - ١٦٣ واتە : دیسان بڵێ: بە ڕاستی نوێژ و حەج و قوربانیی و ژیان و مردنم گشت هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە (١٦٢) کە هیچ هاوەڵێکی بۆ نییە....) وەلە سوننەتدا هاتووە : (**لعن الله مــن ذبح لغير الله**) واتە : خوای گەورە لەعنەتی کردووە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا سەردەبڕێت).

**الخشية**: بریتییە لەو ترسەی کە بنیات نراوە لەسەر زانینی گەورەیی و کەمالی سوڵتانی ئەوەی لێی دەترسێت .

الانابە : واتە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە ، ئەویش بە هەستان بە گوێڕایەڵیەکانی و دوور کەوتنەوە لە سەرپێچیەکانی ، ﴿ وَأَنِيبُوٓا۟ ﴾واتە : بگەڕێنەوە ﴿ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ ﴾ واتە : هەموو کارەکەت تەسلیمی خوای گەورە دەکەیت ، چونکە تۆ بەندەی ئەوی ، وە بەندەش دەبێت تەسلیمی گەورەکەی ببێت ، وە گەورەش (السيد) خوای گەورەیە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ( **السيد الله**)[٣] .

**الاستعانة**: واتە : داواکردنی یارمەتی . ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ لەم ئایەتەدا پێشخستنێکی تیادایە کە حەقی ئەوە بوو دواکەوێت[٤] ، ئەمەش دەلالەت دەکات لەسەر (حصر) ، واتە : هیچ کەسێک ناپەرستین تەنها تۆ نەبێت و پەنا بە هیچ کەسێک ناگرین تەنها بە تۆ نەبێت .

**الاستعاذة**: واتە : داواکردنی داڵدەدان ، ئەویش بریتیە لە پاراستن لە هەر نەخوازراوێک ، ﴿ أَعُوذُ ﴾ واتە : خۆم دەدەمە پاڵی و پشتی پێ دەبەستم .

**الاستغاثة**: واتە : داواکردنی فریاکەوتن (هانا بۆ بردن) ، ئەویش بریتیە لە رزگار کردن لە نارەحەتی و لە ناوچوون .

> (الاستعانة و الاستعاذة و الاستغاثة و الشفاعة) دروستە لە دروستکراوەکان داوا بکرێت لە شتێکدا توانای لەسەر بێت بە چوار مەرج : دەبێت زیندوو بێت و ئامادە بێت و توانای هەبێت و هۆکار بێت .

سەربڕین (**الذبح**) : دەرچوونی رۆحە لە جەستە بە خوێن رشتن بە شێوەیەکی دیاری کراو .

---

٣) صحيح ، المشكاة ( ٤٩٠١ ) ، إصلاح المساجد رقم ( ١٠٣ ) // صحيح الجامع ( ٣٧٠٠ )

٤) مەبەستی ئەوەیە کە (اياك) مفعول بە یە کە دەبێت لە پاش فعل و فاعلەوە بێت (نعبد) کەچی پێشیان کەوتووە .

وە بەڵگەی (نەزر) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ﴾ الإنسان: ٧ واتە : بۆیە ئەم پاداشتەیان هەیە، چونکە لە دونیادا هەر شتێ نەزر بکەن و بڕیاری لە سەر بدەن لە کارێکی چاکە، وەفای پێ دەکەن و پێی هەڵ ئەستن، بێ کەم و کورتی. وە لە ڕۆژێک ئەترسن کە زیانەکەی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە) .

**سەربڕین دەبێتە سێ بەشەوە :**

- **سەربڕینێک بۆ خوای گەورە** وەکو : (هدی) و قوربانی و صەدەقات .
- **سەربڕینێک بۆ جگە لە خوا** وەکو خۆشویستن و بە مەزن زانین وەکو: سەربڕین بۆ جنۆکە و مردووەکان ، ئەمەش شیرکی گەورەیە .
- **سەربڕینی دروست (مباح)** ، وەکو سەربڕینی مەڕێک بۆ گۆشتەکەی و ڕێزگرتن لە میوان و بازرگانی .

- **تێبینی :** زیاتر وردەکاری هەیە لە بابەتی سەربڕیندا ، لە کتێبی (التوحيد) بە درێژی باس دەکرێت ، بە ئیزنی خوای گەورە .

**پێناسەی (نەزر)**

- **لە زمانەوانیدا** پەیمان و ئەرک خستنە سەر خۆ .
- **لە شەرعدا** ئەرک خستنە سەرخۆ لەسەر شتێک کە واجب نییە لەسەری بە ئەنجامدانی لە لایەن پێسپێرراوەوە (مكلف).

- **تێبینی :** نەزر چەند بەش و مەرج و کەفارەتێکی هەیە لە کیتابی (التوحيد) بە درێژی باس دەکرێت ، بە ئیزنی خوای گەورە.

**جۆرەکانی نەزر :**

- نەزر بۆ خوای گەورە ،
- نەزر بۆ جگە لە خوا .

- باسکردنی ئەم پەرستنانە لە لایەن نووسەرەوە لە رووی (حصر)ەوە نییە بەڵکو وەکو نمونە باسی کردووە ، چونکە چەندین پەرستنی تر هەن باسی نەکردوون ، بەڵام مەبەست و شاهید ئەوەیە کەوا هەرکەسێک شتێکی لەو پەرستنانە یان جگە لەوانە بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدا ئەوا شیرکی کردووە .

ئەمجار نووسەر دەستی کرد بە باسکردنی بنەمای دووەم ، ئەویش ناسینی بەندەیە بۆ دینەکەی ، وە بە پێناسەی ئیسلام دەستی پێکردووە ، دەفەرموێت:

**پلەی یەکەم ئیسلام :**

ئەویش تەسلیم بوونە بۆ خوای گەورە بە تەوحید ، وە ملکەچبوونە بۆی بە گوێڕایەڵی و بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان).

ئەمە پێناسەی ئیسلامە ، کەوا دەبێت هەموو کارەکانت تەسلیمی خوای گەورە بکەیت ، چونکە تۆ بەندەیت ، وە بەندەش پێویستە تەسلیمی گەورەکەی ببێت ، وە گەورە و سەید هەر خوایە ،هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی .

**ئەمجار دینی کردووەتە سێ پلەوە :**

ئیسلام | ئیمان | ئیحسان

پایەکانی ئیسلام پێنج دانەن یەکەمیان :

**شـــایەتیدانە**

**بنەمای دووەم :** ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەکانەوە .

ئەویش بریتییە لە : تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید ، وە ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی ، وە بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان) .

ئەویش سێ پلەیە : ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ، وە هەر پلەیەک چەند پایەیەکی هەیە .

**پلەی یەکەم :** ئیسلام ، جا پایەکانی ئیسلام پێنج دانەن : شایەتی دان بەوەی کە هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت بە هەق جگە لە خوای گەورە ، وە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەر و نێردراوی ئەوە و ئەنجامدانی نوێژ و زەکات دان و رۆژووی مانگی رەمەزان و حەجکردنی ماڵی خوا.


جا بەڵگەی شایەتیدان (الشهادة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ آل عمران: ١٨ واتە : خوا لەرێگەی دروستکراوەکانیەوە شایەتی دەدا - خۆهەر خۆی بەسە بۆ شایەتی- پاشان فریشتەو زاناکانیش شایەتی دەدەن کە: بێجگە لەخۆی هیچ پەرستراوێکی شیاوی راستەقینە نییە گشت کاتێکیش لە نێوان بوونەوەردا، دادپەروەری راگرتووە دووبارە غەیرە خۆی، هیچ پەرستراوێکی تر نییە، باڵادەست و زاڵە، کارجوان و کاررزانە، بۆیە هەمیشە بەدادگەرانە لەنێو گشت بوونەوەردا ئەجووڵێتەوە).
**وە ماناکەی :** هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە ئیللا (الله) نەبێت .
(لا اله) نەفی هەموو پەرستراوێکی تیادایە لە جگە لەخوا بپەرسترێت .
(الا الله) سەلماندنی پەرستنی بۆ خوای تاک و تەنهاو بێ شەریکی تیادایە لە پەرستنیدا ، هەروەها هیچ شەریکێکی نییە لە موڵکەکەیدا .
وە تەفسیرەکەی کە بە جوانی روونی دەکاتەوە ، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ٢٦ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ ٢٧ وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٢٨ ﴾ الزخرف: ٢٦ - ٢٨ واتە : کاتە وە بیر بێنە ئەی موحەممەد(ﷺ) کە ئیبراهیم (علیه السلام) بە باوک و گەلەکەی خۆی وت: بێگومان من لەو خوایانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن، بێزارو بەریم(٢٦) جگە لەو خوایەی کە دروستی کردووم، جابە راستی ئەویش رێنموونیم ئەکات بۆ رێگەی راست و دروست(٢٧) کارێکی کرد کە ئەو وشەیە، (وشەی یەکخواپەرستیی) - پاش خۆیشی- لە نەوەکانییدا هەر بمێنێت ، تا بەڵکو بگەڕێنەوە بۆلای خوا.. بەڵێ پەیامبەران و پەیڕەوانیان ، هەردەم هەوڵیان داوە بۆ چەسپاندنی وشەی (لا إله إلا الله)، دەبێ پاش خۆشیان هەر ئەوە لەسەر زارو لەناو دڵی پەیڕەوان و نەوەکانیاندا بێ(٢٨)

﴿ إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ﴾ : ئەمە مانای (لا اله) یە .

﴿ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي ﴾ : واتە (الا الله) .

نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – بەڵگەی شایەتیدانی **(لا الە الا اللّە)** ی هێناوەتەوە ، وە ماناکەشی ڕوون کردووتەوە ، ئەویش بە مانای :

**هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە جگە لە (اللّە) نەبێ**




نەفی کردن لەو وتەیەدایە : **(لا الە)**

سەلماندن لەو وتەیەدایە : **(الا اللّە)**

ئەم شێوازەش سوودی حەصر و سەلماندنی تیادایە ، چونکە ئەوەتا پەرستن بۆ خوای تاک و تەنها حەصر دەکات و دەیسەلمێنێت ، وە نەفی دەکات لە جگە لە خۆی.

بۆیە نووسەر دەڵێت : وە تەفسیرەکەی کە بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە ، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴾ الزخرف: ٢٦

- **ئەگەر کەسێک وتی : مانای شایەتیدانی (لا الــه الا الله) واتــه : هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە (الله) .**

دەڵێین : ئەمە قسەیەکی پوچەڵە ، چونکە بە پێی ئەم قسەیە هەموو ئەوانەی لە جگە لە خوا دەپەرسترێت بە راست دەزانرێت . بەڵام کاتێ دەڵێت : (بە حەق) ئەوە بەڵگەیە کەوا کوفر دەکات بە هەموو ئەوانەی کە لە جگە لە خوا دەپەرسترێت وە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە جگە لە (الله) .

- **ئەگەر کەسێک وتی : مانای (لا الــه الا الله) هیچ پەروەردگارێک بە حەق نییە جگە لە (الله).**

دەڵێین : ئەمە قسەیەکی راست و دروستە ، بەڵام ئەوە تەفسیری (لا الـه الا **الله** ) نییە ، چونکە ئەمە تەوحیدی پەروەردگارێتییە (الربوبیه) ، وە کافرەکانی مەککە دانیان پێدا نابوو ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناویاندا رەوانە کرابوو کەچی بەو قسەیە نەهاتنە ناو ئیسلامەوە .

وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ٦٤ واتە : ئەی پێغەمبەر! (ﷺ) بەخاوەن نامەکان بڵێ: وەرن با ئێمەو ئێوە لەسەر و شەو بەرنامەیەک سووربین کە بۆ هەردوولامان چوونیەکەو یەکسانەو، پەیامبەرانیش هەموو هاودەنگ بوون لەسەری و، واز لەو تەفرەقەیە بێنن وەرن با جگە لەخوا کەسێکی تر نەپەرستین و، هیچ شتێکیش نەکەینە شەریک و هاوبەشی هەندێکیشمان لەباتی خوا نەکەینە خواو بپەرستریێن، واتە: لەنافەرمانی خوا گوێ بیستی یەکدی نەبین، ئینجا ئەگەر هەر روویان لەو قسە راستەیە وەرگێراو بۆ یەکتاپەرستیی نەهاتن بەدەمتانەوە، بەراشکاوی پێیان بڵێن: دەسا ئێوە بەشایەت بن و بزانن کە بەڕاستیی ئێمە موسڵمان و ملکەچی بڕیارەکانی خواین و، سووریشین لەسەر دینی خۆمان و، خواش تاک و تەنیایەو، ئیتر نە عوزەیر خوایەو، نەعیسایش).

(١) ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ ﴾ئەم ئایەتە بەڵگەی پوچەڵی نزیککردنەوەی نێوان دینەکانی تیادایە.

وە بەڵگەی شـایەتیدان کەوا (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە، ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێـت : ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ التوبة: ١٢٨ واتە : سـوێند بەخوا هەر لەخۆتان پەیامبەرێکی پایە بەرزتان بۆ هات و چاک دەیناسن لەکێیە هەر نارِەحەتییەکتـان تـوش بێت زۆر سـەختە لایی و پێی سـەخڵەت دەبـێ زۆریـش سـووره لەسـەر بـڕوا هێنانتـان بەرامبـەر بـە بڕواداران زۆر دڵسۆزو بە بەزەیی و دلۆڤانە)

و مانـای شـایەتیدان کـە (محمـد) (ﷺ) پێغەمبـەری خودایـە : گوێڕایەڵـی کردنـی لـەوەی فەرمانـی پێکـردووە ، وە بە راسـت زانینـی ئـەوەی هەواڵـی دەربـارەی داوە ، وە دوورکەوتنـەوە لـەوەی نەهـی لێکردووە و ڕێگری لێکـردووە ، وە خوای گەورە نەپەرستریێت ئیللا بەو شەرعە نەبێت کە ئەو هێناویەتی.

(١) نووسەر – رەحمەتی خوای لێ بێت– باسی ئەم ئایەتەی کردووە وەکو بەڵگەیەک لەسـەر شـایەتیدان کە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە ، خوای گـەورە تیایدا بە سـێ شـێوازی دووپاتکردنەوە دووپاتکردنـەوەی تیادا بە کار هێناوە : سوێند خواردنە تەقدیر کراوەکە ، وە پیتی (لام ) ، وە (قد) .

(٢) نووسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت – مانای شایەتیدانی (**محمد رسول الله**) ی روون کردووەتەوە ، وە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێک پیاو بێت یان ئافرەت بۆ بە جێگەیاندنی ئەم شایەتیدانە ئەم کارانەی لەسەرە : گوێڕایەڵـی کردنـی پێغەمبـەری خوا (ﷺ) لـەوەی فەرمانی پێکـردووە ، وە بەراست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە ، وە دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و ڕێگری لێکردووە ، وە خوای گەورە نەپەرسـترێت ئیللا بـەو شـەرعە نەبێت ئـەو هێناویەتـی و روونـی کردووەتـەوە –صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت – .

**ناوە□رۆکی مانای شایەتیدانی (محمد رسول الله) بریتییە لە : کەوا ئەو بەندەیەکە و ناپەرستریێت ، وە پێغەمبەرێکەو (ﷺ) بە درۆ نازانرێت ) واتای ئەمەش :**

گوێڕایەڵی بکەین لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێکردووە چونکە ئەو گەیەنەرێکە لە لایەن خوداوە

بە راست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە چونکە ئەو راستگۆیە و راستی هێناوە (پەیامەکەی راستە).

دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و رێگری لێکردووە ، بە شێوەیەک هەموو ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێکردووە لە لایەک دانێیت و خۆتیش لە لایەک .

خوای گەورە نەپەرستریێت ئیللا بەو شێوەیە نەبێت کە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە ئەمەش رەددی بیدعەچیەکانی (مبتدعە)ی تیادایە .

**(١) روکنی دووەم : نوێژ .**

بریتییە لە خواپەرستی بە چەند کردار و گفتارێک کە بە تەکبیر (**اللّه اكبر**) دەست پێ دەکات و بە تەسلیم (**السلام عليكم ورحمة اللّه**) کۆتایی پێ دێت، ئەویش کۆڵەکەی دینە ، بە راستەوخۆیی فەرز کرایە سەر پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە لایەن خوداوە ، ئەویش لەو کاتەی بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان .

**(٢) روکنی سێیەم : زەکات.**

**لە زمانەوانیدا** : گەشەسەندن و پاککردنەوەیە .

ئەویش دوو جۆرە زەکاتی جەستە (**بَدَن**) وزەکاتی سەروەت و سامان .

**(٣) روکنی چوارەم : رۆژوو گرتن .**

**لە زمانەوانیدا** : بریتییە لە خۆگرتنەوە .

**لە شەرعدا** : بریتیە لە خوا پەرستی بە خۆگرتنەوە لەوانەی رۆژووی پێ بەتاڵ دەبێتەوە لە گەڵ بوونی نیەت لە کاتی دەرکەوتنی فەجرەوە تاوەکو خۆر ئاوا بوون .

وە رۆژوو لە باشترین جۆرەکانی پەرستنە ، لەبەر کۆبونەوەی هەر سێ جۆرەکانی ئارامگرتن تیایدا ، وە هەر لە بەر مەزنی ئەو پەرستنە خوای گەورە پاداشتی رۆژووانی داوەتە پاڵ خۆی .

**(٤) روکنی پێنجەم : حەج .**

**لە زمانەوانیدا** : بریتیە لە مەبەست ، وە لە شەرعدا : بریتیە لە خواپەرستی بە ئەنجامدانی چەند مەناسکێک بە پێی ئەو سوننەتەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە .

ئەوەش فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێک لە هەموو تەمەنیدا یەک جار .

وە بەڵگـەی نوێـژ و زەکات و تەفسـیری تەوحید ئـەو ئایەتەیە کە خوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴾ البينـة: ٥ واتـە : لـە هەمـان کاتا لە (تـەورات و ئینجیـل)دا فرمانیـان پـێ نەدرابـوو بـەوە نەبێ کـە بەتەواوی هەمـوو خواپەرسـتن و سـەر بۆ ئـەو دانەوێنن و ئاییـنی خالیس هەر بۆ ئـەو دابنێـن و لەهەمـوو ئایینێکـی هیـچ و پـوچ لابـدەن و بەتێرو تەسـەل نوێژەکانیـان بکـەن لەماڵ و سـامانیان زەکات بدەن بەو شـێوەیەی بۆیان روون کراوەتـەوە وەهەر ئەو خوا پەرسـتیی و یـەکلا بوونەوەیەو نوێژو زەکات دانەیە ئایینی پایەدارو راستە، ئاوا فرمانیان پێکرابوو، کەچی ئەوان جیابوونەوەو بوونە چەند دەستەیەک)

وە بەڵگـەی رۆژوو ئـەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة: ١٨٣ واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بزانن رۆژووی مانگی رەمەزانتان لەسـەر نووسـراوەو فەرز کراوەتە سـەرتان هەروەکو لەسـەر ئەوانەی لەپێشـتانەوە بوون بڕیاردراو نووسرا، دیارە هەر هۆزو ئوممەتێک ، جۆرێ رۆژووی بووە بەڵکو بە تەقوا بن و سنوورەکانی خوا بپارێـزن و دەرگای گونـاح لەخـۆ داخـەن و دەرگای هەمـوو خێرێ لەخۆ واز بکەن) .

وە بەڵگـەی حـەج ئـەو ئایەتەیە کە خوای گـەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ آل عمران: ٩٧ واتە : خوا حەجی کەعبەی بڕیارداوە لەسـەر مەردم، لەسـەر ئـەوەی توانـای رێگای هەبێ و هەرکەسـێکیش باوەڕی بـەو حەجە نەبێ، ئـەوە باچـاک بزانـێ کە کافـرو بێ باوەڕە، بەراسـتیی خوایـش لەتەواوی خەڵکانی جیهان، نەک تەنها هەر لەوان، بێ نیازە!.)

**پلەی دووەم** : ئیمـان ، ئەویـش حەفتاو ئەوەندە لقە ، بەرزەکەی وتنی (لا اله الا الله)یە و نزمەکەی لادانی ناڕەحەتییەکە لەســەرە ڕێگا ، وە (حەیا)ش لقێکە لە ئیمان .

**وە پایەکانی شەش دانەن :**

ئیمانـت هەبێـت بـە خـوا و فریشــتەکانی و کتێبەکانــی و پێغەمبەرانــی و ڕۆژی دوایی و ئیمانت هەبێت بە قەدەر خەیرەکەی وشەڕەکەی .

وە بەڵگـەش لەســەر ئـەم شـەش پایـە ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گەورە دەفەرمویـت : ﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾ البقـرة: ١٧٧ واتـە: چاکـەو چاکەکاریـی هەر ئـەوە نیە ئێـوە -جولەکـەو گاور- کاتی نوێژ- ڕوو لـە خۆرهـەڵات بکـەن، یان خۆرئـاوا، ئەگەر لـەرووی گوێرایەڵیەوە نەبێ بۆ فەرمانی خوا، دیارە ڕووکردنە ‹مەسجیدولحەرام›یش هەروایە، بەڵکو چاکەی ڕاست و دروست ئەمەیە کە باوەڕی ڕاستەقینەی بەخواو بـەڕۆژی دوایـی و بەفریشــتەو بەکتێبـی ئاســمانی و بەپەیامبەرانی خوا هەبێ)

وە بەڵگـەی قـەدەر ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ ﴾ القمـر: ٤٩ واتـە : بەراسـتی ئێمـە هەمـوو شتێکمان بەئەندازەیەکی دیاریکراو دروستکردووە).

## پلەی دووەم : ئیمان :

**لە زمانەوانیدا :** بریتیە لە دان پیادانان.

**وە لە شەرعدا :** بریتییە لە وتن بە زمان و باوەڕبوون بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکانی لاشە، وە پایەکان- واتە بە دڵ – زیاد دەکات بە گوێڕایەڵی و کەم دەکات بە سەرپێچی .


جا ئیمان پێویستە و دەبێ پێنج کاری تیادا بێت .

ئەگەر یەکێکی توشی هەر گرفتێک بوو ئەوا لە پێناسەی ئیمان دەردەچێت لای ئەهلی سوننە و جەماعە.

**بەڵگە لەسەر ئەم پێنج کارە چییە ؟**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : بەرزەکەی وتنی (**لا اله الا اللّه**) یە ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر وتن .
(وە نزمەکەی لادانی ئازارێکە لە سەرە رێگا ) ئەمە کرداری ئەندامەکانە .
وە (حەیا) ئەمە کرداری دڵە .ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ﴾ التوبة: ١٢٤ واتە : ئاخۆ ئەم سوورەتە باوەڕی کێتان زیاد بکات ؟) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمان زیاد دەکات ، جا ئەگەر زیاد بکات ئەوا بێ گومان کەمیش دەکات ، وە کەمی لە دیندا بە روونی لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (ما رأيتُ من ناقصات عقل و دين)[٥] جا دین کەم دەکات .

٥) ( صحيح ) الارواء ١٩٠ ، الظلال ٩٥٥ و ٩٥٦ : وأخرجه البخاري ومسلم


پایەکانی ئیمان شەش دانەن :
ئیمان هێنان بە خوای گەورە
ئیمان هێنان بە فریشتەکان
ئیمان هێنان بە کتێبەکان
ئیمان هێنان بە پێغەمبەران
ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی
ئیمان هێنان بە قەدەر خەیرەکەی و شەڕەکەی

## پایەی یەکەم : ئیمان هێنان بە خوا ، پێویستە چوار کاری تیادا بێت

- ئیمان هێنانی بە بوونی خوای گەورە ئەمەش بە چوار کار دەبێت
- ئیمان هێنان بە تەوحیدی پەروەردگاریەتی
- ئیمان هێنان بە تەوحیدی خوداوەندیەتی
- ئیمان هێنان بە ناو و صیفاتەکان

### بە عەقڵ

جا عەقڵ زۆر ئەستەمە لای کەوا گومان ببات دروستکراوێک هەبێت بە بێ دروستکار

﴿ أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ﴾ الطور: ٣٥

واتە : یا خۆ هەر لەخۆیانەوە دروستبوون، وا ئەوەندە سەربەستن و بەئارەزووی خۆیان قسە ئەکەن ومنەتی هیچ کەسێک نازانن ؟ یا هەر خۆیان دروستکەری خۆیانن ؟)

### بە هەستەکان (الحس)

ئەمەش لە کاتی تەنگانە و نارەحەتیدا دەردەکەوێت ، دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرز دەکەیتەوە و دەڵێیت : پەروەردگارا .... دەبینی ئەم تەنگانەیەت لەسەر نامێنی و کۆتایی پێ دێت بە ئیزنی خوای گەورە .

### بە فیترەت :

(**كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه**)

(واتە: هەموو منداڵێک لەسەر فیترەتی پاک لەدایک دەبێت، جا دایک و باوکی دەیکەنە کەسێکی جولەکە یان گاور یان مەجوسی)

### بە شەرع

ابن القیم ئەوەی دووپات کردووەتەوە کەوا هیچ ئایەتێک نییە لە قورئاندا ئیللا بەڵگەیەکی لەسەر تەوحید تیادایە .

## پایەی دووەم : ئیمان بە فریشتەکان

**فریشتە** : جیهانێکی غەیبین ، خوای گەورە ئەوانی لە رووناکی دروست کردووە ، گوێڕایەڵی خوا دەکەن و سەرپێچی ناکەن ، رۆحیان هەیە ﴿رُوحُ ٱلْقُدُسِ﴾النحل:١٠٢ وە جەستەشیان هەیە ﴿جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُو۟لِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ﴾ فاطر: ١ واتە : بگێڕی فریشتەکان بەنێردراو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە پەیامبەران فریشتەکانی خاوەنی دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵ، لەئاسمانەوە بەو باڵانە بەرەو رووی زەویی دێن و ئەگەڕێنەوە. خۆی هەر شتێکی حەز لێبکا لەدروستکردنی باڵ بۆ فریشتەکان و هەرچی تر زیادی ئەکات) وە عەقڵ و دڵیان هەیە ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ﴾سبأ: ٢٣ واتە : تا ئەو دەمەی کە سام و ترس لە دڵیاندا دادەمرکێ بەمۆڵەتدان بە شەفاعەت بۆیان ئەوجا دەمیان ئەکرێتەوەو لەناو یەکتردا ئەڵێن: ئاخۆ پەروەردگاری ئێوە چ بڕیارێکی دا، چی وت سەبارەت بە تکاکردن؟؟) باوەڕمان پێیان هەیە ، وە بەو ناوانەی کە خوای گەورە ئێمەی فێری ناوەکانیان کردووە ( وەکو : جبریل و میکائیل و ئیسرافیل ) وە صیفاتەکانیان ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ التحریم: ٦ واتە : نافەرمانی خوا ناکەن لە هەرشتێک فرمانیان پێبکا وهەر فرمانێکیشیان پێ بسپێرێ، بە خێرایی ئەنجامی دەدەن ) وە لەکارەکانیان (وەکو هەڵگرانی عەرش وە ئەو هەواڵانەی دەربارەیان هاتووە . بە گشتی و بە تەفصیلی .

## پایەی سێیەم : ئیمان بە کتێبەکان

پێویستە باوەڕمان وا بێت کەوا ئەوانە قسەی خوای گەورەن بە حەقیقەت نەک مەجاز ، وە ئەوانەش دابەزێنراون لە لایەن خوداوە نەک دروستکراو بن ، وە خوای گەورە لە گەڵ هەموو پێغەمبەرێکدا کیتابێکی ناردووە ، باوەڕمان پێی هەیە و بە هەموو ئەوانەی خوای گەورە هەواڵی پێداوین دەربارەی ناوەکانیان و هەواڵەکانیان و ئەحکامەکانیان بە گشتی و بە تەفصیلی ، ئەگەر نەسخ نەکرابێتەوە ، وە باوەڕمان وایە کە قورئان نەسخی هەموو کتێبەکانی پێش خۆی کردووەتەوە ئەوانیش : تەورات و ئینجیل و زەبور و صوحوفی ئیبراهیم و موسا .

## پایەی چوارەم : ئیمان بە پێغەمبەران

پێویستە باوەڕمان هەبێت بەوەی کەوا ئەوان مرۆڤن و بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندی پەروەردگاریتیان نییە ، وە ئەوانیش بەندەن و ناپەرستریێن، وە خوای گەورە ئەوانی رەوانە کردووە و وەحی بۆ کردوون ، وە بە نیشانە و ئایات پشتگیری کردوون ، وە ئەوانش ئەو ئەمانەتەی لەسەریان بوو بە جوانترین شێوە گەیاندیان و ئامۆژگاری ئوممەتەکەیان کردوو و پەیامەکەیان گەیاند و لە پێناوی خوادا جیهادیان کرد بە تێرو تەسەلی و مافی جیهادیان بە تەواوی جێ بە جێ کرد ، باوەڕمان پێیان هەیە ، وە بەو ناو و صیفات ئەو هەواڵانەی خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین، بە گشتی و بە تەفصیلی ، وە یەکەم پێغەمبەر (نبی) (ئادەم)ە و یەکەم پێغەمبەر (رسول) (نوح)ە و کۆتا پێغەمبەر (محمد)ە (ﷺ) ، وە هەموو شەریعەتەکانی تر نەسخ کراونەتەوە بە شەریعەتەکەی (محمد) (ﷺ) ، وە (اولو العزم) پێنج دانەن خوای گەورە لە سورەتی (شورا و ئەحزاب)دا باسی کردوون ئەوانیش : (محمد و نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا )ن صەڵات و سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێت .

## پایەی پێنجەم : ئیمان بە رۆژی دوایی

ئیمان بە هەموو ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین کە لە پاش مردن روو دەدەن دەگرێتەوە ،وەکو پرسیارەکانی ناو گۆڕ و فووکردن بە کەڕەنادا و هەستانەوەی خەڵکی لە گۆڕەکانیان و تەرازوو و نامەی کردەوەکان و صیراط و حەوز و شەفاعەت و بەهەشت و ئاگر و بینینی خوای گەورە لە لایەن ئیماندارانەوە لە رۆژی قیامەتدا و لە بەهەشتدا ، وە جگە لەوانە لە کاروبارە غەیبیەکان .

## پایەی شەشەم : ئیمان بە قەدەر خەیرەکەی و شەڕەکەی

**پێویستە ئەم پایە ئیمان بە چوار کار لە خۆ بگرێت :**

**زانست و زانیاری:** باوەڕ بەوەی کە خوای گەورە هەموو شتەکانی زانیوە بە گشتی و بە تەفصیلی .

**نوسین** باوەڕ بەوەی کە خوای گەورە ئەندازەی (مەقادیری) هەموو شتەکانی نوسیوە تاوەکو رۆژی قیامەت .

**ویست و مەشیئەت** باوەڕ بەوەی کە ئەوەی خوای گەورە ویستی لەسەر بێت دەبێت و ئەوەی ویستی لەسەر نەبێت نابێت ، وە بەندەکانیش ویستیان هەیە بەڵام بەشێکە لە مەشیئەتی خوای گەورەیە (داخلی مەشیئەتی ئەوە).

**دروستکردن و بەدیهێنان** باوەڕ بەوەی کەوا بەندەکان دروستکراون، خۆیان و کردەوەکانیان ، هەروەها هەموو بوونەوەرەکان، بەڵگەش لەسەر ئەوە : ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ ﴾ الرعد:١٦ واتە : بڵێ: ئەی موحەممەد (ﷺ) تەنها هەر (الله) خوایە دروستکەری هەموو شتێک، نەک ئەو بتانە ئەوان دەیانپەرستن) وە دەفەرمویت : ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴾ الصافات: واتە : هەم خۆتان و هەم ئەو بتانە دروستیان دەکەن لە دارو بەرد، خوا بەدیهێناون، واتە: ئەو خوایە دەسەڵاتدارێکی وەهایە، ئەگەر بیەوێ ناهێڵێ ئێوە هیچ شتێ بکەن و، هێزو تواناتان لێدەسێنێتەوە)

وە ئەم چوارە پلەیە هۆنەر لە بەیتێکدا کۆی کردووەتەوە و دەڵێت :

علم كتابة مولانا مشيئتُه      وخلقُه وهو ايجاد و تكوين

**پلەی سێیەم :** ئیحسان (چاکەکاری): یەک پایەیە ، ئەویش : ( خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ ) .

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴾ النحل: ١٢٨ واتە : بەراستیی خواش لەگەڵ ئەوانەدایە کەخۆ پارێزو بەتەقوان و ئەوانەش چاکەکارو چاکەخوازن، ئەم لەگەڵ بوونەش تەنها خوا خۆی باش دەزانێت چۆن دەبێت) .
وە دەفەرموێت : ﴿ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ٱلَّذِي يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٢٢٠﴾ ﴾ الشعراء: ٢١٧ - ٢٢٠ واتە : تەنها هەر بە خوای زۆر زاڵ و بەدەسەڵات و زۆر میهرەبان پشت ببەستە، چونکە هەرگیز ئەو دەس لە دۆستانی خۆی بەرنادا (٢١٧) ئەو خوایەی کە تۆ دەبینێ کاتێ بەئێوارە ئەوەستی بۆ نوێژ بە کۆمەڵ ‹وەیان بەتەنها لە شەوگاردا (٢١٨) هەڵسوکەوتت لەناو ڕیزی سوژدە بەرانا دەبینێ ، واتە: ئەگەر هەر خۆت بیت، یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا بیت، ئەو هەر ئەتبینێ و، چاوی لێتەوەیە (٢١٩) بەڕاستی هەر ئەویشە زۆر ژنەوا، هەموو چپەیەک ئەبیستێ، زۆریش بە ئاگاو زانایە، بەهەموو جموجوڵێکیان (٢٢٠) .
وە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأۡنٍ وَمَا تَتۡلُواْ مِنۡهُ مِن قُرۡءَانٍ وَلَا تَعۡمَلُونَ مِنۡ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيۡكُمۡ شُهُودًا إِذۡ تُفِيضُونَ فِيهِ ﴾ یونس: ٦١ واتە : وە تۆ لەهیچ کارێکدا نابی و هیچ شتێ لەقورئانیان بەسەرا ناخوێنیت و ئێوەش ئەی مرۆڤ ! هیچ کارێ ئەنجام نادەن مەگەر ئێمە بەسەرتانەوە ئاگادارین، واتە: هەر شتێک دەکەن و، بەهەر جۆرێ دەیکەن ، ئێمە لێی بەئاگاین هەر ئەوکاتە دەست بەکارەکەتان دەکەن و بۆی ڕۆدەچن)

**پلەی سێیەم : ئیحسان (چاکەکاری)**
**ئەویش بەرزترین پلەکانی دینە ، تەنها یەک پایەیە و دوو پلەی لێ دەبێتەوە :**

**پەرستنی بینین :**

ئەویش بریتیە لە پەرستنی خۆشەویستی و ڕەغبەت و تامەزرۆیی بۆ ئەوەی لای خوا هەیە .
بۆ نمونە : خوا پەرستی پێغەمبەران و نێردراوان ، وە دەکرێت جگە لەوان بگاتە ئەم پلەیە .

**پەرستنی چاودێری**

ئەویش بریتیە لە پەرستنی ترس و هەڵاتن ، وە ئەم پلەیە کەسی موسڵمان لێی بەدەر نییە .

ڕوونکردنەوەیەک : ئەمە مانای ئەوە نییە کە خاوەنی ئەم پلەیە تەنها خۆشەویستی بۆ خوا هەیە و ترسی نییە لە خوا ، بەڵام لەم پلەیەدا بە هێزترین پاڵنەر کە پاڵ بە بەندەوە بنات بۆ خواپەرستی : خۆشەویستی خوایە و هەر لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێت : (أفلا أكونُ عبداً شكوراً) رواه مسلم (٧٣٠٢) .

وە بەڵگە لەسەر ئەم بابەتە لە سوننەتدا : فەرمووده بەناوبانگەکەی (جبريل)ە کە لە عومەرەوە هاتووە دەفەرموێت : (بينما نحن عند رسول الله (ﷺ) ذات يوم، إذ طلع علينا رجل شديد بياض الثياب، شديد سواد الشعر، لا يرى عليه أثر السفر، ولا يعرفه منا أحد ، حتى جلس إلى النبي (ﷺ)، فأسند ركبتيه إلى ركبتيه ، ووضع كفيه على فخذيه ، وقال : يا محمد (ﷺ) أخبرني عن الإسلام ، فقال رسول الله (ﷺ): (الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله (ﷺ) ، وتقيم الصلاة ، وتؤتي الزكاة ، وتصوم رمضان ، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا ( ، قال : صدقت ، قال : فعجبنا له يسأله ، ويصدقه ، قال : فأخبرني عن الإيمان ؟، قال (ﷺ) : ( أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه ، ورسله ، واليوم الآخر ، وتؤمن بالقدر خيره وشره « ، قال : صدقت . ، قال : فأخبرني عن الإحسان ، قال : ( أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك « ، قال : فأخبرني عن الساعة ، قال (ﷺ): ( ما المسؤول عنها بأعلم من السائل ( قال : فأخبرني عن أمارتها قال (ﷺ): (أن تلد الأمة ربتها ، وأن ترى الحفاة العراة العالة رعاء الشاء يتطاولون في البنيان ( ، قال : فمضى، فلبثنا ملياً ، فقال (ﷺ) : ( يا عمر أتدري من السائل ؟ ( قلت : الله ورسوله أعلم، قال : ( فإنه جبريل أتاكم يعلمكم أمر دينكم ).

واته: لە کاتێکدا ئێمە ڕۆژێک لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووین لە پڕێکدا کابرایەک هاتە ژوورەوە ، جلوبەرگێکی زۆر سپی لە بەردابوو وە قژێکی زۆر ڕەشی هەبوو ، وە شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو، وە هیچ کەسێک لە ئێمە ئەوی نەدەناسی تاکو نزیک پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانیشت هەردوو ئەژنۆی توند کرد لە هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە هەردوو دەستی خستە سەر هەردوو ڕانی و فەرمووی: ئەی (محمد) (ﷺ) پێم بڵێ ئیسلام چییە ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (( ئیسلام ئەوەیە کە شایەتی بدەیت کەوا جگە لە (الله) هیچ خوایەکی تر نییە شایەنی پەرستن بێت بە حەق و (محمد) یش (ﷺ) نێردراوی خوایە و نوێژەکانت بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدەیت و زەکاتی ماڵەکەت

بدەیت و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو )) کابرا فەرمووی : ڕاست دەکەیت . فەرمووی : ئێمەیش سەیرمان پێهات پرسیاری لێ دەکات و هەر خۆیشی بە ڕاستی دەخاتەوە ،فەرمووی : ئەی پێم بڵێ ئیمان چییە ؟ ئەویش فەرمووی : ئیمان ئەوەیە باوەڕی تەواو بهێنیت بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبە ئاسمانییەکان و هەموو پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و وە باوەڕیش بە قەزاو قەدەر بهێنیت چ خەیر بێت یان شەڕ : فەرمووی : ڕاست دەکەیت، فەرمووی : ئەی پێم بڵێ چاکە( ئیحسان) چییە ؟ ئەویش فەرمووی: ئەوەیە بە شێوەیەک خودا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە دەیبینی خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی ئەوا باش بزانە ئەو تۆ دەبینێ ، فەرمووی : پێم بڵێ قیامەت کەی دێت ؟ فەرمووی : ئەو کەسەی کە پرسیاری لێ دەکرێت لە پرسیارکەر زاناتر نییە . فەرمووی : کەوایە نیشانەکانم پێ بڵێ ؟ فەرمووی : لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە : کەنیزەک گەورەو خاوەنی خۆی لێوە لە دایک ببێت ، وە خەڵکانێکی پێ پەتی ڕووت و هەژار و شوانی مەڕ پێشبڕکێ بکەن لە بەرز کردنەوەی کۆشک و خانووەکانیاندا . (عمر) دەڵێت : پاش ئەوە کابرا هەڵسا و ڕۆیشت و ماوەیەک ڕاماین ، ئەمجار پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : ئەی (عمر) ئایا دەزانی ئەو پرسیارکەرە کێ بوو ؟ گوتم : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باشتر دەزانن ، فەرمووی : ئەوە (جبریل) بوو ، هاتبوو بۆ ئەوەی لە دینەکەتان شارەزاتان بکات )).

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر پایەکانی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان .

لەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (**ما المسؤول عنها بأعلم من السائل**) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەسێک کاتی قیامەت نازانێت .

**مەبەست لە : (أن تلد الأمة ربتها)**

**واتە : زۆربوونی ڕەنجاندن**

واتە : زۆربوونی کۆیلایەتی

واتە : هەڵگەڕانەوەی حاڵەتەکان.

واتــە : کــەسێکی مــالیـک کەنیزەکێک دەخوازێت کوڕێکی دەبێت ، جا لە پاش کۆچکردنی بـاوکی ئـەم کـوڕە دەبێتە خاوەن و گەورەی دایکی .

(وأن ترى الحفاة العراة العالة) : العالة : واتە هەژارەکان .

(العالة رعاء الشــاء يتطاولون في البنيان) واتە : حاڵەتـەکان دەگۆڕێت ، ئەم کەسـە هەژارە دەبێتە دەوڵەمەندێکی لە ڕادە بەدەر.

## سوود بەدەست هاتووەکانی فەرموودەکەی (جبریل)
## – سەلامی خوای لەسەر بێت–

(١) قوتابی شەش حەقی لەسەرە : حەقی نەفسی خۆی ، حەقی مامۆستاکانی، حەقی ئەو جێگەیەی کە دەرسی تیادا دەخوێنێت ، حەقی هاوڕێکانی ، حەقی کتێبەکەی ، حەقی ئەو زانستەی کە فێری بووە.

–حەقی نەفسی خۆی : زانست خواپەرستییە (ئیخلاص و شوێنکەوتن) ، ببە بە سەلەفی لەسەر ڕێگا ڕاستەکە ، ترس، چاودێری، باڵی میهرەبانی نەوی کردن و دوورکەوتنەوە لە خۆبەزلزانین.
قەناعەت و زوهد، خۆرازاندنەوە بە ڕەونەقی زانست، مروئەت، دەستگرتن بە ئاکاری پیاوانەوە (جوامێری) ، وازهێنان لە ڕەفاهیەت، پشتکردن و دوورکەوتنەوە لە مەجلیسی بێکەڵک و بێ سوود، خۆرازاندنەوە بە نەرمونیانی، دامەزراوی و بەردەوامی و دڵنیابوون لە شتەکان .
هیممەت و حەزکردن لە داواکردنی زانست، گەشت کردن لە پێناوی زانستدا، بەستنەوەی زانست (بە نوسین و لەبەرکردن)، پاراستن و چاودێری کردن ، دووبارەکردنەوەو بەستنەوەی لەبەرکراوەکان، تێگەیشتن لە دەرهێنانی لقەکان لە ئەصلەکانەوە ، پەناگرتن بە خوا، پاراستنی سپاردەی زانستی، ڕاستگۆیی .
بەهەشتی قوتابی زانست (نازانم)، پاراستنی سەرمایە (کات)، خۆدەوڵەمەند کردن (ڕۆشنبیری گشتی) ، خوێندنەوەی چاککراوەکان و ڕێکخراوەکان، خوێندنەوە و قووڵبوون لە کتێبە درێژ و سەرچاوە گەورەکاندا .
جوان پرسیارکردن ئەمجار گوێگرتن ئەمجار تێگەیشتن ئەمجار کارکردن، وتو وێژکردن بە بێ دەمەدەم کردن و بەربەرەکانی،

خوێندنـەوە و گفتوگۆکردنـی زانسـتی، هـەردەم لـە نێـو قورئان و سـوننەت و زانسـتەکانیاندا بـە، تەواوکردنـی ئامرازەکانـی (ئەدەواتەکانی) هەموو زانستێک (هونەرێک) .
کارکردن ، هەڵاتن لە خۆشویستنی ریاسەت و ناوبانگی و دونیا .
گومان خراپ بە خۆبردن و گومانی باش بردن بە خەڵکی .
زەکاتـی زانسـت (هـەردەم حەق وێـژ بێت و کەسـێک بێت هەردەم فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بکات و هاوسەنگی بکات لە نێوان بەرژەوەندییەکان و زەرەرەکاندا ، هەردەم زانسـت بڵاو بکاتەوە و حەزی لە قازانج بێت بۆ خەڵکی و شـکۆمەندی و شـەفاعەتی چاکی خۆی ببەخشـێتە موسـڵمانان لـە کاتی رووداوە حـەق و چاکەکاندا (واتە ئەگەر کەسـێک لە تەنگانەیەکدا پێویسـتی بە شـەفاعەتی ئەم بوو درێغی لێ نەکات) .
عیززەت (شکۆ و سەربەرزی) ، پاراستنی زانست ، بە تەنگەوەهاتن و ئاگالێبوون نەک روپامایی کردن ، وازهێنان لە خۆبەزانا زانین و خۆبردنە پێشەوە لە پێش خۆشیاندن و خۆئامادەکردن .
هەڵویستت دەربارەی هەڵەی زانا و جیاوازی نێوان زانایان .
دوور خسـتنەوەی گومانـەکان ، دوورکەوتنـەوە لـە تایفەگەرێتی و حزبایەتییەک کە دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە سەر بنیات بنرێت .
حەقی مامۆستاکەی : خەڵکی لە بابەتەدا بوونەتە سێ بەشەوە دوو لایەن و ناوڕاستێک ، وە لە پاشاندا باسی دەکەین کەوا یەکەم شیرک لە سـەر رووی زەویدا روویدابێت بە هۆی گومانی زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا بووە ، بۆیە پێویستە نێوەندگیر بین لە گەڵ پیاوچاکاندا، نە زیادەڕەوی و نە کورت رەوی .
- حەقی ئەو جێگایەی تیایدا دەخوێنێت .
-حەقی هـاوڕێکـەی : خـوای گـەورە دەفـەرموێـت : ﴿ كُنتُمْ

﴿ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ آل عمران: ١١٠ واتە : ئێوە چاکترین ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵک گەیاندن بەمەردم و ڕێنمایی کردنیان) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)[1] "واتە : هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی کامل نییە تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش بێت)).

حەقی کیتاب : بەوەی کیتابەکەی بپارێزی ، چونکە خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕژاندووە بە سەرماندا بەم هەموو کیتابانەوە ، بۆیە پێویستە بپارێزرێت .

حەقی زانست : بە ڕێکخستن و زەبتکردنی زانست دەبێت و هەردەم دووبارەی بکاتەوە ، کاری پێ بکات ، چونکە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک فێری زانست بوو کاری پێ بکات ، ئەمجار لە پاش ئەویە بانگەواز بکات بۆ ئەم زانستە ، چونکە ئەمە نیعمەت و پێویستە سوپاسگوزاری خوا بێت بۆ ئەم نیعمەتە .

---

١) أخرجه البخاري ( ١ / ١١ ) ، و مسلم ( ١ / ٤٩ ) ، و أبو عوانة في « صحيحه «( ١ / ٣٣ ) ، و النسائي ( ٢ / ٢٧١ ، ٢٧٤ ) ، و الترمذي ( ٢ / ٨٤ ) ، و الدارمي ( ٢ / ٣٠٧ ) ، و ابن ماجه ( رقم ٦٦ ) ، و الطيالسي ( رقم ٢٠٠٤ ) ، و أحمد ( ٣ / ١٧٧ ، ٢٠٧ ، ٢٧٥ ، ٢٧٨ )

(٢) لە ئادابی پرسیارکردن ئەوەی کەوا پرسیارێک بکات ئۆمێدی ئەوە بکات سوود و قازانجی لێ ببینێت .

(٣) پێویستە لەسەر قوتابی زانست پارێزگاری لە ڕواڵەتی جوانی خۆی بکات .

(٤) لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناگوترێت : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترە ، بەڵکو تەنها دەگوترێت : خوای گەورە زاناترە .

ئەم برگەیە کورتەیەک لە ژیانی پێغەمبەری خوای لە خۆ گرتووە –صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت– ، وە ناو و رەچەڵەک و تەمەن و هەندێک لە بانگەوازەکەی لە خ...

**پێویستە چەند شتێک دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بزانین لەوانە :**

**ناو و رەچەڵەکی**

ئەویش محمد ی کوڕی عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕی هاشم، وهاشم یش لە قورەیشە، وەقورەیشیش لە عەرەبە لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلە –صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت– .

**تەمەنی**

تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، چل ساڵی پێش پێغەمبەرایەتی و بیست و سێ ساڵی پاش پێغەمبەرایەتی بوو .

> **بنچینەی سێیەم :** ناسینی پێغەمبەرتان (محمد) (ﷺ).
> ناوی پیرۆزی : محمد ی کوڕی عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕی هاشم ، وهاشم یش لە قورەیشە ، وەقورەیشیش لە عەرەبە و عەرەبیش لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلە ، صەڵات و سەلام لە سەر خۆی و پێغەمبەرمان بێت . تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، چل ساڵی پێش پێغەمبەرایەتی بوو و بیست و سێ ساڵی پێغەمبەرو نێردراو بوو . بوو بە (نبي ) بە سورەتی (إقرأ) وە بوو بە (رسول) بە سورەتی (المدثر) ، شارەکەی شاری مەککە بوو پاشان کۆچی کرد بۆ مەدینە .

ماوەی رەوانەکردنی دەبێتە دوو بەشەوە :

**ماوەی مەککی**

کە سیازدە ساڵی خایاند

**ماوەی مەدەنی**

کە دە ساڵی خایاند

ئایە ئەو (نبی) یە یان (رسول) ؟

ئەو(نبی) و(رسول)ش بوو ، بە سورەتی (إقرأ) بوو بە (نبی) و بە سورەتی (مدثر) بوو بە (رسول) .

خوای گەورە رەوانەی کرد بۆ وریاکردنەوە لە شیرک و بانگەواز کردن بۆ تەوحید.

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ① قُمْ فَأَنذِرْ ② وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ③ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ④ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ⑤ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ⑥ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ⑦﴾ المدثر: ١ - ٧ واتە : ئەی ئەوەی جلکی خەوت بەخۆوە پێچاندووە ! ئەی پێغەمبەر!(ﷺ) (١) هەستە، لە ناو نوێنەکەت خەڵکی بێباوەڕ بێدار بکەرەوەو بترسێنە لەسزای خوا (٢) وە پەروەردگاری خۆت بە گەورە بگرە (٣) وە بەرگ و کاڵات خاوێن بکەرەوە،(٤) لە هەموو گوناح و جۆرە کارێکی ناپوخت و ناپەسەند گەڕێ(٥) وەشتێک مەبەخشە بۆ ئەوەی زۆرترت دەسکەوێت، واتە: منەت بەسەریانداو مەکە و چاوەڕوانی زۆریان لێ مەکە(٦) و لە بەر رەزامەندی پەروەردگارت خۆگربە لەبەرامبەر ئازارو هەڕەشەی هۆزەکەتدا(٧).

وە مانای ﴿قُمْ فَأَنذِرْ﴾ خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لە شیرک و بانگیان بکات بۆ تەوحید .

﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ﴾ واتە : بە مەزنی راگرە بە تەوحید .

﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾ واتە : کارەکانت لە شیرک پاک بکەرەوە .

﴿وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ﴾ الرجز : واتە بتەکان ، وە (هجرها) واتە وازهێنان لێیان و بەریبوون لێیان ، لە خۆیان و ئەهەلەکەیان .

لە سەر ئەم کارە دە ساڵ مایەوە خەڵکی بانگ دەکرد بۆ تەوحید ، لە پاش دە ساڵ خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان ، وە پێنج نوێژەکەی لەسەر فەرز کرا ، لە مەککە سێ ساڵی نوێژی کرد و لە پاش ئەوە فەرمانی پێکرا کەوا کۆچ بکات بۆ مەدینە .

## کورتەیەک لە ژیاننامەکەی

بانگەواز لە سەردەمی مەککەدا جەختی لە تەوحید دەکردەوە و بانگەواز بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە شیرک و ئیخلاصی خواپەرستی تەنها بۆ خوای تاک و تەنها ، وە ئەم بانگەوازەش سیازدە ساڵ بەردەوام بوو.
ئەمجار فەرمانی پێکرا کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە ، هەر بەو شێوەیە بانگەواز بەردەوام بوو بۆ تەوحید ، لە گەڵ دابەزینی ئەودوای شەریعەتەکانی ئەم دینە لە پەرستشەکان و مامەڵەکان و کاروباری ژیان.
ئەگەر کەسێک بە تیرامانەوە تەماشای ژیانی بکات و تەماشای بانگەوازەکەی بکات دەبینی کەوا بانگەواز بۆ تەوحید بەردەوام بوو لە گەڵیدا تاوەکو کۆچی دوایی کرد ، ئەمەش وەڵامێکی روون و ئاشکرایە بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی بێ نیاز دەکەن لە فێربوونی تەوحید ، وە بانگەشەی ئەوە دەکات کەوا پێویست بە فێربوونی تەوحید ناکات تەنها چەند خولەکێک نەبێت .

**مەبەست لە :** ( **عُرج به الى السماء**) چەند سوودێکی لێ وەردەگرین لەوانە :

١. ئەو هەواڵانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی غەیب داویەتی ئێمە دەربارەیان دەڵێین : باوەڕمان پێیان هەیە و بەراستی دەزانین و تەسلیمی بوین .
٢. گرنگی نوێژە فەرزەکان ، چونکە ئەوەتا خوای گەورە لە ئاسمان فەرزی کردووە .

وە هیجرەت (کۆچکردن) : بریتییە لە گواستنەوە لە وڵاتی شیرکەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ، وە هیجرەت فەرزە لەسەر ئەم ئوممەتە لە وڵاتی شیرکەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ، ئەویش بەردەوام ماوەتەوە تاوەکو رۆژی قیامەت .

بەڵگەش لە سەر ئەمە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا ۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾ ﴾ النسـاء: ٩٧ - ٩٩ واتە: بێگومـان ئەوانەیـان کە فریشـتە گیانیکێشـان، لەکاتێکدا ناهەقییـان لەخۆیان کـرد، چونکە (دار الشـرک) یان بەجێ نەهێشـت و کۆچیان نەکرد بۆنیشتمانی ئیمان (مەدینە) بەرلەوە ئەڵێن: باشـە ئێوە لەکوێبوون، بۆچی لێرە کۆچتان نەکردو لەگەڵ موشـریکەکاندا مانەوە ؟! ئەڵێن: ئێمە لەو وڵاتەی مەککەدا بێ دەسـەڵات و لاوازکـرا بووین، نەمان دەتوانی بۆهیچ لایە کۆچ بکەین و بەناچاریی هەر لەوشـوێنە ماینـەوە ، فریشـتەکان ئەڵێـن: ئایا زەویی خوا فـراوان و ئاواڵە نەبوو تا لەوێ کۆچ بکەن و برۆنە جێگایەکی ترو، بەئازادانە خواپەرسـتی خۆتانتـان کردبا؟ جـا لەقیامەتـدا ئەنـواو جێگایـان جەحەننەمـەو، ئەویش چارەنووسـێکی نالەبـارو خراپـە (٩٧) ئـەو پیـاوو ژن و منداڵانـە نەبێ کە توانـای هیـچ خۆدەربازکردنێکیـان نییـە و شـارەزای رێگـەش نیـن و رێ دەرناکـەن (٩٨) جـا بێگومـان خـوا لەوانە ئەبووریٚ و خوا هەمیشـە گوناه پۆشی لێبوردەیە، لەخاوەن بیانوانیش بیانوو وەردەگرێت.(٩٩) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرْضِى وَٰسِعَةٌ فَإِيَّٰىَ فَٱعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾العنکبـوت: ٥٦ واتـە : ئـەی ئـەو بەندانـەم بڕواتـان هێنـاوە بەڕاسـتی زەویـی مـن پان و فروانـە، ئەگەر لـە (مەککە)ئەزیـەت دەکرێن، دەسـا کـۆچ بکـەن و بچنـە (مەدینە) وە یان بۆ هـەر جێگایەکی تر، ئیتر بۆ هـەر لەمەککـە دانیشـتوون و قبووڵـی ئەو گش ئازارو بێزارە دەکەن؟ سـا

ئەگەر نەتاندەتوانی لە جێگەی بە ئازادانە پەرەستش بکەن بگوێزنەوە بۆ جێگەیەکی تر سا هەر لەوێ پەرەستشی من بکەن )

(البغوي ) دەفەرموێت : هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو موسڵمانانە بـوو کـە لـە مەککە مابوونـەوە و هیجرەتیان نەکردبوو ، خـوای گەورە بە ناوی ئیمانەوە بانگی ئەوانی کردووە)، وە بەڵگەش لە سوننەتدا دەربارەی هیجرەت ئەو فەموودیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (**لا تنقطع الهجــرة حتى تنقطع التوبة، ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشــمس من مغربها**)

واتــە : هیجــرەت کۆتایی پێ نایــەت و نابڕێتەوە تاوەکو تەوبە نەبڕێتەوە و کۆتایـی پـێ نەیەت، وە تەوبەش کۆتایی پێ نایەت ونابڕێتەوە تاوەکو ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە دەرنەچێت)

**هیجرەت دەبێتە سێ بەشەوە :**

- هیجرەت لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ئەوا حوکمی واجبە .
- هیجرەت لە مەککەوە بۆ مەدینە ئەم جۆرەش نەما و کۆتایی پێهات بە رزگار کردن شاری مەککە .
- هیجرەت لە هەموو ئەوەی خوای گەورە واجبی کردووە هەجر بکرێت لە هەر کردارێک و بکەرێک و کات و شوێنێک .

**کـردار** : هەموو ئـەو شتانەی خـوای گـەورە حـەرامی کـردووە ، لـەسـەرووی هەموویانەوە شیرک .

**بکەر** : کافران و دووڕووەکان و جگە لەوان .

**کات** : وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەو کاتانەی کە بێباوەڕان ئاهەنگی تیادا دەگێڕن.

**شوێن** : وازهێنان ودوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی کە بێباوەڕان ئاهەنگی تیادا دەگێڕن.

- تەوبە بە یەکێ لەم دوو کارە دەبڕێتەوە و نامێنێ :

١/ دەرکەوتنی رۆژ لە رۆژئاواوە .

٢/ ئامادەبوننی مردن (گیانەڵا) ﴿ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٔـٰنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ ﴾ النساء: ١٨) واتە : وە تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەوانە نییە کە بەدرێژایی تەمەنیان، خەریکی گوناح و تاوانن تا لەسات و کاتی گیانەڵا و مردندا دەڵێ: بێگومان لەوکارانەم پەشیمانم، دیارە ئەوجۆرە تەوبەیە لای خوا وەرناگیرێ وە بۆ ئەوکەسانەش بەکافری دەمرن تەوبە قبووڵ نییە، واتە: ئەگەرچی لەکاتی سەرەمەرگیشدا تەوبە بکەن ، هەر لێیان وەرناگیرێ)

مەبەست لە (**لا هجرة بعد الفتح**)[٦] واتە : لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە . ئەمەش ئاماژەیەکە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کەوا شاری مەککە جارێکی تر ناگەڕێتەوە و ببێتەوە شارێکی کوفر .

> کاتێ لە شاری مەدینە جێگیر بوو فەرمانی کرد بە ئەودوای شەریعەتەکانی ئیسلام ، وەکو : زەکات و رۆژوو و حەج و جیهاد و بانگدان و فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە و جگە لەوانە لە شەریعەتەکانی تری ئیسلام.
>
> بەم کارە بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو ، وە لە پاش ئەوە کۆچی دوایی کرد -صەلاَت و سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت- .
>
> وە دینەکەی ماوەتەوە ، ئەمەش دینەکەیەتی ، هیچ خەیرێک نییە ئیللا نیشانی ئوممەتەکەی داوە ، وە هیچ خراپەیەک نییە ئیللا ئوممەتەکەی لێ ئاگادار کردووەتەوە .
>
> وە ئەو خەیرەی کە رێنمویی کردووین بریتییە لە تەوحید و هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێی خۆشە و پێی رازییە .
>
> وە ئەو شەرەی کە ئاگاداری کردووینەتەوە بریتیە لە شیرک و هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێ ناخۆشە و پێی رازی نییە .

٦) قال الشيخ الألباني : ( صحيح ) انظر حديث رقم : ٧٥٦٣ في صحيح الجامع.

(١) شـیخ ابـن العثیمیـن دەفەرموێت : زەکات لەسـەرتادا لە شـاری مەککە فەرزکـرا ، بـەڵام نیصابەکـەی تەقدیـر نەکرابـوو وە واجـب تێیـدا تەقدیـر نەکرابوو ، وە لە شاری مەدینە نیصاب و واجبەکی تەقدیر کرا )

(٢) پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لە سـاڵی دەی کۆچی کۆچـی دوایی کرد ، وە لە ژوورەکەی عائیشەدا نێژرا .

(٣) (**لا خـیر إلا دلَّ الأمة علیه ، ولا شـَّر إلا حذَّرها منه**) پێویسـتە شـایەتی بدەین کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سپاردەکەی بە جوانی گەیاند و پەیامەکەی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتەکەی کرد و لە پێناوی خوادا بە تێروتەسەلی جیهادی کرد و حەقی جیهادەکەی دا ، وە ئێمەی لە سـەر راسـتە رێیەکی سـپی بە جێ هێشـت ، شەوەکەشـی وەکو رۆژ روناکە هیچ کەسـێک لێی لانادات ئیللا بە هەلاکەتدا دەچێت .

## گەورەترین حەرامکراوەکان

| شیرکی گەورە | شیرکی بچووک | تاوانە گەورەکان | تاوانە بچووکەکان |
|---|---|---|---|
| شیرکی گەورە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات | شیرکی بچووک خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات . | تاوانە گەورەکان بریتیین لەو تاوانانەی کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە | تاوانە بچووکەکان بریتییە لەو کارە حەرامانەی کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری نەکراوە . |

خوای گەورە پێغەمبەری بۆ هەموو خەڵکی ڕەوانە کرد ، وە گوێڕایەڵی خۆی فەرز کردووە بە سەر هەموو (الثقلين)دا واتە : مرۆڤ و جنۆکەکان.
بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ﴾ الأعراف: ١٥٨ واتە : ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ! بڵێ: ئەی خەڵکینە! چاک بزانن کە: من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆلای سەرجەم ئێوە) .

وە خوای گەورە دینەکەی پێ تەواو و کامل کرد .
بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ﴾
المائدة: ٣ واتە : وا لەئەمرۆوە بەرنامەو ئایینەکەتانم بەپایان گەیاند، واتە: لەبارەی ئاقیدەو جیهادەوە، لەبارەی حەڵاڵ و حەرامەوە، هەموو شتێکم بۆ تەواوکردن وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ تەواوکردن سەرم خستن بەسەر دوژمنانتاناو ڕینماییم کردن بۆ ڕێگەی ڕاست، ئیتر نەپێویست بە پێغەمبەرێ تر هەیەو، نە قورئانێکی دیکە ئیسلامیشم بەبەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردن و نابێ هیچ کاتێک لێی لابدەن و خۆکلا بکەن) .
بەڵگەش لەسەر مردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ الزمر: ٣٠ - ٣١ واتە: بەڕاستی ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەمریی و، ئەوانیش هەر ئەمرن، واتە: لەداهاتوودا هەمووتان ئەمرن، جا ئەو کاتە خوا دادگایی ئەکات و هەق و ناهەق دەرئەکەوێ (٣٠) پاشان ئێوە لە ڕۆژی قیامەتیشدا لەلای پەروەردگارتاندا دەمەقاڵێ و کێشمەکێش دەکەن(٣١)

(١) خـوای گـەورە پێغەمبـەری (ﷺ) بـۆ هەمـوو خەڵکـی ڕەوانە کـرد ، وە بەو ڕەوانە کردنە هەموو شـەریعەتەکانی پێش خۆی نەسـخ کردەوە ، جا جولەکە و گاورەکان لە سـەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و لە سـەردەمی ئەمرۆماندا ئەگـەر ئـەم بانگەوازەیـان پـێ گەیشـت و نەهاتنە نـاو دینەوە ئەوا کافرن ، هەرچەندە لەسـەر ئەو دینە بن وەکو ئەوەی موسـا و عیسـا لەسەری بوون ، بەڵگەش لەسەر ئەوە :

١- خـوای گـەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا ﴾ آل عمران: ٦٤ واتە : ئەی پێغەمبـەر (ﷺ) ! بەخـاوەن نامـەکان بڵـێ: وەرن بـا ئێمەو ئێوە لەسـەر و شـەو بەرنامەیەک سووربین کە بۆ هەردوولامان چوونیەکەو یەکسانەو، پەیامبەرانیش هەموو هاودەنگ بوون لەسەری و، واز لەو تەفرەقەیە بێنن وەرن بـا جگـە لەخوا کەسـێکی تر نەپەرسـتین و، هیچ شـتێکیش نەکەینە شەریک و هاوبەشی)

٢- خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ﴾ التوبة: ٢٩ واتە : لەگەڵ ئەوانەشدا بجەنگێن ‹ئەی بڕواداران› کە بەخواو، بـە ڕۆژی دوایـی بـێ باوەڕن و هـەر شـتێکیش خـواو پەیامبەرەکەی ئەو حەرامیان کردبێ، ئەمان بە حەڵاڵ و ڕەوای دادەنێن و ملکەچی ئەم دین و ئایینە هەقەش نابن، کە تەنها ئەو دینەش ڕاست و دروستە›. ئەوانەش دەبـێ ئـەو جەنگەیـان لەگەڵ بکرێت ، خاوەن کتێب نامەکانن، موسـایی و عیسایین)

٣- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (**والذي نفسي بيده لا يسمع بي يهودي ولا نصراني ثم لا يؤمن بي إلا كان من أهل النار**) واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هیچ کەسێک لە جولەکە و گاورەکان پەیامەکەی منی پێ گەیشتبێت ئەمجار باوەڕم پێ نەهێنی ئیللا دەبێتە ئەهلی دۆزەخ ) .

(٢) ئەم ئایەتەیە وەڵامی بیدعەچییەکانی تیادایە .

## پێنجەم : کۆتایی

وە خەڵکی ئەگەر مردن ئەوا زیندوو دەکرێنەوە ، وە بەڵگەش ئەو
ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ﴾
طه: ٥٥) واتە : لە سەرەتاوە ئێوەمان هەر لەو زەوییە دروستکرد وە لەودا
دوای مردن ئەتانگێڕینەوە بۆ گڵ وە جارێکی تر لەودا ئەتانهێنینەوە دەرو
زیندووتان ئەکەینەوە).
وە دەفەرموێت : ﴿ وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجٗا
﴿١٨﴾ ﴾نوح: ١٧ - ١٨ واتە : وە خوای تاک و تەنیایە ئێوەی لە توخمەکانی
زەوی رووانـدونـی بەرووانـدن وەک رووەک و گیـا (١٧) پاشـان - دوای
مردنتان- ئەتانگێڕێتەوە بۆ ناوی و لەوێ بەفەرمانی خۆی ئەشاردرێنەوەو
ئەتانهێنێتـەوە دەرێ ، لـە زەوی بەدەرهێنـان، واتـە: زیندووتان ئەکاتەوەو
بەدادگەرانەش پاداش و تۆڵەتان دەست ئەکەوێتەوە(١٨) .
وە لە پاش مردن لێپرسینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت و پاداشتی کردەوەکانیان
وەردەگرن ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا
فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ بِمَا عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ بِٱلۡحُسۡنَى ﴾ النجـم: ٣١
واتە : هەر بۆ خوایە چی لەئاسمانەکان و چی لە زەویدایە، واتە: هەرچییان
تێدایـە موڵـک و دروسـتکراوی ئـەوە تا لەپاشـە رۆژدا پاداشـی بەدکاران
بداتـەوە بەکارەکانیـان و پاداشـتی چاکەکارانیـش بداتـەوە بە پاداشـتێکی
چاکتـر)، وە هەر کەسـێک بـاوەڕی بە زیندووبوونـەوە نەبێت ئەوا کوفری
کـردووە ، وە بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیە کـە دەفەرموێـت : ﴿ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن
لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿٧﴾ ﴾ التغابـن: ٧
واتـە : ئەوانـەی کافرو بێ بڕوا بوون گوتیان : هەرگیزپاش مردن

زیندوو ناکرێنەوە! پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ)! بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم بێگومان لە گۆڕەکانتاندا دەر ئەهێنرێن و زیندوو ئەکرێنەوە پاشان لەهەر کارو کردەوەیەک ئەنجامتان داوە ئاگادار دەکرێن، لەگەورەو لە بچووک، و هەر بەوەش پاداشت دەدرێنەوە ئەوەیش بۆ خوا کارێکی ئاسانە، چونکە ئێوە خۆتان ئەزانن کە لەسەرتاوە شتێک نەبوون و وجوودتان نەبوو، پاشان دروستیکردن و بوون، باشە ئیتر چۆن ناتوانێ زیندووتان بکاتەوە؟!)

خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی رەوانە کردووە موژدەدەر و ترسێنەرن ، بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت :﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ﴾النساء: ١٦٥ واتە : گشتیان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەر بوون)

یەکەمیان (نوح)ە و دواییینیان (محمد) ە (ﷺ) ئەویش کۆتا پێغەمبەرە .

بەڵگەش لەسەر ئەوە کە یەکەمیان (نوح) ە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ﴾ النساء: ١٦٣ واتە : ئێمە وەحیمان بۆ تۆ کرد، هەروەکو بۆ (نووح) و پێغەمبەرانی دوای ئەویشمان کرد) .

وە خوای گەورە فەرزی کردووەتە سەر هەموو بەندەکان کوفر بە تاغوت بکەن و ئیمان بە خوا بهێنن ، ابن القیم فەرموویەتی : (تاغوت : هەرچی شتێک بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو (معبود) وشوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) –متبوع- و گوێڕایەڵکراو (مطاع)) .

وە هەموو ئوممەتێک خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ رەوانە کردووە ، هەر لە (نوح)ەوە تاوەکو (محمد) (ﷺ) فەرمانیان پێ دەکات بە پەرستنی خوای تاک و تەنها و نەهی لێکردوون لە پەرستنی تاغوت .

بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیە کـە دەفەرموێـت : ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ﴾ النحـل: ٣٦ واتـە : بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەک لەهەموو سەردەمێکدا پەیامبەرێکمان نـاردووە بـۆ ئـەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرسـتن و لە(تاغووت) و یاسـا پوچەڵەکان دووربن ) .

**وە تاغوتەکان زۆرن ، سەرەکییەکانیان پێنج دانەن :**

ئیبلیس –لەعنەتی خوای لێ بێت– ، وە هەرکەسـێک بپەرسـترێت و خۆی پێی رازی بێت ، وە هەرکەسـێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرسـتنی خۆی، وە هەرکەسـێک بانگەشـەی شـتێک بـکات لـە زانینـی عیلمـی غەیـب ، وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە .

بەڵگـەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێـت : ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ ﴾ البقـرة: ٢٥٦ واتە : لەم دینی ئیسـلامەدا داسـەپاندن و ناچارکردن و زەبرو زەنگ نیە بۆدینداریی و وەرگرتنی ئایینی ئیسلام ، چونکە بێگومانە کەرێگای چاک و راسـت لە رێگای ناڕاسـت و کوفرو توولە رێگاکان لێک جیاکراوەتەوە و ئاشـکراو نمایانـە، جـا لەبەر ئـەوە نایەوێ زۆر لە هیچ کەسـێک بکرێت بـۆ ئیسـلامبوون و هەر کەسـەش بەمەیلـی خۆیەتی ، ئینجا هەرکەسـێک باوەڕی بە ‹تاغوت› نەبێت، دیارە تاغووت ئەو کەسـەیە کە لە سـنووری خـوا دەرچـێ و، بەرنامـە چەوتـەکان قبـووڵ کا، جا هەرکـەس خۆی لەو جۆرە شـتانە دوورگرت و باوەڕی بەخوا هێنا ئەوە بێگومانە دەسـتی بە هەنـگڵ و بەهۆکارێکـی پتـەوو قایمـەوە گرتووە )ئەمەش مانـای (لا اله الا الله)یە ، وە لە فەرمووودەدا هاتووە : **(رأس الأمر الإسـلام ، وعموده الصلاة ، وذروة سنامه الجهاد في سبيل الله)** (صحيح) السلسلة الصحيحة (١١٢٢) للالباني

(١) هەموو خەڵكی تامی مردن دەچێژن بە بێ گومان ، وە زیندوو دەكرێنەوە بـۆ رۆژێكـی مـەزن ، ئەویش رۆژی قیامەتـە ، ئەمجار لێپرسـینەوەیان لە گەڵدا دەكرێت و هەریەكە بە پێی كردەوەكەی خۆی پاداشت وەردەگرێت .

(٢) هەركەسێك زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەی بە درۆخستەوە ( باوەڕی پـێ نەبـوو) ئـەوا كوفری كـردووە ، چونكە نكوڵی لە پایەیـەك لە پایەكانی ئیمانی كردووە .

(٣) (نـوح) یەكـەم پێغەمبـەرە (رسـول)ە (ﷺ) ، بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیـە كـە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ﴾
بەڵام یەكەم پێغەمبەران (نبی) ئەوا ئادەمە ، بەڵگەش : كەوا پرسیار كرا لە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەربارەی ئادەم ئایە پێغەمبەرە (نبی)یە ؟ فەرمووی (ﷺ) : **(نبي مُكلَّم)**[٧] .
وە كۆتا پێغەمبەران (نبی و رسول) محمد ە (ﷺ) ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێت : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾ الأحزاب: ٤٠ واتە : موحەممەد (ﷺ) باوكی هیچ پیاوێكتان نییە، نە زەیدو نە كەسی دیكەتان هەتا حەرام بێت ژنی بە كوڕكراوی خۆی- پاش تەڵاقدانی- مارەبكات، چونكـە كـچ وكوڕی ئەو ئاشـكران و بێ لەوان كەسـێتر نابێتە كـچ وكـوڕی، بۆیە دەتوانێ ژنەكەی زەید مارە بكات بەڵكو ئەو پەیامبەری خوایەو دواهەمینی پەیامبەرانە، كۆتایی زنجیرەی پەیامبەرانی پێهاتووە) .

جـا هەر كەسـێك بانگەشـەی پێغەمبەرایەتی كـرد (النبوە یان الرسـالە) لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا كەسێكی درۆزن و كافرە ، وە هەر كەسێك باوەڕ بەم كەسە بكات ئەوا ئەویش وەكو ئەو كافرە .

---

٧) سلسلة الأحاديث الصحيحة (٢٦٦٨) للالباني .

خـوای گـەورە پێغەمبەرانـی رەوانە کـردووە کە موژدەدرە و ترسـینەرن ، وە هەموویـان یەکدەنگن لەسـەر بانگـەوازی تەوحید و دژایەتـی کردنـی تاغـوت و شـیرک بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە ، بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرمویـت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا ﴾واتـە: لەهەمـوو تاقمێکدا ﴿ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ ﴾خـوای گـەورە بە تەنها بپەرسـتن، ﴿وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾هەمـوو تاغوتـەکان بخەنـە لایـەک و خۆتانش بچنە لایـەک ، ئەمـەش رەوانبێژتـرە لە رێگری کـردن و دوورکەوتنـەوە لێیان ، ئەویش لە بەجێگەیاندنی بەریبوونە لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان).
خـوای گـەورە فەرزی کردووەتە سـەر هەموو بەنـدەکان کوفر بە تاغوت بکـەن و ئیمـان بـە خـوا بهێنـن ، وە پێویسـتە کوفر بـە تاغوت بکرێت لە سەرەتاوە پێش ئیمان هێنان بە خوا : ﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ ﴾.

**تاغوت** : بریتیە لەوەی بەندە لە سنوری خۆی پێی دەردەچێت لە پەرستراوێک (وەکـو دار و بـەرد) یـان وشـوێنکەوتەکراو (چاولێکـراو) (وەکـو زانایانی خراپەکاری) یان گوێڕایەڵکراو (وەکو ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون)
وە تاغوتـەکان زۆرن ، سـەرەکییەکەیان پێنـج دانـەن : ئیبلیـس –لەعنەتـی خوای لێ بێت– (شەیخ لێرەدا لەعنەتی لێکردووە وەکو بابەتی هەوالْدانێک) وە هەرکەسێک بپەرستریت و خۆی پێی رازی بێت ، وە هەرکەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرسـتنی خۆی ، وە هەرکەسـێک بانگەشەی شتێک بکات لە زانینی عیلمی غەیب ، وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە .

**حوکم کردن بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە باسی دوورو درێژی تیادایە :**

**کوفری گەورە**

ئەگەر باوەڕی وابێت کەوا حوکمی مرۆڤەکان وەکو حوکمی خوایە یان لەو باشترە .

**کفر دون کفر**

هەرکەسێک باوەڕی وابێت کەوا حوکم بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە پووچەڵە بەڵام حوکمی پێ دەکات لەبەر ئارەزوویەک یان خۆشەویستی دەسەڵات یان جگە لەوە لە هەر هۆکارێک بێت .

**پێشەوا (ابن القیم) جیهادی کردووەتە چوار مەرتەبەوە :**

- جیهادی نەفس ئەمە بە زانست و کردار و بانگەواز لە ڕێی خوادا و ئارامگرتن دەبێت .
- جیهادی شەیتان ئەمەش بە وازهێنان لە گومانەکان (شیرک و بیدعە) و شەهەوات (تاوانە گەورەکان و تاوانە بچوکەکان) دەبێت .
- جیهادی بێباوەڕان و دووڕووەکان : ئەمەش بە دڵ و زمان و سامان و نەفس دەبێت .
- جیهادی خاوەن ستەم و بیدعە و مونکەرەکان ، ئەمە بە دەست و زمان و دڵ دەبێت .

## کۆتایی :

پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ژیر کەوا لەم دەقە مەزنە وردبێتەوە و بە بایەخێکی زۆر تایبەت بایەخی پێ بدات ، لەبەر بوونی چەندین بنەمای مەزن تیایدا کە هەموو مرۆڤێک لە گۆڕەکەیدا پێویستی پێ دەبێت .

والله أعلم وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم

| | | | |
|---|---|---|---|
| سێ بنچینەکە (بە کورتی بریتیە لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ) ، بەڵگەکانیان ، بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ بۆ سێ بنچینەکە دەخوێنین ؟ چ سوودێک هەیە لە خوێندنیدا ؟ | چوار مەسەلەکە و بەڵگەکەی (سورەتی العصر) | زانست و زانیاری | ناسینی خوای گەورە و ناسینی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەوە (واتە سێ بنچینەکە) . |
| | | کارکردن پێی | يهتف العلم بالعمل فإن أجابه وإلا أرتحل<br>واتە زانست بانگی کارکردن دەکات ئەگەر وڵامی دایەوە ئەگەر نا کۆچ دەکات و دەڕوات .<br>وعالم بعلمه لم يعملنْ معذّبٌ من قبل عُبَّاد الوثن<br>واتە : هەر زانایەک کار بە زانستەکەی نەکات ئەوا سزاکەی لە پێش بت پەرستانەوە دەبێت . |
| | | مەرجەکانی بانگەواز | بانگەواز کردن بۆی : ئیخلاص ، زانستی شەرعی ، زانینی حاڵی ئەو کەسەی بانگ دەکرێت ، دانایی و حیکمەت ، ئارامگرتن |
| | | | یەکەم شتێک بانگەوازی بۆ دەکرێت تەوحیدە ، ئەمە بانگەوازی پێغەمبەرانە ، وە بەرزترین پلەکانی بانگەواز تەوحید و نەفی شیرکە . |
| | | ئارامگرتن | ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە (وەکو نوێژ) ، ئارامگرتن لە ئەنجام نەدانی سەرپێچی خوای گەورە تاوەکو لێی بە دوور دەبێت (وەکو ڕیبا). ئارامگرتن لەسەر قەدەرە بەئازارەکان (وەکو هەژاری) |
| | | | واتە : ئارامگرتن لەسەر زانست ئەمجار لەسەر کردار ئەمجار لەسەر بانگەواز . |
| | سێ مەسەلەکە | تەوحیدی پەروەردگاریتی (ئەو کەسەی کە تەنهایە لە پەروەردگاریتیدا پێویستە بە تەنها بزانرێت لە خوداوەندیتیدا) و تەوحیدی ناو و صیفاتەکان . | |
| | | تەوحیدی خوداوەندیتی (ئیخلاص) : خوای گەورە ڕازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە هاوەڵ لە پەرستنیدا ، نە فریشتەیەکی نزیککراو و نە پێغەمبەرێکی نێردراو . | |
| | | بەریبوون لە شیرک وئەهلەکەی (موشریکەکان) : بە دڵ ( ڕقلێبوونی بێباوەڕان) وە بە زمان ﴿إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ﴾ الزخرف: ٢٦ وە بە ئەندامەکان (بەشداری نەکردنیان لە جەژن و ئاهەنگەکانیان و خۆچواندن بەوان) | |

| | | |
|---|---|---|
| سێ بنچینەکە (بە کورتی بریتیە لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ)، بەڵگەکانیان، بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ بۆ سێ بنچینەکە دەخوێنین ؟ چ سوودێک هەیە لە خوێندنیا ؟ | هۆکاری خوێندنی تەوحید | **الحنيفية** : بریتییە لەو میللەتەی کە لە شیرک لایداوە و لەسەر ئیخلاص و تەوحید بنیات نراوە . |
| | | **لە زمانەوانیدا** : چاوگی وشەی (وحّد يوحّد توحيداً) ، وحّد الشيء : ئەگەر کردیە یەک دانە . |
| | | **لە شەرعدا** : بە تاکدانانی خوای گەورە بەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگاریتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان . وە جۆرەکانی سێ دانەن : |
| | | **تەوحیدی پەروەردگاریتی (الربوبية)** : بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە بە کردەوەکانی ، بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن (داهێنان) و موڵک و بەڕێوەبردندا . **تەوحیدی خوداوەندێتی (الالوهية)** : بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە بە پەرستن ، یان بە کرداری بەندەکان. تەوحیدی ناو و صیفاتەکان : بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی کە ناوی خۆی ناوە یان وەصفی خۆی کردووە لە کیتابەکەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە دەربارەی خۆی بە بێ هیچ لادانێک (تحريف) یک وهیچ لەکارخستنێک (تعطيل) و چۆنیەتیەک (تکييف) و لێکچواندنێک (تمثيل)یک . |
| | | **شیرک** : بریتییە لە بانگکردن و داواکردن لە جگە لەخوا لە گەڵ خوادا ، ئەویش گەورەترین تاوانە لەسەر زەویدا ئەنجام دەدرێت . |
| | سێ بنچینەکە | **ناسینی خوای گەورە** : کێ پەروەردگارتە؟ بە چی خوات ناسی؟ (الرب) بریتییە لە پەرستراو ، جۆرەکانی پەرستن ، حوکمی ئەو کەسەی جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ جگە لەخوا ئەنجامدا لە گەڵ بەڵگەدا . |
| | | ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەکانیەوە ، پێناسەی ئیسلام ، پلەکانی دین ، پایەکانی ئیسلام ، پێناسەی شایەتیدان ، پایەکانی ئیمان ، لقەکانی ئیمان، ئیحسان ، بەڵگەی پلەکانی دین ، نیشانەکانی قیامەت . |
| | | ناسینی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، رەچەڵەکی ، لەدایکبوونی، تەمەنی، پێغەمبەرایەتی و پەیامەکەی ، شارەکەی ، حیکمەت لە رەوانەکردنی ، سەردەمی بانگەوازکردنی بۆ تەوحید ، ئیسرا و میعراج ، لە کوێ و کەی نوێژی لەسەر فەرز کرا ؟ کۆچکردن و حوکمەکەی و کاتەکەی، کەی ئەودوای شەریعەتەکان فەرز کرا ؟ ماوەی بانگەوازەکە ، کۆچی دوایی، ئەو دینەی کە هێناویەتی، گشتگیری پەیامەکەی بۆ مرۆڤ و جنۆکە ، کاملبوونی دین و نیعمەتی ئیسلام . |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سێ بنچینەکە (بە کورتی بریتیە لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ) ، بەڵگەکانیان ، بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ بۆ سێ بنچینەکە دەخوێنین ؟ چ سوودێک هەیە لە خوێندنیدا ؟ | کۆتایی | زیندووبوونەوە لە پاش مردن و لێپرسینەوە لەسەر کردارەکان ، کوفری ئەو کەسەی باوەڕی بە زیندووبوونەوە نییە ، کاری پێغەمبەران و بانگەوازەکەیان ، یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) و دواییینیان ، دوو روکنەکەی تەوحید: کوفرکردن بە تاغوت و ئیمان هێنان بە خوا ، پێناسەی تاغوت ، تاغوتە سەرەکییەکان ، چۆنییەتی کوفر کردن بە تاغوت ، مانای (**لا اله الا اللّه**)، ئیسلام سەری دینە ، کۆڵەکەی دین نوێژە ، لوتکەی هەرەبەرزی دین لە جیهاددایە . | | |
| | | جۆرەکانی جیهاد | **جیهادی نەفس** | بەو شێوەیە دەبێت کە لەسورەتی (العصر)دا هاتووە ( زانست و کارکردن و بانگەوازکردن بۆی و ئارامگرتن). |
| | | | **جیهادی شەیتان** — شەهەوات | تاوانە گەورەکان : بریتییە لەو تاوانانەی کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە . |
| | | | **جیهادی شەیتان** — شەهەوات | تاوانە بچووکەکان : بریتییە لەو کارە حەرامانەیە کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری نەکراوە |
| | | | **جیهادی شەیتان** — گومانەکان (شبهات) | شیرکی گەورە (خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات ) ، شیرکی بچووک . |
| | | | **جیهادی شەیتان** — گومانەکان (شبهات) | بیدعەکان |
| | | | **جیهادی بێباوەر و دووڕووەکان** | بە دڵ و زمان و ئەندامەکان و سامان دەبێت . |
| | | | **جیهادی خاوەن ستەم و بیدعە و مونکەرەکان** | بە دەست و زمان و دڵ دەبێت |

| | |
|---|---|
| تاغوت | بریتیە لەوەی بەندە لە سنوری خۆی پێی دەردەچێت لە پەرستراوێک (معبود) (وەکو دار و بەرد) یان شوێنکەوتەکراوێک (چاولێکراوێک) (متبوع) (وەکو زانایانی خراپەکاری) یان گوێرایەڵی کراوێک (مطاع) (وەکو ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون) .<br>وە تاغوتەکان زۆرن ، سەرەکییەکەیان پێنج دانەن : ئیبلیس -لەعنەتی خوای لێ بێت- (شەیخ لێرەدا لەعنەتی لێکردووە وەکو بابەتی هەواڵدان) وە هەرکەسێک بپەرسترێت و خۆی رازی بێت، وە هەرکەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی ، وە هەرکەسێک بانگەشەی شتێک بکات لە زانینی عیلمی غەیب ، وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە |

**والله اعلم وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه وسلم**

## تاقیكردنەوە لە سێ بنچینەكە و بەڵگەكانی

**وەڵامی راست لە نێو كەوانەكاندا هەڵبژێرە :**

١. سێ بنچینەكە بە كورتی بریتییە لە پرسیارەكانی ناو گۆڕ : (راستە – هەڵەیە)
٢. نووسەر دوعای كردووە بۆ خوێنەر لە سێ بنچینەكە لە : ( دوو جێگا – سێ جێگا )
٣. لە تایبەتمەندییەكانی كتێبەكانی نووسەر : ( سووک و ئاسانی دەستەواژەكان – گشتگیری ئەمجار تەفصیل – بەڵگە هێنانەوە لە كیتاب و سوننە – دوعاكردن بۆ قوتابی – وەڵامی گومانەكانی سەردەم – زۆری راڤەكان لەسەری – هێنانەوەی پرسیاری گرنگ و ئەمجار وڵامدانەوەی – خوای گەورە لە ناو خەڵكیدا قایلبوونی پێ بەخشیوە – هەموو ئەوانەی باسكرا) .
٤. دەكرێت دەقی سێ بنچینەكە بكەینە : (٥ – ٦ ) بەشەوە .
٥. خوێندنی تەوحید : ( فەرزی كیفایەیە – فەرزی عەینە )
٦. بەڵگەی چوار مەسەلەكە : سورەتی (العصر – الاخلاص)
٧. هەركەسێ فێربوو وە كاری پێی نەكرد ئەوە دەچوێنرێت بە : (گاورەكان – جولەكەكان – هەموو ئەوانەی باسكرا)
٨. ئارامگرتن دەبێتە : ( دوو بەشەوە –سێ بەشەوە )
٩. مانای ئەو قسەیەی (شافعی) دەربارەی سورەتی (العصر) كەوا ئەو سورەتە : ( بەسە بۆ ئیقامە حوججە – بێ نیازمان دەكات لەو دوای سورەتەكان)
١٠. هەركەسێك باوەڕی بە یەكێك لە جۆرەكانی تەوحید هێنا بە بێ ئەوانی تر ئەوا كەسێكی یەكتاپەرست نییە : (راستە – هەڵەیە)
١١. بەریبوون لە شیرك و ئەهلەكەی (موشریكەكان) ئەنجام دەدرێت بە : ( بە دڵ و زمان و ئەندامەكان – بەریبوون لە كردار و بكەرەكە – هەموو ئەوانەی باسكرا)
١٢. مەبەست لە (المساجد) لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : ( وأن المساجد لله) : ( مزگەوتە بنیاتنراوەكان – ئەندامەكانی سوژدە بردن – ئەو زەوییەی كە سوژدەی لەسەر دەبرێت – هەموو ئەوانەی باسكرا)
١٣. ڕێگای سەلەف : ( بەڵگەهێنانەوە ئەمجار باوەڕهێنانە – باوەڕهێنان ئەمجار بەڵگەهێنانەوەیە)

١٤. هەرکەسێ لە زانایانمان گومڕا بوو ئەوا دەچوێنرێت بە : ( جولەکە – گاور)
١٥. هەرکەسێ لە عابیدەکانمان گومڕا بوو ئەوا دەچوێنرێت بە : ( جولەکە – گاور)
١٦. سێ مەسەلەکە هەمان سێ بنچینەکەیە : (ڕاستە – هەڵەیە)
١٧. دوعا دابەش دەبێتە : (دوعای پەرستن و دوعای مەسەلە – دوعا بە زمانی حاڵ و دوعا بە زمانی وتن)
١٨. دوعای مەسەلە دەبێتە : (دوو بەشەوە – چوار بەشەوە)
١٩. خەڵکی لە باوەڕبوون بە هۆکارەکان بوونەتە : ( دوو بەش و ناوەندێک – شیرکی گەورە و شیرکی بچوک و دروست)
٢٠. دروستە داوای یارمەتی بکەیت لە دروستکراو : ( بە ڕەهایی – لەوەی توانای لەسەرە – لەوەی توانای لەسەر بە چوار مەرج )
٢١. مانای **لا الـه الا اللّه** : (بەتوانایە لە داهێناندا – هیچ پەرستراوێک نییە تەنها **اللّه** نەبێت – هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە **اللّه** نەبێت – هەموو ئەوانەی باسکرا)
٢٢. نزیککردنەوە لە نێوان دینەکاندا : ( دروستە – لە تاوانە گەورەکانە – کوفرە)
٢٣. بەڵگەکان لە سەر بوونی خوا بە گشتی : (زۆرن – چوار دانەن)
٢٤. ئایە فریشتەکان دڵیان هەیە : ( بەڵێ – نەخێر)
٢٥. پەیوەندی نێوان تەوحید و ئیمان ئەوەیە کە ئیمان گشتییە و تەوحید بەشێکە لێی : ( ڕاستە – هەڵەیە)
٢٦. پایەکانی ئیمان : ( ٥- ٦- ٨) دانەن .
٢٧. موشریکەکان شتێکیان بۆ هەیە لە پەرستنەکانیاندا : ( ڕاستە – هەڵەیە)
٢٨. هەر کەسێک پەرسترا لە جگە لە خوا لە کاتێکدا خۆی ڕازی نییە : ( تاغوتە – تاغوت نییە )
٢٩. بە تاکدانانی خوا لە بەڕێوەبەردنی گەردووندا و دابەزاندنی باران تەوحیدی : ( خوداوەندێتی – پەروەدگاریتی – ناو و صیفاتەکان) ە .
٣٠. ئەوەی نەفی دەکات لەگەڵ ئەصلی تەوحیدا: ( شیرکی گەورەیە –شیرکی بچوکە – بیدعەیە)
٣١. واجیب ترین شتە واجب کراوەکان گوێرایەڵی دایک و باوکە : (ڕاستە – هەڵەیە)
٣٢. /گەورەترین حەرام کراوەکان زینا و کوشتنی ئەو نەفسەیە کە خوای گەورە

حەرامی کردووە : (راستە – هەڵەیە)
٣٣.میعراج بریتییە لە سەفەرکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککەوە بۆ (بیت المقدس) : (راستە – هەڵەیە)
٣٤.پێغەمبەری خوا (ﷺ) رەوانە کرا بۆ : ( تەنها قەومەکەی خۆی – بۆ جنۆکە و مرۆڤەکان )
٣٥.پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ( مرد – پێغەمبەران نامرن)
٣٦.هەرکەسێک باوەڕی بە زیندووبونەوە نەبوو ئەوە کوفری کردووە بە کوفری : (گەورە – بچوک)
٣٧.دینی پێغەمبەران : ( یەک دینە – هەر پێغەمبەرەو دینێکی هەبووە)
٣٨.کۆچکردن : ( بە رزگار کردنی مەککە بڕایەوە – ماوەتەوە تاکو رۆژی قیامەت)
٣٩.کۆچکردن بریتییە لە : ( گواستنەوە لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وەڵاتی ئیسلام – وازهێنان لەوەی خوای گەورە حەرامی کردووە ) .
٤٠.دینی ئیسلام کامل بووە ئیللا ئەوە نەبێت کە لە خەوبینینی پیاوچاکاندا هەیە: (راستە – هەڵەیە)
٤١.ئەنجامدانی پەرستن بۆ جگە لە خوا شیرکی : (گەورەیە – بچوکە)
٤٢.پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان حوکمدان بەسەر کردارەکە و حوکمدان بەسەر بکەرەکەدا : ( راستە – هەڵەیە)
٤٣.یەکەم پێغەمبەر ( نبی) : ( نوح – ئادەم)ە .
٤٤.پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) : ( نبی – رسول)ە .

**ئەوەی لە لیستی یەکەمدا دەگونجێ لە گەڵ ئەوەی لە لیستی دووەمدا دیاری بکە :**

| لیستی یەکەم | ژمارە | ژمارە | لیستی دووەم |
| --- | --- | --- | --- |
| تەوحید لە زمانەوانیدا | | ١ | قسەکەی ئەحمەد : ئەگەر بێباوەڕێک ببینم چاوەکانم دەنوقێنم لە ترسی بینینی دوژمنی خوا . |
| تەوحید لە شەرعدا | | ٢ | ئیمان بە هەموو ئەوانەی لە پاش مردن روو دەدەن لە خۆ دەگرێت |
| تەوحیدی خوداوەندێتی | | ٣ | بریتییە لە وتن بە زمان و باوەڕهێنان بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکان و زیاد دەکات بە گوێڕایەڵی و کەم دەکات بە سەرپێچی |
| تەوحیدی پەروەردگارێتی | | ٤ | ئیسلام و ئیمان و ئیحسان |
| تەوحیدی ناو و صیفاتەکان | | ٥ | بۆ خوا و بۆ جگە لە خوا |
| حەنیفیەت | | ٦ | واجیب و درووست و حەرامە |
| یەکەم بانگو فرمان لە قورئاندا | | ٧ | شەرعی و هەستپێکراو ( حسی) |
| هاوشێوە (الند) | | ٨ | پرسیارەکانی ناو گۆڕ |
| ترس (الخشیە) | | ٩ | زانست و کارکردن و بانگەواز و ئارامگرتن |
| پەناگرتن (التوکل) | | ١٠ | ئیخلاص و شوێنکەوتن |
| دوو مەرجەکەی وەرگرتنی کردارەکان | | ١١ | بریتییە لە راستی پشتبەستن بە خوا لە گەڵ سیقە پێی و دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چوار مەسەلەکە بە کورتی | | ١٢ | بریتییە لەو ترسەی کە بنیات نراوە لەسەر زانینی مەزنی و کەمالی دەسەڵاتی ئەوەی لێی دەترسێت |
| سێ مەسەلەکە بە کورتی | | ١٣ | بریتییە لە هاووێنە و هاوشێوە و لێکچوو |
| سێ بنچینەکە بە کورتی | | ١٤ | لە سورەتی (البقرة) |
| هۆکارەکان دابەش دەبنە | | ١٥ | بریتییە لەو میللەتەی کە لە شیرکەوە لایداوە و لەسەر ئیخلاص و تەوحید بنیات نراوە |
| نەزر دابەش دەبێتە | | ١٦ | بە تاکدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی کە ناوی خۆی ناوە یان وەصفی خۆی کردووە لە کیتابەکەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە لە خۆی ، بە بێ هیچ (تحریف) ێک وهیچ (تعطیل) و (تکییف) و (تمثیل)ێک . |
| سەربڕین دابەش دەبێتە | | ١٧ | بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا |
| ترس دابەش دەبێتە | | ١٨ | بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن و موڵک و بەڕێوەبردندا |
| ئیسلام | | ١٩ | بریتییە لە بەتاکدانانی خوای گەورە لەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە |
| پلەکانی دین | | ٢٠ | چاوگی وشەی (وحد) ئەگەر شتێکی کردە یەک دانە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیمان | | ٢١ | هەڵاتنی رۆژ لە رۆژئاواوە یان گیانەڵای مردن |
| ئەوەی ئیمان بە رۆژی دوایی لە خۆی دەیگرێت | | ٢٢ | هەرچی شتێک بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو وشوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) و گوێڕایەڵکراو . |
| لە بە جێگەیاندنی بەریبوون لە شیرک | | ٢٣ | تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناو و صیفاتەکان و تەوحیدی خوداوەندێتی و بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی |
| کاتی بڕان و نەمانی تەوبە | | ٢٤ | تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید ، وە ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی ، وە بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان) . |
| تاغوت | | ٢٥ | ئەوەی لە جگە لە خوا دەپەرسترێت لەسەر شێوەیەک |

# چوار بنەماکە

## به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ان الحمدّ للّه نَحمدُه ونستعينهُ ونستغفرُه، ونَعوذُ باللّه من شرور انفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده اللّه فلا مُضلَّ له، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له، وأشهدان لا إله اله اللّه وحدَهُ لاشريك له، وأشهدُ أنَّ محمَّداً عبدهُ ورسولهُ. أما بعدهُ..

## پێشەکییەک لەبەر دەستی ئەم راڤەیەدا :

**چوار بنەماكە دووەم دەقە لە زنجیرەی ئەو دەقانەی كە لە لایەن قوتابی زانستەوە دەخوێنرێت ، وە بایەخدان بەم دەقە لەسەر چەند هۆكارێك بنیات نراوە لەوانە :**

ئامۆژگاری زانایانمان بە خوێندنەوەی .

وەکو شوێنکەوتنی زانایانی پێشینە چاکەکانمان .

وەڵامی گومانی موشریکەکانی ئەم سەردەمەی تیادایە .

چونکە کورتکراوەی کتێبی (کشف الشبهات)ە

لە پێش کتێبی (کشف الشبهات) دەست دەکەین بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ ئەوەی هیچ گومانێک پەیوەست نەبێتە نەفس و ناخی قوتابی زانستەوە .

**ناوەرۆكی چوار بنەماكە**
**ئەم دەقە دابەش دەبێتە سێ بەشەوە ، ئەوانیش :**

١/ پێشەكی (ناونیشانی بەختیاری)

٢/ گرنگی خوێندنی تەوحید

٣/ بنەماكان

## یەكەم : پێشەكی (ناونیشانی بەختیاری)

**هۆكاری دەستپێكردنی دەقەكە بە (بەسمەلە) لە لایەن نووسەرەوە**

١/ وەكو شوێنكەوتنی كیتابەكەی خوا و پێغەمبەران و نێردراوان (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) .

٢/ وەكو چاولێكردنێكی زانایان و پێشینەكانی پێش خۆی ئەوانەی كە لە نەریتیاندا هەبووە بەرهەم و نوسینەكانیان بە (بەسمەلە) دەست پێبكەن .

٣/ لە رووی تەبەڕووك كردن بە ناوی پیرۆزی خوداوە .

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
داوا لە خوای بەخشندە و خاوەنی عەرشی مەزن دەكەم كە خۆی ئاگاداریت بكات لە دونیا و دوارۆژدا ، وە بتكاتە كەسێكی پیرۆز لە هەر كوێیەک بیت .

لەپاش (بەسمەلە) شەیخ – ڕەحمەتی خوای لێبێت – پێشەکی کتێبەکەی بەدوعاکردن بۆ قوتابی زانست دەست پێکردووە وەکو نەریتێکی خۆی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سوور بوونی و خۆشویستنی قوتابی زانست و داواکردنی لە خوا کەوا تووشی هەموو چاکەیەک بن.

خۆشەویستانی خوا ئەوانەن کەئیمان و تەقوایان لەخۆیاندا کۆکردووەتەوە.

شیخ الاسلام (ابن تیمیە) دەفەرموێت : (( هەرکەسێک ئیماندارێکی خۆپارێز بێت ئەوا وەلی خودایە )) وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣﴾ یونس: ٦٢ – ٦٣ واتە : چاک بزانن و هۆشیاربن ! کە دۆستەکانی خوا – دوا ڕۆژ– هیچ ترس و بیمێکیان لەسەرنیە و دڵ زویرو خەفەتباریش نابن بۆ دونیای پاش خۆیان (٦٢) دۆستی خوا ئەوانەن کە: باوەڕی کامڵیان هێناوەو، هەمیشەش لە خوا دەترسن و خۆدەپارێزن لە هەر شتێ پێویستە خۆپارێزی لێبکەن، بەردەوامیش بە پێی فەرمانی خواو پەیامبەر کاردەکەن (٦٣) .

**البركة** : بریتییە لە زیادەکردن و گەشەسەندن .

**التبرُّك** : داواکردنی زیادەکردن و گەشەسەندن .

**المُبارَك** : ئەوەیە کە سوودی لێ دەبینرێت لە هەر کوێیەک بێت .

## تەبەڕوک دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

**تەبەڕوکێکی دروست**

**تەبەڕوکێکی نادروست (قەدەغەکراو) :** بریتییە لەوەی کە هیچ شتێکی تیادا نەسەلمێنراوە نە بە شەرع و نە بە هەستەوەرەکان ، ئەویش جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرکی بچووک .

**هەستپێکراوەکان (حسی) :** وەکو زانست و پاراوەوە و نمونەی ئەوانە ، جا کەسێک تەبەڕوک دەکرێت بە زانستەکەیەوە ، وە بە بانگەوازکردنەکەی بۆ خەیر، جا ئەمە دەبێتە بەرەکەت ، چونکە ئێمە خەیرێکی زۆرمان لێوە دەستکەوت، وەکو کتێبەکانی شیخ الاسلام و جگە لەو لە زانا و پێشەوایان، ئەوانەی کە خوای گەورە بەرەکەت و خەیرێکی زۆری خستوەتە نێو کتێبەکانیانەوە و ئەم ئوممەتە سوودی لێ بینیوە.

**شەرعی :** وەکو نوێژ کردن لە مزگەوتی (حەرام) یان لە مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

**وە بتگێڕێ لەو کەسانەی ئەگەر پێیان بدرێت سوپاسگوزار دەبن**

نیعمەتـەکان تاقیکردنـەوەن ، وە بەڵگـەش زۆرە ، لەوانـە : ﴿ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ﴾الأنبيـاء:٣٥ واتـە : بەناخۆشـیی، خۆشـیی، هەژاریی، دەوڵەمەندیی، لەش ساغیی و، نەخۆشیی، تا سابیرو ناشوکر دەرکەوێ وە ئیلـلا خـوا بۆ خۆی دەزانێ وە بەمەش ئیقامە حوججەیان لە سـەر دەکات تـا کـەس بیانـووی نەمێنـێ ) وە دەفەرموێـت : ﴿ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِيٓ ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ ﴾ النمل: ٤٠ واتە : جا کاتێ سولەیمان دیتی واتەختەکەی بەڵقیس لەلای ئامادەو حازرە ، وتی: ئەمەش هەر لەبەش و بەهرەکانی پەروەردگاری منە بوئەوەی تاقیم بکاتەوە :ئایا سوپاسگوزاریی ئەکەم، یا سپڵە وبەدنمەک و نەزان ئەبم خۆهەر کەسێک سوپاسگوزار بوو ، بۆ خۆی دەکاو ، کەڵکەکەی بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە کێش سپڵەو ناشوکربوو، ئەوە بێگومان پەروەردگاری من، خوایەکی بێ نیازە و بەبەخششە).

وە دەفەرموێـت : ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكْرَمَنِ ﴾الفجـر:١٥ واتـە : بەڵام مرۆڤـی کافر و خوا نەناس کاتێ کە پەروەردگاری تاقی کردەوە بە پێدانی ماڵ و دارایی جا ڕێزی لێناو سـەروەت و سـامانی پێبەخشـێ و نیعمەت و بەهرەی بەسەردا ڕشت تا دەرکەوێ: سپڵەیە، یان سوپاسگوزار جا بە بایی بوونێکەوە دەڵێت: پـەروەردگارم ڕێزی لێناوم لە بەرئەوەی شـایەنی ئەو بەهرەیەم بۆیە پێیداوم )

وە لـە فەرموودەیەکدا هاتـووە : ((إن ثلاثـة مـن بني إسـرائيل ، فأراد اللـه عـز وجـل أن يبتليهـم ، ... )) واتە : سـێ کەس هەبـوون لە بەنی ئیسرائیلدا ، خوای گەورە ویستی تاقیان بکاتەوە ...)[1]

١) أخرجه البخاري , كتاب أحاديث الأنبياء , باب حديث أبرص و أعمى و أقرع في بني إسرائيل (٣٤٦٤ ) , ومسلم , كتاب ((الزهد والرقائق)) ( ٢٩٦٤ ).

**نیعمەت پەیوەستە بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی و تەوحیدی خوداوەندێتی یەوە وە سوپاسگوزاری نیعمەت دەبێتە دوو بەشەوە :**

**پەیوەست بوون بە خوداوە پێش نیعمەتەکە :**

ئەم جۆرەش وا پێویست دەکات کەوا دەبێت بەندە بە باوەڕێکی بتەو باوەڕی وا بێت کەوا کەسی بەخشندە و نیعمەت ڕێژ تەنها خودایە، بۆیە نابێت دڵی پەیوەست بکات بە جگە لە خواوە و داوای هیچ خەیرێک لە کەس ناکات ئیللا لە خوا نەبێت .
جا هەروەکو چۆن داوای بەهەشت لە هیچ کەسێک ناکرێت لە خوا نەبێت ، چونکە تەنها ئەو خاوەنیەتی ، ئاواش ڕزق و ڕۆزی لە هیچ کەسێک داوا ناکرێت ئیللا لە خوا نەبێت .
خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَىِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ ﴾ الفرقان: ٥٨ واتە : وە لە کارەکانتدا تەنها پشت بەو خوایە ببەستە کە هەمیشە زیندووە و هەیەو هەرگیز نامرێ ئیتر گوێت لەئەزیەت وئازاری ئەوانەوە نەبێت) وە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ ﴾ العنكبوت: ١٧ واتە: خۆ ئەوانەی ئێوە ئەیانپەرستن لە باتی خوا ،هیچ ڕزقێکی ئێوەیان بەدەست نیە جا کەواتە تەنها لای خوا داوای ڕزق و ڕۆزی بکەن ) .
واتە : داوای ڕزقو ڕۆزی لە خوا بکەن نەک لە کەسی تر .
﴿ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ ﴾ واتە : و هەر ئەویش بپەرستن و سوپاسی بکەن )

**سوپاسگوزاری لە پاش رژاندنی نیعمەتەکەی خوا ، ئەمیش ئەنجام دەدرێت بە :**

**دڵ**

ئەویش بە ئیمانێک و باوەڕێکی بتە و تەسلیم بوونێکی تەواو بەوەی کەوا رۆزیدەری بەخشش تەنها خوایە، وە هەموو نیعمەتێک کە بەخشراوەتەوە بەندە لە لایەن خوداوەیە .

**زمان**

ئەویش بە باسکردنی نیعمەتەکانی خوا و حەمد کردنی و سوپاس کردنی و ستایش کردنی دەبێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾ الضحی: ١١ واتە: وە ئەمما بە چاکەی خواوەندت (واتە: بە پێغەمبەرێتیی و هەر نیعمەتێکە تر) باس بکە بۆ خەڵک، واتە: سوپاسی خوا بکە لە سەر نیعمەتی پێغەمبەرێتی و غەیری ئەویش بە سەر خۆتەوە، چونکە باسکردنی نیعمەتی خوا شوکرو سوپاسگوزاریە بۆ خاوەنی نیعمەت کە خوایە ).

**ئەندامەکان**

ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو نیعمەتەی کە پێمان بەخشراوە بەو شێوەیەی کە خۆی لێمان رازی بێت ، لە گەڵ ئەوەشدا کارکردن بە گوێڕایەڵی لەبەر خۆنزیککردنەوە لێی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی لەبەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی .

ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەک هات ئارام دەگرێ وە ئەگەر تاوانێکی کرد داوای لێخۆشبوون دەکات

(١) چونکە ئارامگرتن واجبە بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە

**خەڵکی لە دونیاداو لە کاتی موصیبەتەکاندا دابەش دەبنە چوار بەشەوە ئەوانیش :**

کەسێکی پەست و تورە | کەسێکی ئارامگر | کەسێکی رازی | کەسێکی سوپاسگوزار

١. **توورە بوو** : ئەمە حەرامە ، وە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ، ئەویش ئەنجام دەدرێت بە :

دڵ | زمان | ئەندامەکان

توورە بوون بە دڵ : پێشەوا (ابن القیم الجوزیة) فەرموویەتی (کورتەی قسەکانی ئەوە دەگەیەنێ) : هەندێ کەس جورئەتی ئەوە ناکات ئەمە بە دەم بڵێت ، بەڵام ئەو نەفسەی کە لە ناخیدایە شایەتی ئەوە دەدات بە گومان خراپ بردن بە خوای گەورە ، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: پەروەردگارم ستەمی لێ کردووم، پەروەرگارم مەحرومی کردووم ، پەروەدگارم رێگری لێ کردووم ..... هتد ، هەیانە زۆر دەڵێن و هەیانە کەم ، ئێستا خۆت بپشکنە بزانە تۆ سەلامەتی، جا ئەگەر لەمە رزگارت بووە ئەوا لە کێشەیەکی گەورە رزگارت بووە .

توورە بوون بە زمان : ئەویش ئەنجام دەدرێت بە هاوارکردن و شیوەن و جوێندان و لەعنەتکردن و وتنی قسەی وێرانکاری و دەردوبەلا .

توورە بوون بە ئەندامەکان: ئەمیش بە لێدانی روومەت و جلوبەرگ درین و پرچ رنین دەکرێت .

٢. **ئارامگرتن** : حوکمی ئارامگرتن واجبە ، بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە، وە پێویستە ئارام بگرێت بە دڵی و زمانی و ئەندامەکانی . پێشەوا ئەحمەد دەفەرموێت : ئارامگرتن لە قورئاندا بە نزیکەی حەفتا جار هاتووە ، ئەویش واجبە بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە ، ئەویش نیوەی ئیمانە ، چونکە ئیمان دوو نیوەیە : نیوەی ئارامگرتنە و نیوەی سوپاسگوزارییە )

٣. **رازیبوون** : حوکمی رازیبوون موستەحەبە ، ئەویش پلەیەکە لە ئارامگرتن بەرزترە .

٤. **سوپاسگوزاری** : حوکمی سوپاسگوزاری موستەحەبە ، ئەمیش باشترین پلەیەو لە هەمووی کاملترە .

## دووەم : چـوار بنـەماکـە

١. نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– هۆکاری خوێندنی تەوحیدی ڕوون کردووەتەوە .

٢. ئـەو بێباوەڕانـەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناویاندا ڕەوانە کرا دانیان بە تەوحیدی پەروەردگارێتیدا دەنا لە گەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن ، جا ناکۆکی لە نێوان ئەوان و پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسـەر تەوحیدی خوداوەندێتی بووە ، جا هەرکەسـێک هەر جۆرێک لـە جۆرەکانـی پەرسـتن بۆ جگە لـە خوا ئەنجـام بدات ئـەوا بێباوەڕێکی موشریکە .

به ناوی خوای گەورە ومیهرەبان

بزانـە –خـوای گەورە ڕێنمویـت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی – : حەنیفیەت میللەتەکـەی ئیبراهیمـە : بریتیـە لـەوەی خـوای گـەورە بە تـاک و تەنها بپەرستیت و ئیخلاصی دینەکە بۆ ئەو بێت ، هەر بەوەش خوای گەورە فەرمانـی کردووەتـە هەموو خەڵکی ، وە هەر لەو پێناوەشـدا دروسـتی کـردوون ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾ الذاريـات: ٥٦ واتـە : و مـن هـەر بۆیـە جنۆکـەو ئادەمیم دروستکردووە بمپەرستن و بمناسن)

جـا ئەگـەر زانیـت خوای گـەورە تۆی دروسـت کـردووە بۆ پەرسـتنی ئـەو، ئـەوا باش بزانە کە پەرسـتن پێی ناگۆتریت پەرسـتن ئیللا لە گەڵ تەوحیـددا نەبێـت ، هەروەکـو چـۆن نوێـژ پێـی ناگۆترێت نوێـژ ئیللا لە گـەڵ تەهـارەت و دەسـتنوێژدا نەبێـت ، جـا ئەگـەر شـیرک چـووە نـاو پەرستنەوە ئەوا پووچەڵی دەکاتەوە ، وەکو (پوچەڵکەرەوەی دەستنوێژ چۆن دەچێتە ناو دەستنوێژەوە – پوچەڵی دەکاتەوە– ، جا ئەگەر زانیت کـەوا شـیرک تێکەڵـی پەرسـتن بوو ئـەوا پووچی دەکاتـەوە و کارەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە ، وە خاوەنەکـەی دەبێتـە یەکێـک لەوانـەی بـە هەتـا هەتایـی لـە ئاگردا دەمێننەوە ، ئەوا ئەو کاتە دەزانیت کەوا گرنگترین

شت پێویستە لەسەرت ناسینیەتی ، بۆ ئەوەی خوای گەورە لەو تۆرە رزگارت بکات ، ئەویش هاوەڵ بڕیاردانە لە گەڵ خوادا ، کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرمویێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾ النساء: ٤٨ واتە: بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووری و لە خوار شیرکەوە لەهەر گوناهێک دەبووری بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت)، ئەویش بە زانینی چوار بنەما دەبێت ، خوای گەورە لە کیتابەکەیدا باسی کردووە .

**بنەمای یەکەم :** بزانیت کەوا ئەو بێباوەڕانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن دانیان بەوەدا دەنا کەوا خوای گەورە دروستکار و بەڕێوەبەرە ، کەچی ئەوە نەیانی هێنایە ناو ئیسلامەوە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾ یونس: ٣١ واتە : بڵێ: کێ لەم ئاسمان و زەوییەدا رزق و رۆزیتان دەداتێ ؟ کێیە دروستکەرو خاوەنی ئەو گوێ و چاوانەتان؟ ئەی کێیە زیندوو لەمردوو دەردێنێ ؟ و مردوو لە زیندو دەردەکا؟ وە کێیە زۆر بەوردیی بۆ کاروباری ئەم دونیایە نەخشە دەکێشێ ؟ بەزوویی لەوەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێن: هەرخوایە هەموو ئەوانە دەکات بڵێ: دەسا بۆ لە خوا خۆ ناپارێزن و ناترسن؟ )

**بنەمای دووەم :** ئەوان دەڵێن : ئێمە داوامان لێیان نەکردووە و رووما لێیان نەکردووە ئیللا لەبەر داواکردنی خۆنزیک کردنەوە و شەفاعەت نەبێت .

بەڵگەی خۆ نزیککردنەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ﴾

الزمر: ٣ واتە : ئەوانەی کە لەباتی خوا چەند دۆس و بتێکیان بۆ

خۆیان گرتووە، وەبەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەڵێن: ئێمە هەر بۆ ئەوە ئـەو بتانە دەپەرسـتین، کە لەخوامان نزیـک بکەنەوەو ، تکامان بۆ بکەن لای، کەچـی ئەگـەر پێیان بوترایە: ئەی کێ ئێوەی دروسـتکردووە؟ ئەی کـێ ئاسـمانەکان و زەوی وەدیهێنـاوە؟ لەوەڵامـدا ئەڵێـن: هـەر (اللە)یە، ئیتر پێیان ئەوترا: ئەی بۆچی خوا بەتاک و تەنیا ناپەرستن؟ وشەی (مَا نَعۡبُدُهُمۡ..) وەڵامیان بوو ، جا با هەر وابکەن بێگومان خوا هەق و ناهەق جیـا ئەکاتـەوەو، بڕیاری خـۆی دەربارەی ئـەو دوو بەرەکیەی نێوانیان دەدات، ئـەو کات موسـڵمانان ئەچنـە بەهەشـتەوەو، بـێ بڕوایانیـش بۆ دۆزەخ ئەنێردرێن دیارە ئەو جۆرە کەسـانە گومڕاو سـەر لێشـێواون ، خۆبەڕاستی خوایش مرۆی درۆزن و سپڵە ڕێنوێن ناکا) .

وە بەڵگـەی شـەفاعەت ، ئـەو ئایەتەیـە کە خـوای گـەورە دەفەرموێت :

﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ﴾ یونـس: ١٨ واتـە : وە لـە باتـی خوایـش چەند شـتێکی وا دەپەرسـتن کە: نە دەتوانن زیانێکیان پێ بگەیەنن و، نە سـوودێکیان پێ ببەخشـن دەشـڵێن : ئەوانە –دەیانپەرسـتین– لای خوا تکاکارمان دەبن، واتە: بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ئەیانپەرستین) .

وە شـەفاعەتیش دوو شەفاعەتە : شەفاعەتێکی نەفیکراو و شەفاعەتێکی سەلمێنراو .

١. موشـریک و بێبـاوەڕەکان ئـەوە دەکەنـە حوججە کەوا ئـەوان داوایان لە پەرسـتراوە پوچەڵەکانیـان نەکـردووە و روویـان لێیـان نەکـردووە ئیللا لەبەر داواکردنی خۆنزیک کردنەوە و شـەفاعەت نەبێت ، بۆیە شایسـتەی ئەوە بوون کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوان بە کافر بزانێت و کوشتاریان لە گەڵدا بکات .
٢. شـەفاعەت : لـە زمانەوانیدا : لە (دانەپاڵ یـەک)ەوە هاتووە و یەک بکرێتە دووان ، وە لە شـەرعیشـدا : نێوەندگیری کردن بۆ کەسـێک لە بە دەسـت هێنانی سوودێک یان دوور خستنەوەی زیانێک .

# بەشەكانی شەفاعەت

### سەلمێندراو

بریتییە لەو شەفاعەتەی كە تەنها لە خوا داوادەكرێت، وە پێویستە ئەم مەرجانەی تیادا بێت :
١- ئیزندانی خوای گەورە بەو شەفاعەتە .
٢- رازیبوونی خوای گەورە لەو كەسەی شەفاعەتەكە دەكات .
٣- رازیبوونی خوای گەورە لەو كەسەی شەفاعەتەكەی بۆ دەكرێت .

### ئەوەی كە دروستكراوەكان توانایان لەسەر هەیە

دروستە بە چوار مەرج:
١. ئامادە بێت
٢. زیندوو بێت
٣. توانای هەبێت
٤. هۆكار بێت .

### شەفاعەی نەفیكراو

ئەوەیە كە قورئان نەفی كردووە، ئەویش ئەو شەفاعەتەیە كە لە جگە لە خوا داوادەكرێت لە شتێكدا كە هیچ كەسێك توانای لەسەر نیە تەنها خوا نەبێت . وە حوكمی ئەم جۆرە شیركی گەورەیە .

**ئەمیش دوو جۆر :**

١- تایبەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هیچ كەسێك لە گەڵیدا بەشدار نییە:
**شەفاعەتە مەزنەكە .**
شەفاعەت كردن بۆ (ابو تالیب)ی مامی بۆ ئەوەی سزاكەی كەم بكرێتەوە .
شەفاعەت كردنی بە مەبەستی كردنەوەی دەرگاكانی بەهەشت

٢- گشتییە بۆ پێغەمبەران و نێردراوان و فریشتەكان و یەكتاپەرستان و منداڵەكان (ئەوانەی بە منداڵی مردوون)
بۆ بەرزكردنەوەی پلەو پایەی یەكتاپەرستان لە بەهەشتدا .
بۆ ئەو یەكتاپەرستانەی كە شایستەن بچنە ناو دۆزەخەوە بەوەی نەچنە دۆزەخەوە، بۆ ئەو یەكتاپەرستانەی چوونەتە ئاگرەوە بەوەی لە ئاگر دەرچن.

**وە شەفاعەتی نەفیکراو :** بریتییە لەو شەفاعەتەی کە لە جگە لە خوا داوا دەکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەسێک توانای لەسەر نییە جگە لە خوای گەورە نەبێت ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٌ لَّا بَيۡعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَٰعَةٌۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ البقرة: ٢٥٤ واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ببەخشن هەندێک لەو ماڵ و سامانەی پێمانداون پێش لە هاتنی ڕۆژێک هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تێدا نییە(تا بەماڵ خۆتان بکڕنەوە) هەروەک هیچ دۆستیی و تکاو شەفاعەتێک سوودی نابێ. و هەر کافر و بێ باوەڕان ناهەقیکارو ستەمکارن، چونکە هەر ئەوانن بە تەواوی لە سنوور دەرچوون و لەخوا یاخی بوون) .

**وە شەفاعەتی سەلمێنراو :** بریتییە لەو شەفاعەتەی کە لە خوا داوا دەکرێت، وە شەفاعەتکار ڕێزلێگیراوە بە شەفاعەتەکەی ، وە ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت : ئەو کەسەیە کە خوای گەورە لە گفتار و کرداری ڕازییە و لە پاش ئیزنی خۆی ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ ﴾البقرة: ٢٥٥ واتە : کێ بێت– لە ڕۆژی دواییدا– بتوانێ شەفاعەت بکات لای ئەو، هەتا ئەوخۆی مۆڵەتی نەدا؟› دیارە کە هەتا ئەوخۆی مۆڵەت نەدات ، هیچ کەسێک ناتوانێ تکا بکات) .

**بنەمای سێیەم :** پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا لە ناوخەڵکێکدا دەرکەوتو رەوانە کرا کە ئەوان جیاوازبوون لە پەرستنەکانیاندا ، تیایاندا هەبوو فریشتەی دەپەرست و تیایاندا هەبوو پێغەمبەران و پیاوچاکانیان دەپەرست و تیایاندا هەبوو دار و بەردیان دەپەرست ، وە تیایاندا هەبوو مانگ و خۆریان دەپەرست ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەڵ هەموویاندا کوشتاری کردو هیچ جیاوازیەکی نەکرد لە نێوانیاندا .

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَقَـٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴾ الأنفال: ٣٩ واتە : هەتا کوفرو شیرک لەبندێ و بە هەتا هەتایی کۆتایی دێ و دینداریی هەر بۆ خوا دەبێ، ئێوەش ئەی موسڵمانان! بەردەوام بەجەنگ بێن لەگەڵیان )

وە بەڵگەی خۆر و مانگ ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ فصلت: ٣٧ واتە: لە نیشانەکانی تاک و تەنیایی خوایە: شەوو رۆژو خۆرو مانگ، چونکە هەر یەکەیان بە چەند بەرنامەیەکی قەشەنگ و رێک و پێک دامەزراون و کاری خۆیان دەکەن ، دەسا ئێوەش نە بۆ خۆر سوژدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونکە ئەوانە هەردوو دروستکراوی خودان و ئەوانیش سوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ، ئێوە سوژدە هەر بۆ ئەو خودایە بەرن ئەوانی دروستکردووە ، ئەگەر دەتانەوێ بەهەقیانەت خودا بپەرستن) .

وە بەڵگەی فریشتە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا ﴾ آل عمران:٨٠ واتە : فەرمان بە هیچ کامیشتان نادەن بچن فریشتەو پێغەمبەران بکەنە خواو بیانپەرستن، خوا چۆن کەسێ دەکاتە پەیامبەر لەملاو لەولاوە بڵێت لەگەڵ خوادا منیش، وەیان فلانیش بپەرستن).

وە بەڵگەی پێغەمبەران ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴾ المائدة: ١١٦ واتە : ئەو کاتەش وە بیربێنە کە خوای کارزان لە ڕۆژی قیامەتدا بە عیسای کوڕی مەریەم دەڵێ: ئەرێ تۆ بەو خەڵکەت گوت کە لە جیاتی خوای تاک و تەنیا خۆت و دایکت بکەنە دوو خوا ؟! عیسایش دەڵێ: خوایە ! من هەمیشە تۆبە پاک و خاوێن رائەگرم و، هەرگیزیش بۆ من ناشێ شتێکی ناراست و ناشیاوی وا بەرامبەر بە تۆ بڵێم ، ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ، بێ شک تۆ خۆت دەزانی ، هەرچی لەناخی مندایە تۆ ئەیزانیت ، بەڵام من دەربارەی ئەوەی لە نەفس و زاتی تۆدایە شتێکی ئەو تۆ نازانم ، بە ڕاستیی تەنها هەر خۆتی بەهەموو نادیارەکان زانایت) .

وە بەڵگەی پیاوچاکان ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾ الإسراء: ٥٧ واتە : ئەوانەی ئەوان دەیانپەرستن و هاناو هاواریان بۆ دەبەن، بۆنموونە: (جوولەکە بۆ عوزەیر، گاور بۆ عیسا، موشریکەکان بۆ فریشتە) خۆیشیان هەتا بەخواوە نزیکتربن ، هێشتا هەر لە هۆیەک دەگەڕێن کە خۆیانی زیاتر لە پەروەردگار پێ نزیک بکەنەوە، ئیتر ئێوە چۆن ئەوانە دەپەرستن ؟! بەئومێدی ڕەحمەت و میهرەبانی ئەو (پەروەردگار)ەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن، بەڵێ خوا پەرستی دەبێ لە نێوان هیواو ترسدا بێت) .

وە بەڵگەی دار و بەرد ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّـٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾ النجم: ١٩ - ٢٠) واتە: هەواڵی لات و عوززاو سێیەمەکەی تریان (مەنات)م بدەنێ ئایا کچی خوان ئەی خوانەناسان؟! ئەوانە سێ بتەکە بوون لە (تائیف و غەتفان و مەککە)دا ئەپەرستران .

وە فەرموودەکەی (**ابو واقد الليثي**) کە دەفەرمویێت : (خَرَجْنَا مَعَ النبي إلَى حُنَيْنٍ وَنَحْنُ حدثاء عَهْدٍ بِكُفرٍ، وللمشركين سِدْرَةٌ يَعْكِفُونَ عندها وَينوطون بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ، يقال لها ذَاتَ أَنْوَاطٍ، فَمَرَرْنَا بسدرة فقُلْنَا : يا رَسُول اللَّهِ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ ....) الحديث

(١) ئەم بنەمایە بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە لە وەڵامی ئەو کەسانەی دەڵێن کەوا شیرک بۆ خوا بڕیاردان تەنها بە بت پەرستی دەبێت ، جا بەڵگە شەرعیەکان هاتوون تایبەت بە بتەکان و جگە لە بتەکان لە پەرستراوە پوچەڵەکان لەو سەردەمەدا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) جیاوازی نەکرد لە نێوانیاندا بەڵکو هەمووی بە تاغوت ژمارد و لە گەڵ هەموویاندا وەکو یەک کوشتاری کرد بۆ ئەوەی دینداری هەموو بۆ خوا بێت .

**بنەمای چوارەم** : موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان توندتر و خراپترە لە موشریکە پێشووەکان ، چونکە موشریکە پێشووەکان لە کاتی فەرحانیدا شیرکیان دەکرد و لە کاتی تەنگانەدا ئیخلاصیان هەبوو، بەڵام موشریکەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان شیرکەکەیان بەردەوامە ، لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا ، وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ العنكبوت: ٦٥ واتە : لەکاتی خۆشیی و ئاسایشدا دەبینی ئەو خەڵکەیە بێ باوەڕن و نکوڵیی قیامەت دەکەن، کەچی کاتێ سواری کەشتی ئەبن و ترسی نقوم بوونیان لێ دەنیشێت زۆر بەکوڵ سەر دائەنێن و ملکەچی و یەکلابوونەوەی خۆیان بۆ خوا دەرئەبڕن و تەنها لەو داوا ئەکەن و، باسی بتەکان نامێنێ، بەڵام کاتێ رزگاریان دەکاو دەگەنە وشکانی ، دووبارە دەچنەوە سەر بیرە پووچەڵەکەی خۆیان و بەهەمان جۆر شەریک و هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن ) .

(١) نووسـەر لەم بنەمایەدا ئاسـتی ترسـناکی هەڵویسـتی موشـریکەکانی سـەردەمی خۆمانـی روون کردووەتـەوە ، چونکـە ئەمانـە شـیرکەکەیان توندتـرە لـە موشـریکە یەکەمـەکان ، چونکـە موشـریکەکانی سـەردەمی خۆمان لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا شیرک دەکەن ، بەڵام موشریکەکانی رابوردوو ئەوان لە کاتی فەرحانیدا شـیرکیان دەکرد و لە کاتی تەنگانەدا دانیان دەنا بە تاک و تەنهایی خوای گەورەدا .
جا ئەگەر ئەو بێباوەڕانەی کە خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) تیایاندا رەوانە کرد شـیرکەکەیان کەمتر بێت لەمان کەچی خوای گەورە ئەوانی بە کافر ژمارد ، ئەی رات چییە بەرانبەر کەسانێک کە شیرکەکەیان بەردەوامە لە تەنگانە و فەرحانیدا ، بێ گومان ئەوانە کافر بوونیان لە پێشترە .

**واللّه اعلم وصلى اللّه على محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

## چوار بنەماکە ، برێتییە لە کورتکراوەی کتێبی (كشف الشبهات)

### پێشەکی ، کە ناونیشانی بەختیاری لە خۆ دەگرێت

#### ناونیشانی بەختیاری

**ئەگەر پێی درا سوپاسگوزار دەبێت**

نیعمەتەکان تاقیکردنەوەن بە بەڵگەی ﴿وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ الأنبياء:

سوپاسگوزاری نیعمەتەکان

| | |
|---|---|
| ئەوەی پەیوەستە بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی یەوە | بەهەشت لە هیچ کەسێک داوا ناکرێت ئیللا لە خوای پەروەردگار نەبێت چونکە تەنها ئەو خاوەنیەتی، هەروەها رزق و رۆزی لە هیچ کەسێک داواناکرێت ئیللا لە خوا نەبێت ، بۆیە دەبێت پەیوەست بین بە خوداوە نەک بە جگە لە ئەو . |
| ئەوەی پەیوەستە بە تەوحیدی خوداوەندێتیەوە | **بە دڵ سوپاسگوزار دەبێت** : بە دانپیانان و ئیعتراف کردن دەبێت بەوەی کە هەموو نیعمەتەکان لە لایەن خوداوەیە نەک لە لایەن جگە لەوەوە |
| | بە زمان سوپاسگوزار دەبێت : (هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ). |
| | بە ئەندامەکانی سوپاسگوزار دەبێت: ئەویش بە بەکارهێنانی نیعمەتەکان لە خزمەتی سوپاسگوزاری نیعمەترێژەکەدا بێت ، وە هەر نیعمەتە و بە پێی خۆی ، جا نیعمەتی سەروەت و سامان بەوە دەبێت کە لە گوێڕایەڵی خوادا سەرفی بکات و نیعمەتی زانست بەوە دەبێت کەوا بیبەخشێتە ئەو کەسەی کە داوای لێ دەکات یان بە زمانی حاڵ وە یان بە زمانی وتن. |

**وە ئەگەر تاقیکرایەوە ئارام دەگرێت**

حاڵی خەڵکی لە کاتی ڕوودانی موصیبەتەکاندا

| | |
|---|---|
| **کەسی تووڕەبوو** : حوکمی ئەم کارە لە تاوانە گەورەکانە بەڵکو رەنگە بگاتە شیرکی بچووک ، وە تووڕە بوون بە دڵ و زمان و ئەندامەکان دەبێت. | |
| **کەسی ئارامگر** : حوکمی ئارامگرتن: واجبە بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە ، بە دڵ و زمان و ئەندامەکانی ئارام دەگرێت ، وە ئارامگرتن هەروەکو ناوەکەی تامەکەی تاڵە بەڵام دەرئەنجامەکەی لە هەنگوین شیرینترە. | |

**کـەسی رازیـبـوو** : حوکمی رازیـبـوون موستەحەبە ، جا لەبەر رازیبوونی بە خوای گەورە دەزانێت هەموو ئەوەی تووشی بووە لە خوداوەیە ، وە هەموو ئەوەی خوای گەورە تەقدیری لەسەر بەندەکەی کردووە ئەوا خەیر و چاکەیە بۆی .

**کەسی سوپاسگوزار** : ئەمەش بەرزترین پلەیە ئەویش لای خوا لە هەمووی خۆشەویسترە ، وە کەسەکە دەبێتە یەکێ لە بەندە سوپاسگوزارەکانی خوا (الشاکرين) .

ئەگەر تاوانی کرد ئەوا داوای لێخۆشبوون دەکات

بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ ترسناکی شیرک

**حەنیفیەت** : میللەتەکەی ئیبراهیم ، خوای گەورە تۆی دروست کردووە بۆ پەرستنی ، پەرستنش پێی ناگوترێت پەرستن ئیللا لە گەڵ تەوحیددا نەبێت ، وە شیرکیش ئەگەر تێکەڵی پەرستن بوو ئەوا پووچەڵی دەکاتەوە و کارەکەش پووچەڵ دەکاتەوە و خاوەنەکەی دەبێتە یەکێک لەوانەی بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، وە گرنگترین شت لەسەرت فێربونیەتی .

**بنەمای یەکەم** : ئەوە بزانیت کەوا ئەو بێباوەڕانەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن دانیان بە تەوحیدی پەروەردگارێتیدا دەنا ، بەڵام دانیان بە تەوحیدی خوداوەندێتیدا نەدەنا ، کەچی ئەوە نەیانی هێنایە ناو ئیسلامەوە .

**بنەمای دووەم** : بێباوەڕەکان کاتێ بتەکانیان دەپەرست ، لەبەر خۆنزیک کردنەوە و شەفاعەت بوو .

**بنەمای سێیەم** : پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کاتێکدا لە ناو خەڵکیدا دەرکەوت و ڕەوانە کرا کە جیاوازبوون لە پەرستنەکەیاندا ، کەچی جیاوازی لە نێوان شیرکێک و شیرکێکی تردا نەکرد .

**بنەمای چوارەم** : موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان توندتر و خراپترە لە موشریکە پێشووەکان .

# تاقیکردنەوەی چوار بنەماکە

ناو :...................... ئەندازەی لەبەرکردنی کتێبی تەوحید.....................

ئایە چوار بنەماکەت لەبەر کردووە .................................

| کردەوە : | بەڵگە لە قورئان یان لە سوننەت |
|---|---|
| نیعمەتەکان تاقیکردنەوەن | |
| دانپیانانی بێباوەڕەکان بە تەوحیدی پەروەردگارێتی | |
| داواکردنی خۆ نزیککردنەوە | |
| شەفاعەتی نەفیکراو | |
| بەڵگەی خۆر و مانگ | |
| بەڵگەی پێغەمبەران | |
| بەڵگەی فریشتەکان | |
| بەڵگەی پیاوچاکان | |
| بەڵگەی بەرد و دار | |
| موشریکەکان لە کاتی تەنگانەدا ئیخلاصیان هەبوو وە لە کاتی فەرحانیدا شیرکیان دەکرد | |
| بەڵگەی شیرک. | |

| | |
|---|---|
| بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ | |
| بۆ چوار بنەماکە دەخوێنین ؟ | |
| چوار بنەماکە دابەش دەبێتە : | |
| چوار بنەماکە پوختەی کتێبی ... | |
| بۆ کتێبی (كشف الشبهات) ناخوێنین ؟ | |
| ناونیشانی بەختیاری ، | |
| حەنیفیەت بریتییە لە ... | |
| بەرهەمی خوێندنی چوار بنەماکە ... | |
| ئەولیای خوا بریتین لە ... | |
| شيخ الاسلام دەفەرموێت : | |
| وە بەڵگەش لەسەر ئەوە .... وە بۆ : .... | |
| شوکری نیعمەتەکان دەبێت بە .... | |
| نمونە لەسەری .... | |
| پەیوەست بوونی بەندە چۆن دەبێت ؟ | |
| حاڵی خەڵکی لە کاتی ڕوودانی موصیبەتەکاندا لە گەڵ حوکمەکەی .... | |
| شەفاعەت لە زمانەوانیدا ....شەفاعەت لە شەرعدا .... | |
| شەفاعەت دابەش دەبێت بۆ ..... | |
| مەرجەکانی شەفاعەتی سەلمێنراو .... | |
| وە دابەش دەبێتە ... | |
| بنەمای یەکەم بنەمای دووەم بنەمای سێیەم بنەمای چوارەم | |
| حوکمی کردارێک شیریکی تێکەڵ بوو بێت وە بەڵگەش لەسەری | |
| هەر بنەمایەک و.... | |

# شەرحی دەقی کتێبی

# ( هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام )

## شەرحی دەقی کتێبی
## (هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام)

**دەقی کتێبی (نواقض الاسلام)**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بزانە کەوا هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام (دە) هەڵوەشێنەرەوەن :**

**یەکەم** : شیرک بڕیاردان لە خواپەرستیدا ، خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا﴾ النساء: ٤٨ واتە : (بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووریَ و لەخوار شیرکەوە لەهەر گوناهێک دەبووریَ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت) وە دەفەرمویێت : ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ المائدة: ٧٢، واتە : (چاک بزانن کە هەرکەسێک شەریک و هاوبەش بۆخوا دابنێ بێ شک خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە، ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتی دەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن.)
وەهەر لەوانە: ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا ، وەکو ئەوەی کەسێک بۆ جنۆکە یان بۆ گۆڕێک –ئاژەڵێک– سەرببڕێت .

**دووەم** : هەرکەسێک لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا چەند نێوەندێک دابنێ و لێیان بپاڕێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێ ، ئەوا بەو کارەی بە کۆڕای زانایان کوفری کردووە .

**سێیەم** : هەرکەسێک موشریکەکان بە کافر نەزانێت ، یان گومانی بوو لە کافر بوونیان ، یان مەزهەبەکەیانی بە ڕاست زانی ، ئەوا کوفری کردووە

**چوارەم** : هەرکەسێک باوەڕی وا بێت کەوا جگە لە هیدایەتی پێغەمبەر تەواوترە لە هیدایەتی ئەو ، یان حوکمی جگە لەو باشترە لە حوکمەکەی – وەکو ئەوانەی فەزڵی حوکمی تاغوتەکان دەدەن بە سەر حوکمەکەیدا – ئەوا کەسێکی کافرە .

**پێنجەم** : هەرکەسێک رقی ببێت لە شتێک لەوەی کە پێغەمبەری خوا هێناویەتی ، هەرچەندە کاری پێبکات ئەوا کوفری کردووە .

**شەشەم** : هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێک لە دینەکەی پێغەمبەر یان پاداشتی خوای گەورە یان سزاکەی ئەوا کوفری کردووە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ التوبة: ٦٥ – ٦٦، واتە : (پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە(٦٦) .

**حەوتەم** : جادوو ، هەر لەوانە لەیەک جیاکردنەوە و سۆز (لە یەک نزیک کردنەوە) ،جا هەرکەسێ ئەو کارەی کرد یان پێی رازی بوو ئەوا کوفری کردووە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ البقرة: ١٠٢ واتە : (وە لەهەمان کاتدا هەر کەسێکیان فێری جادوو دەکرد لە سەرەتاوە پێیان دەگوت: ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێر بوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە) و لەلایەن خواوە نێردراوین، کەوابوو ئاگادار بە! خۆت کافر مەکە و فێری جادوو نەبێت )

**هەشتەم** : کۆمەک کردنی موشریکەکان و یارمەتیدانیان لە دژی موسڵمانان ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ واتە : (و هەرکەسێکیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بکاو، بیانکا بەیارمەتیدەرو دۆستی خۆی، وە یان هاوکاریی و هاوڕێییان بکات ، بێ شک ئەوکەسە هەر لەوانەو بەوان دادەنرێ ، ئەگەرچی بەناسنامەیش موسڵمان بێت بێگومان خوا هیدایەت و ڕێنمایی گەلی ناهەقو ستەمکار ناکات ) .

**نۆیەم** : هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچن ، هەروەکو چۆن (خضر) بۆی بوو لە شەریعەتەکەی موسا دەرچێت ، ئەوا کافرە .

**دەیەم :** پشت کردن لە دینی خوای گەورە ، نە فێری دەبێت و نەکاری پێ بکات ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ السجدة:٢٢ واتە : کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بەئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێت کەچی روویان لێوەرچەرخێنێت؟ ئەوانە تاوانبارن، بەڕاستی ئێمەش تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنین.)

وە هیچ جیاوازیەک نییە لەم هەڵوەشێنەرەوانەدا لە نێوان کەسێک بە گاڵتەوە بیکات و کەسێک بە راستی بیکات و کەسێکی ترساودا و ئیللا کەسێکی ناچار نەبێت ، وە هەر هەمووی لە گەورەترین شتە ترسناکەکانە ، وە لە هەمووی زیاتر روودەدات ، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان لێی بە ئاگا بێت ، وە لێی بترسێت لەسەر خۆی ، پەنا دەگرین بە خوا لەوەی غەزەبی خۆی و سزا سەختەکەی بە سەرماندا پێویست دەکات ، وصلى الله على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه وسلم .

# راقـــه

## پێشەكی نووسەر

به ناوی خوای گەورە ومیهرەبان
بزانه كەوا هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام (دە) هەڵوەشێنەرەوەن :

### بۆ زانایان نوسینەكانیان بە (بەسمەلە) دەست پێ دەكەن ؟

١/ وەكو شوێنكەوتنێكی كیتابەكەی خوای گەورە و پێغەمبەران .

٢/ وەكو كاركردن بەو فەرموودەیە : (كل أمر ذی بال ...) هەرچەندە فەرموودەكە (ضعیف)ە.

٣/ چاولێكردنی زانایان و پێشینەكانی پێش خۆی –رەحمەتی خوایان لێ بێت –

٤/ وەكو تەبەڕوكێك بە دەست پێكردن بە ناوی خوای بەخشندەوە .

### ئەگەر باسی ژمارەیەك كرا لە قورئان و سوننەتدا :

ئەگەر لە دەقەكانی كیتاب و سوننەدا ژمارەیەكمان نەبینی لەم ژمارەیە زیاتر بێت ئەوا ئەم ژمارەیە مانایەك دەبەخشێت ، واتە : لەوە زیاتر ناكرێت ، وەكو : پایەكانی ئیسلام و ئیمان هەروەكو لە فەرموودەكەی (جبریل)دا هاتووە .

وە ئەگەر لە دەقەكانی كیتاب و سوننەدا ژمارەیەكمان دۆزییەوە لەو ژمارەیە زیاتر بوو ئەوا ئەو ژمارەیە هیچ مانایەك نابەخشێ ، واتە : زیاد دەكرێتە سەری بەوەی لە كیتاب و سوننەدا هاتووە ، وەكو ئەو فەرموودەیەی كە دەفەرموێت: (خمس من الفطرە ...) واتە : پێنج ئاكار هەن لەفیترەتن ....) وە ئەوفەرموودەیەی : (اجتنبوا السبع الموبقات ....) واتە : خۆتان بە دوور بگرن لەحەوت بە هەلاكەت بەرەكە ....)

## بۆ هەندێ جار باسی ژمارەیەک دەکرێت کەچی مانایەک نابەخشێ ؟

ئەمەش لە جوان پەروەردەکردن و فێرکردنی پێغەمبەری خوایە ، چونکە دەیەوێ لە بیسەران ئەوەی لە مەجلیسەکەدا باسی دەکات بە جوانی لێی تێبگەن ، بۆ ئەوەی لە پاش ماوەیەک ئەم مەسەلانە هەر کاتێک بیانەوێ لە بەر دەستیاندا ئامادە بێت و بە جوانی لە یادیان بمێنێ ، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (ثلاثة أقسم عليهن وأحدثكم حديثا فاحفظوه : ما نقص مال عبدٍ من صدقة ....) جا لەسەر ئەم رێگایە نووسەر چووە .

## بۆ هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنین ؟

بۆ ئەوەی لێی دوور کەوینەوە و نەکەوینە ناوییەوە ، جا سوودێکی مەزنی هەیە ، بەڵکو لە سوودبەخشترین قازانجەکانە ، هەروەکو چۆن فێری هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ دەبین بۆ ئەوەی دەشتنوێژەکانمان هەڵنەوەشێتەوە و فێری هەڵوەشێنەرەوەکانی نوێژ دەبین تاوەکو نوێژەکانمان پووچەڵ نەبێتەوە ، لە (حذيفە ی کوڕی اليمان)ەوە هاتووە کەوا فەرمویەتی: (( كان الناس يسالون رسول الله(ﷺ) عن الخير وكنت أسأله عن الشر مخافة أن يدركني )) واتە : خەڵکی پرسیاریان دەکرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی خێر و چاکە ، بەڵام من پرسیاری شەڕ و خراپەم لێ دەکرد لە ترسی ئەوەی نەوەک تووشم بێت ))

**ئایە هەڵوەشێنەوەرکانی ئیسلام چین ؟**

بریتییـە لـە لە پوچەڵ کەرەوەکانی ئیسـلام و ئەوەی لە ئیسـلام دەری دەکات بـۆ کوفـری گـەورە ، وە ئیسـلامیش بریتییـە لـە : (تەسـلیم بـوون بـۆ خـوای گەورە بە تەوحید و ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی و بەریبوون لە شـیرک و موشریکەکان) .

**ماناکەی**

واتە ئەو شتانەی کە موسڵمان لە ئیسلامەوە دەردەکات بۆ کوفری گەورە ، داوا لە خوا دەکەین بمانپارێزێ و سەلامەتمان بکات .

**بۆ هەندێ جار زانایان ناوی دەبەن بە (النواقض) و هەندێ جار بە (المفسدات) یان (المبطلات) ؟**

ئەمە لە باس و بابەتی جۆراوجۆر کردنە تاوەکو قوتابی بێزار نەبێت ، ئەگەر نا ماناکەیان یەکە ، دەڵێن : (نواقض الاسلام و الوضوء و مبطلات الصلاة و مفسدات الصوم)

**ئایە ئەم هەڵوەشێنەرەوانە یەکدەنگی زانایانی لەسەرە ؟**

بەڵێ .

**ئایە سنووردار کراوە بە ژمارەیەکی دیاری کراو ؟**

نەخێر سنووردار نییە.

**ئەی بۆ فەرموویەتی : دە دانەیە ؟**

واتە : لە هەموویان ترسناکترن و بۆ ئەوەی لەبەر بکرێت .

## ئایە دەتوانریت هەڵوەشێنەرەوەکان حەصر بکرێت بە گشتی ؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| وتن ، لە نمونەی جوێندان بە خوا یان بە پێغەمبەری خوا یان بە دین . | کردار ، لە نمونەی کردار سیحر . | بیروباوەر ، وەکو باوەڕبوون بە دەستهێنانی قازانج لە جگە لە خوای گەورە . | بوونی گومان لە کوفری جولەکەو گاورەکان ئەوانەی کە بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوایان پێگەیشت و باوەڕیان پێ نەهێنا . |

## ئایە پێغەمبەری خوا باسی ئەم دە هەڵوەشێنەرەوەی کردووە ؟ بەڵگە چییە لەسەری؟

بەڵێ ، هەموو ئەم هەڵوەشێنەرەوانە پێغەمبەری خوا باسی کردووە ، بەڵکو هەر یەکێک لەو هەڵوەشێنەرەوانە بەڵگەی لەسەر هاتووە لە قورئان و فەرموودەدا، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴾الانعام:٥٥ واتە : ئێمە هەرئا بەو شێوەیە هەمیشە ئایەت و بەڵگەکانی خۆمان بۆمرۆڤەکان روون ئەکەینەوە بەشکوم شوێنی هەق بکەون، دەشمانەوێ رێگەو رێبازی تاوانباران روون بێت وەهەقیش ئاشکرا ببێ)

## هەرکەسێک یەکێک لەم هەڵوەشێنەرەوانەی ئەنجامدا ، ئەگەر هەرکەسە بینی یان پێی زانی دەتوانێت کافری بکات ؟

نەخێر ، بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای زانا رەببانییەکان و دادگا شەرعییەکان بۆ بە کافردانانی کەسی دیاری کراو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أيما رجلٍ قال لأخيه : يا كافر ، فقد باء بها أحدهم)

## کێ دەربارەی هەڵوەشێنەرەوەکان کتێبی نوسیوە ؟

هەر کەسە لە سەر بابەتی (فیقە) کتێبی نوسیبێت باسی هەڵوەشێنەرەوەکانی کردووە لە باس و بابەتی حوکمی (المرتد)دا ، بەڵام نووسەر یەکەم کەسە بە کتێبێکی سەربەخۆ نوسیبێتی .

**ئایە جیاوازی دەکرێت لە هەڵوەشێنەرەوەکاندا لە نێوان کردار و بکەردا؟**

بەڵـێ وە دەبـێ بکرێـت ، چونکـە هەرکەسـە بکەوێتە ناو کوفـرەوە مەرج نییە کوفرەکـەی بەسـەردا جێبەجێبکرێـت ، بۆیـە کافردانانـی کەسـی دیـاری کراو پێویستی بە ئیقامە حوججە و نەهێشتنی گومانەکان هەیە ، وە مەبەستی نووسەر تەکفیرکردنی کەسـانی دیاری کراو نییە ، بەڵکو مەبەسـت لێی وریاکردنەیە لە هەڵوەشێنەرەوەکان ، ئەمەش لە باس و بابەتی ئامۆژگاری یە بۆ ئەم ئوممەتە.

**ئەو کەسەی کە هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنێ چی لەسەر پێویستە ؟**

پێویسـتە لەسـەر کەسـی موسـڵمان کەوا ئاگاداری بێت و لێی بترسێت لەسەر خۆی (نەوەک توشی بێت) و وریای بێت ، بەڵام حوکم دان بەسەر کەسەکاندا ئەوا لەمەدا دەگەڕێینەوە بۆ لای گەورە زانایان و دادگا شەرعییەکان .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾ واتە : (سوێند بەخوا هەر لەخۆتان پەیامبەرێکی پایە بەرزتان بۆ هات و چاک دەیناسـن لەکێیە هەر نارەحەتییەکتان توش بێت زۆر سـەختە لایـی و پێی سـەخڵەت دەبێ زۆریش سـوورە لەسـەر بڕوا هێنانتـان بەرامبەر بـە بڕواداران زۆر دڵسـۆزو بە بەزەیـی و دلۆڤانە(١٢٨) ئینجا ئەر بەهاتنەکەت بەهرەمەند نەبوون ، دڵ زویر مەبەو بڵێ: من هەر خوام بەسـە بێ لەو خوایە هیچ پەرسـتراوێک نییە شـیاوی پەرستن بێت هەر بەویش پشتدەبەستم و هەر ئەویشە خاوەن و پەروەردگاری عەرشی گەورە(١٢٩).

## هەڵوەشێنەرەوەی یەکەم

شیرک بریاردان لە خواپەرستیدا ، خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴾النساء: ٤٨ واتە : (بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووریٚ و لەخوار شیرکەوە لەهەر گوناهێک دەبووریٚ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت) وە دەفەرموێت : ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴾ المائدە: واتە : (چاک بزانن کە هەرکەسێک شەریک و هاوبەش بۆخوا دابنیٚ بێ شک خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جیٚ و شوێنی ئاگرە، ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتی دەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن).

وەهەر لەوانە: ئاژەڵ سەرڕبڕین بۆ جگە لە خوا ، وەکو ئەوەی کەسێک بۆ جنۆکە یان بۆ گۆڕێک –ئاژەڵێک– سەرببڕێت .

# جۆرەکانی شیرک

## شیرکی گەورە
### (ئەمەش ئەو جۆرەیە کە نووسەر مەبەستێتی لێرەدا)

حەقیقەتەکەشی بەو شێوەیە کەوا کەسەکە باوەڕی وابێت جگە لە خوای گەورە تەصەروفێکی شاراوەی هەیە لە گەردووندا یان بە دەستهێنانی قازانجەکان یان دوورخستنەوەی زیانەکانی بە دەستە .

- خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات .
- هەموو کردەوەکان پووچەڵ دەکاتەوە .
- خوێن و ماڵی حەلاڵ دەکات لە لایەن دەسەلاتدارەوە .
- خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا دەهێڵێتەوە .
- ئەگەر هاتووە لە شەرعدا بە گەورە (الاکبر) ناوی برا .
- ئەگەر لە دەقە شەرعییەکاندا وشەی (شرک) یان (کفر) هاتبوون و بە (ال)ی تەعریف تەعریف کرابوون ، ئەوا گەورەیە (الاکبر)ە .

## شیرکی بچووک :

حەقیقەتەکەشی ئەوەیە کەوا ئەوەی خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار ئەم بە هۆکاری بزانێت ، وە هەر شتێک وەسیلەیەک بێت بۆ شیرکی گەورە ئەوا شیرکی بچووکە .

- خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات .
- تەنها کردەوەی تایبەت پووچەڵ دەکاتەوە .
- خوێن و ماڵی حەلاڵ نابێت .
- خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا ناهێڵێتەوە .
- ئەگەر هاتوو لە شەرعدا بە (الاصغر) ناوی برا .
- هەموو ئەوەی لە دەقە شەرعییەکاندا بە (شرک) یان (کفر) ناویان هاتووە و بە (ال)ی تەعریف تەعریف نەکرابوون .

## ئايە خواى گەورە لە شيركى گەورە خۆش دەبێت ؟

هەرگيز لێى خۆش نابێت ئەگەر لەســەر ئەو شــيركە مرد ، بە بەڵگەى ئەو ئايەتەى كە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴾النساء: ٤٨ واتە : بێگومان هەرگيز خوا لەدانانى هاوبەش بۆى نابوورێ)) وە ئەگەر تەوبەى لێكـرد ئـەوا خـواى گەورە لێى خـۆش دەبێت ، بە بەڵگەى ئـەو ئايەتەى كە دەفەرموێـت : ﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾الزمـر: ٥٣، واتـە : ئـەى موحەممـەدا! لـە منەوە بڵێ: ئـەى بەندەكانى من! ئەى ئەوانەى سـتەم و زيـادە ڕۆييتـان لـە خۆتان كردووە! ئێـوە لەرەحمـەت و ميهرەبانى خوا بـێ ئوميـد مەبن، بەڕاسـتى خوا لە هەموو گوناحـێ خۆش ئەبێ ديارە ئەم بانگەشــەيە بـۆ تـەواوى تاوانبارانـە كە بگەڕێنـەوە بۆلاى خـوا، ئەگەرچى گونا هيشـيان بەئەندازەى كەفى سـەر زەرياكان بێ، چونكە ئەوە لێبوردەو ميهرەبـان ) بـە مەرجـێ ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە دەرنەچووبێت ، بە بەڵگەى ئەو فەرموودەيـەى كە دەفەرموێـت : (**لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشـــمس من مغربها**) واتـە :هيجرەت نابڕێتەوەو كۆتايى پێ نايەت تاوەكو تەوبە نەبڕێتەوە ،وە تەوبە نابڕێتەوە تاوەكو ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە دەرنەچێـت) يان لە گيانـەڵادا بێت واتـە : غەرغەرە ، خواى گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ ﴾ النسـاء: ١٨ واتـە : و تەوبەو پەشيمانى بۆ ئەوانە نييە كە بەدرێژايى تەمەنيان، خەريكى گوناح و تاوانـن تـا لەسـات و كاتى گيانـەڵا و مردندا دەڵێ: بێگومـان لەوكارانەم پەشيمانم، ديارە ئەوجۆرە تەوبەيە لاى خوا وەرناگيرێ)

## بەشەکانی حەرامکراوەکان

**شیرکی گەورە:**
ئەمەش بەرزترینیانە

**شیرکی بچووک :**
ئەمە لە شیرکی گەورە بچووکترە بەڵام لە تاوانە گەورەکان گەورەترە .

**تاوانە گەورەکان :**
هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە وەکو لەعنەت یان دوورخستنەوە (دەرکردن) یان بەریبوون لە بکەرەکەی یان ئەو یەکێکە لە بێباوەران یان لە موشریکەکانە یان لە ئیمانداران نییە یان چواندنی بە نابوتترین ئاژەڵان ...

**تاوانە بچووکەکان**
هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کەوا شەرع حەرامی کردووە بەڵام سزایەکی تایبەتی بۆ دانەناوە .

**ژمارەیان :**
ژمارەیەکی دیاری کراوی نییە بەڵام سنووردارە بەو پێوەرانەی لە پێشدا باسکرا .

**حوکمی ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات :**
ئیمانداریکە بەڵام ئیمانەکەی نوقصانە یان کەسێکی ئیماندارە بە ئیمانەکەی و کەسێکی (فاسق) بە تاوانە گەورەکەی . خۆشمان دەوێت بە ئەندازەی ئەو ئیمانەی هەیەتی و رقمان لێی دەبێتەوە بە ئەندازەی ئەو تاوانە گەورەی ئەنجامی داوە . لە گەڵیدا دانانشین لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی .

**پلەکانی :**
جیاوازن ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت : (أکبر الکبائر ....) واتە: گەورەترین تاوانە گەورەکان....)

**حوکمەکەی :**
پێویستە تەوبەی لێ بکرێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت : (النائحة **إذا لم تتب قبل موتها...**)) واتە : ئەو ژنەی بەدەنگ دەلاوێتەوە ئەگەر پێش مەرگی تەوبە نەکات....)) وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : (**...إذا اجتنبت الکبائر...**) واتە : بە مەرجێ لە تاوانە گەورەکان دوور کەوتبێتەوە)

## بەشەكانی – ئاژەڵ- سەربڕین

| بۆ خوا : | بۆ جگە لە خوا | دروست (مباح) : |
| --- | --- | --- |
| ئەوا كارێكی دروستە ، وەكو (الهدی) و قوربانی و صەدەقە . | لەبەر بەمەزن زانین و خۆشەویستی : (ئەمەش ئەو جۆرەیە كە نووسەر مەبەستێتی) ئەمەش شیركی گەورەیە ، وەكو ئاژەڵ سەربڕین بۆ جنۆكە و خاوەن گۆڕەكان . | وەكو ئەو ئاژەڵەی بۆ گۆشتەكەی یان ڕێزگرتنی میوان و بازرگانی و جگە لەوانە سەردەبڕدرێت. |

## هەڵوەشێنەرەوەی دووەم

هەرکەسێک لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا چەند نێوەندێک دابنێ و لێیان بپارێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێ ، ئەوا بەو کارەی بە کۆڕای زانایان کوفری کردووە .

### بەشەکانی شەفاعەت

**ئەوەی کە دروستکراو لە توانایدایە:**

دروستە بە چوار مەرج:
١/ دەبێت ئامادە بێت .
٢/ زیندوو بێت .
٣/ توانای لەسەر هەبێت .
٤/ بڕوای وابێت کە تەنها هۆکارە .

**ئەوەی کە هیچ کەس توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت**

**ئەوەی سەلمێنراوە:**

ئەوەیە کە خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندویەتی و لە هیچ کەسێک داوا ناکرێت تەنها لەو نەبێت ، وە چەند مەرجێکی تێدایە :
١/ مۆڵەتدانی خوای گەورە بەو شەفاعەتە .
٢/ رازی بێت لەو کەسەی شەفاعەت دەکات .
٣/ رازی بێت لەو کەسەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت .

**ئەوەی نەفیکراوە :**

(ئەمە ئەو جۆرەیە کە نووسەر مەبەستێتی) ئەو جۆرەیە کە قورئان نەفی لێکردووە ، ئەوەیە کە لە جگە لە خوا داوادەکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەس توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت ، ئەمیش شیرکی گەورەیە .

**تایبەتە بە پێغەمبەری خوا**

١/ شەفاعەتە مەزنەکە .

٢/ شەفاعەتی بۆ مامی (ئەبو تالیب) کەوا سزاکەی لەسەر سووک بکرێتەوە .

٣/ شەفاعەتی پێغەمبەری خوا بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت .

**گشتییە بۆ هەموو پێغەمبەران و فریشتەکان و یەکتاپەرستان و منداڵان :**

١/ شەفاعەت دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی یەکتاپەرستان .

٢/ بۆ ئەوانەی کە شایستەن بچنە ئاگرەوە لە یەکتاپەرستان کەوا نەچێتە ئاگرەوە .

٣/ ئەوانەی کە چوونەتە ئاگرەوە لە یەکتاپەرستان بۆ ئەوەی دەرچن .

**ئایە دروستە کەسێک بە براکەی بڵێت : دوعای خێرم بۆ بکە ؟**

ئەگەر هاتوو لەم داواکردنەدا جۆرێک هەژاری و زەلیلی نواندنی پێوە دیار بێت ئەوا جۆرێکە لە شیرکی بچووک ، وە ئەگەر هاتوو داواکردنی دوعاکە لە کەسێکی زیندووی ئامادەبووی خاوەن توانا بوو وە باوەڕی وا بوو کەوا ئەوە تەنها هۆکارێکە ئەوا دروستە ، بەڵام باشتر وازهێنانە لێی .

**پەناگرتن (التوکل)**

بریتییە لە راستی پشتبەستن بە خوای گەورە لە گەڵ بوونی سیقەیەکی تەواو پێی و گرتنە بەری هۆکارە دروستەکان .

**شیرکی گەورەیە ئەگەر بۆ جگە لەخوا صەرف بکرێت :**

(ئەمەش هەر ئەوەیە کە نووسەر دەیەوێت )

پەناگرتنی پەرستن و ملکەچبوون . بریتییە لە پشت بەستنێکی رەها لەسەر ئەو کەسەی پشتی پێ بەستووە، بە شێوەیەک باوەڕی وابێت کە بەدەستهێنانی قازانج و دوورخستنەوەی زیانەکانی بە دەستە لە گەڵ بوونی هەژاری و زەلیلی نواندن، وەکو پشت بەستن بە مردووەکان.

**شیرکی بچووک :**

بریتییە لە پشتبەستن بە زیندوو لە گەڵ بوونی هەژاری و زەلیلی نواندن بۆی ، وەکو ئەوەی کەسێک پشت ببەستێ بەزیندوویەک لە رزق رۆزیەکەیدا لە گەڵ ئەوەی بیکاتە سەرووی هۆکار .

**دروست :**

ئەویش بریتییە لە پشت بەستن بە زیندوویەک لەوەی کە کارێکی پێ سپاردووە بە بێ بوونی هەژاری و زەلیلی نواندن ، وەکو ئەوەی کەسێک بکەیتە وەکیلی خۆت لە فرۆشتنی شتێکدا .

**ئایە دروستە بڵێت :**
**( پشت بە فلان دەبەستم) یان**
**(یان پشت بە خوا دەبەستم ئەمجار فلان) ؟**
**وە کامە دروستە؟**

دروست نییە بڵێیت : ( پشت بە فلان دەبەستم) وە دروستیش نییە بڵێیت : (پشت بە خوا دەبەستم ئەمجار فلان) چونکە ئەمە کردارێکە پەیوەندی بە دڵەوەیە بۆ جگە لە خوا صەرف ناکرێت ، بەڵکو دەڵێیت : فلان کەسم تەوکیل کردووە ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا هەندێ لە هاوەڵانی تەوکیل کردووە بۆ کاروباری گشتی وتایبەتی .

## هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم

**هەرکەسێک موشریکەکان بە کافر نەزانێت ، یان گومانی بوو لە کافر بوونیان ، یان مەزهەبەکەیانی بە راست زانی ، ئەوا کوفری کردووە .**

### حوکمی موشریکەکان لە ئیسلامدا

هەرکەسێک بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوای پێ گەیشتبێت و باوەڕی پێی نەهێنابێت ئەوا کافرە ، کوفرێکی گەورە ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾آل عمران: ٨٥ واتە: هەرکەسێ بێجگە لەبەرنامەو شەریعەتی ئیسلام هەردینێک بۆخۆی هەڵبژێرێ و بیکا بەبەرنامەی خۆی هەرگیز لێیوەرناگیردرێ و لەدوارۆژیشدا لەریزی زیانمەندانە.)

**ئایە ئەهلی کیتاب بەشێکن لە موشریکەکان ؟**

بەڵێ ئەهلی کیتابیش دەگرێتەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەری خوا نەهێناوە ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَٰغِرُونَ ﴾التوبة: ٢٩ واتە : لەگەڵ ئەوانەشدا بجەنگێن ‹ئەی بڕواداران› کە بەخواو، بە ڕۆژی دوایی بێ باوەڕن و هەر شتێکیش خواو پەیامبەرەکەی ئەو حەرامیان کردبێ، ئەمان بە حەڵاڵ و ڕەوای دادەنێن و ملکەچی ئەم دین و ئایینە هەقەش نابن، کە تەنها ئەو دینەش ڕاست و دروستە‹. ئەوانەش دەبێ ئەو جەنگەیان لەگەڵ بکرێت ، خاوەن کتێب نامەکانن، موسایی و عیساییین ، جەنگیان لەگەڵ بکەن هەتا بەدەستی خۆیان سەرانە دەدەن و ملکەچ دەبن بۆ شەرعی پیرۆزی ئیسلام )، هەروەها ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت : (**والذي نفس محمد بيده لا يسمع بي أحد من هذه الامة يهودي ولا نصراني ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار**) واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بە دەستە هیچ کەسێک لەم ئوممەتە جولەکە بێت یان گاور پەیامەکەی من ببیسێت و باوەڕ نەهێنێت بەوەی من هێناومە ئیللا دەبێتە ئەهلی دۆزەخ)

**ئایە ئەمە مانای ئەوەیە کە وەفامان بۆ پەیمانەکان نەبێت ؟**

هەرکەسێک پەیمانێکی هەبێت ئەوا پێویستە وەفامان بەو پەیمانە هەبێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی خوا بە دەست بهێنین ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿فَمَا ٱسْتَقَٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ التوبة : ٧

واتە : ئەوانە هەتا بەڕێک و پێکی لەسەر پەیمانەکەیان بن و وەفاداربن دەبێ ئێوەیش پەیمانەکەیان بەڕێک و پێک ڕاگرن و وەفاداربن. بە ڕاستی خوا پارێزکارانی خۆشدەوێ، ئەوانەی وەفادارن و پەیمان شکێن نین) وەخەڵکیش لە مامەڵەکردنی موشریکەکاندا سێ بەشن :

| | | |
|---|---|---|
| لایەک کە بەشداری کافرەکان دەکات لە جەژن و ئاهەنگ و بۆنەکانیاندا. | وە لایەک تەعەدایان لێ دەکات بە کوشتن و تالان و فێڵ و لێدان . | وە ناوەندیش ئەوەیە کە ئەهلی سوننە و جەماعەی لەسەرە ، ئەویش بەشداری نەکردنیانە لە جەژن و ئاهەنگەکانیاندا و وەفابوونە بە پەیمانەکانیان ئەوەی ئەوان لەسەرین ، وە بەهیچ شێوەیەک تەعەدایان لێ ناکەین و لەکڕین و فرۆشتندا مامەڵەیان لە گەڵدا دەکەین و بانگیان دەکەین بۆ تەوحید . |

## هەڵوەشێنەرەوەی چوارەم

**هەرکەسێک باوەڕی وا بێت کەوا جگە لە هیدایەتی پێغەمبەر تەواوترە لە هیدایەتی ئەو ، یان حوکمی جگە لەو باشترە لە حوکمەکەی – وەکو ئەوانەی فەزڵی حوکمی تاغوتەکان دەدەن بە سەر حوکمەکەیدا – ئەوا کەسێکی کافرە .**

**بەشەکانی حوکم کردن بە جگە لەوەی خوای گەورە دابەزاندووە.**

بەوەی حوکمی تاغوتەکان و یاساکان پێش حوکمی خوا بخات و باوەڕی وابێت کە حوکمی خوا بە کار نایەت ، ئەمە ئەگەر باوەڕی وا بێت ئەوا کوفری کردووە بە کوفرێکی گەورە کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾التوبة: ٣١ واتە: لە بری خوا مەلاو رەبەنەکانی خۆیانیان کردە خوا ! )

وە ئەگەر باوەڕی وا بوو کە حوکمی خوا پێویستە جێ بە جێ بکرێت و هەر ئەویش باشترە بۆ وڵات و خەڵکی ، بەڵام حوکمی تاغوتەکان پێش دەخات لەبەر ئارەزوویەک لە نەفسیدا یان خۆشویستنی دەسەڵات (پلەو پایە) و جگە لەوانە ، ئەوا (کفر دون کفر) ە ، کوفری بچووکە و فاسق بوونە ، وە ئەگەر بەم حوکمە حەقی کەسێکی موسڵمانی بری (پێی نەدا) ئەوا کەسێکی ستەمکارە ، وە نزیکە لەوەی کە بکەوێتە ناو کوفری گەورەوە کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات .

## هەڵوەشێنەرەوەی پێنجەم

**هەرکەسێک رقی بێت لە شتێک لەوەی کە پێغەمبەری خوا هێناویەتی ، هەرچەندە کاری پێبکات ئەوا کوفری کردووە .**

### بەڵگە لەسەر ئەم هەڵوەشێنەرەوە

خـوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾ محمـد: ٩ واتـە : ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە بەڕاسـتی ئەوان رقیـان لەوپەیامە دەبـووەوە خـوا دایبەزاندووە جا خوایش کارەکانیانی بـێ ئاکام کردەوە).

وە دەفەرموێـت : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾ النسـاء: ٦٥ واتـە : نەخێـر وەک ئەوە نییـە دووڕووەکان دەیزانن، سـوێندبێ بەپـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر نابنـە بـاوەڕدار تـا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـان تـۆ دەکەنـە داوەر و ئەوسـاش بەرامبـەر بەوبڕیارەی تـۆ داوتـە، هیـچ تەنگیەکیـان دەسـت نەکـەوێ لەدەروونیانـدا و بەچاکیش تەسـلیم و ملکـەچ ببن).

وە دەفەرموێـت : ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾ الأنعـام: ١٢٥ واتـە : ئینجـا ئەوکەسـە کـە خـوا بیـەوێ ڕێنمایی بـکات بۆ دینی ئیسـلام، دڵ و سـنگی فـراوان و گوشـاد دەکاو، پاداشـی قیامەتـی لاشـیرین ئـەکاو، ئەوجـا زۆر بەئاسـانی دینـی ئیسـلام قبووڵـدەکات، کێـش خۆی حـەز بکا گومـڕای بکا وا بەتونـدی نەفـەس تەنگـی دەکا دەڵێـی بـەرەو ئاسـمان سـەردەکەوێ ئەوکەسـانەی وا بڕواناهێنـن، هەر بەوشـێوازە خـوای گەورە شـەیتان زاڵ دەکات بەسـەر یانـدا).

## خۆشویستن و رق لێبوون لەبەر خوا

**خۆشویستن و ڕقلێبوون لەبەر خوا لە واجیباتەکانە ، بەڵکو ئەوە لە (پتەوترین هۆکارو دەستەگیرەی ئیمانە) ە.**

### ئەو شتە چییە کەوا پێویستە لەبەر خوا خۆشمان بوێت ؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەوکردارەی کە خوای گەورە پێی رازییە ، ئەویش هەموو ئەوانەیە کە شەرع هێناویەتی وەکو تەوحید. | ئەو کەسانەی کە کاری پێ دەکەن وەکو پێغەمبەران و فریشتەکان و هاوەڵان و هەموو یەکتاپەرستێک . | ئەو کاتانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت وەکو شەوی قەدر و کۆتا سێیەکی شەو. | ئەو جێگایانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت وەکو شاری مەککە و مەدینە . |

### ئەو شتە چییە کەوا پێویستە لەبەر خوا رقمان لێی بێت ؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو کردارەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی وپێی رازی نییە ، ئەویش هەموو ئەوانەیە کە شەرع نەهی لێکردووە وەکو شیرک. | ئەو کەسانەی کە کاری پێ دەکەن وەکو موشریکەکان و دووڕووەکان و شەیتانەکان. | ئەو کاتانەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی وەکو ئەو کاتانەی کە رۆژی تێدا دەپەرسترێت . | ئەو جێگایانەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی وەکو جێگاکانی شیرک. |

### ئایە ئەو ئافرەتەی کە رقی لە فرەژنی بێت کافر دەبێت ؟

ئەوەی واقیعە کەوا ئافرەت ئینکاری لە حوکمە شەرعییەکە ناکات بەڵکو پێی خۆش نییە کە پیاوەکەی ژن بهێنێتە سەری ، ئەمەش کارێکە لۆمەی لەسەر ناکرێت .

## هەڵوەشێنەرەوەی شەشەم

هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێک لە دینەکەی پێغەمبەر یان پاداشتی خوای گەورە یان سزاکەی ئەوا کوفری کردووە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ۝٦٥ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ﴾التوبة: ٦٥ - ٦٦ واتە : (پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە(٦٦) ).

## گاڵتەجار

مانـاو حوکمەکـەی: گاڵتـە کـردن بریتیـە لە سـووکایەتی کـردن (سـخریە) وە حوکمی ئەو کەسـەی کـە گاڵتەجارە یان جوێـن دەدات ئەو کەسـێکی کافـرە بـە کوفرێکـی بەرهەڵسـتکار (معارضـە)، ئەویـش کوفرێکـی گەورەیـە و خاوەنەکـەی لـە ئیسـلام دەردەکات و بە هەتا هەتایـی لـە ئاگـری دۆزەخدایـە، پەنا بـە خوا. بـەڵام ئەو کەسـەی گوێی لە جوێنەکـە دەبێت پێویسـتە لـە سـەری ئینـکاری بکات یـان لەو مەجلیسە هەڵسـێت ، وە لە نمونەی ئەوەی ئەو کەسەی دەیبینێ یان دەیگێڕێتەوە بە بێ ئەوەی ئینکاری لـێ بکات ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ﴾ النسـاء: ١٤٠ واتـە : خـۆ بەراسـتی خـوای گـەورە لـەم قورئانـەدا بەئێـوەی ڕاگەیاندووە کـە هـەرکات زانیتـان و بیسـتان ئایەتەکانـی خوا کەسـانێک باوەڕیـان پێناکـەن و گاڵتەیان پێدەکـەن هەتـا ئەوباسـە دەگـۆڕن و دەچنـە سـەر قسـەیەکی تـرو واز لەوکارەیـان دێنن، ئێـوە لەگەڵیـان دامەنیشـن ئەگینـا ئێـوەش لە گونـاح و تاوانـدا وەک ئـەوان دەبن).

وە تەوبەکـەی وەردەگیرێت بە چەند مەرجێک :

ستایشـی خوای گـەورە بکات بەوەی شایسـتەیەتی.

تەبـەرا بـکات لـەو گاڵتەیـەی وتویەتـی.

شوێنـــەواری تـــەوبەکەی بـە سـەرەوە دیـار بێـت و راسـتیەکەیمان بـۆ دەرکـەوێ .

بـەڵام ئـەو کەسـەی جوێنـی بـە پێغەمبـەری خـوا داوە ئـەوا تەوبەکـەی لای خـوا وەردەگیرێـت ئەگەر راسـتگۆ بـوو بـوو ، بەڵام دەسـەلاتدار دەیکوژێـت لەبـەر کردارەکەی .

**ئایە ئەگەر قسەکەی ئیحتیمالی جوێنی دانی تێدا بوو بە کافر دادەنرێت ؟**

بـۆی روون دەکرێتـەوە ، ئەگەر تەوبەی کرد ئـەوا وازی لێ دەهێنین و ئەگەر نـا کارەکـەی بەرز دەکرێتەوە بۆ لای قـازی و گەورە زانایان .

## هەڵوەشێنەرەوەی حەوتەم

جــادوو ، هەر لەوانە لەیەک جیاکردنەوە و ســۆز (لە یــەک نزیک کردنەوە)، جــا هەرکەســێ ئــەو کارەی کرد یــان پێی رازی بــوو ئەوا کوفــری کردووە، بەڵگــەش ئــەو ئایەتەیە کە خــوای گەورە دەفەرموێــت : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْـنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ البقــرة: ١٠٢ واتــە : (وە لەهەمان کاتدا هەر کەســێکیان فێری جادوو دەکرد لە ســەرەتاوە پێیــان دەگوت: ئەم کارەی ئێمــە تەنها بــۆ تاقیکردنەوەو فێر بوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(ســیحرە) و لەلایــەن خــواوە نێردراوین، کەوابوو ئــاگادار بە! خۆت کافــر مەکە و فێری جــادوو نەبیت )

### سیحر (جادوو)

### حوکمەکەی :

جــادوو کــوفــــری گەورەیــە ، بــە بەڵگــەی ئەو ئایەتەی کە خوای گــەورە دەفەرموێــت : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْـنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ البقــرة: ١٠٢

### نیشانەکانی جادووباز (ساحیر) :

- جیاوازی لە گەڵ مەرجە رێگە پێدراوەکانی روقیەی شەرعی .
- نوسینی چەند پیتێکی بچڕبچڕ ، وە قسەکردن بە قسەکردنێک لێی تێناگەین .
- تەماشا کردنی ئەستێرەکان (علم التأثیر) ، خوێندنەوەی ناو دەست و فنجان .
- گرێدان لە گەڵ فووکردندا
- لەیەک جیاکردنەوە و سۆزداری (لە یەک نزیک کردنەوە)
- فەرمان بکات بە نەخۆشەکە بە ئەنجامدانی سەرپێچییەکی شەرعی وەکو ئەنجامدانی کارێکی حەرام یان وازهێنان لە نوێژ یان وازهێنان لە (بسم الله) لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵدا .
- پرسیاری ناوی دایک بکات .
- بانگەشەی زانینی علیمی غەیب بکات .

## چوون بۆ لای جادووباز و حوکمەکەی :

مەبەست لە چوون واتە لە گەڵیدا دانیشێت ، یان کەسێکی بۆ لا بنێرێت یان نامەیەک ، هەروەها تەماشاکردنی ئەو کەناڵ و پەیج و گۆڤارانەی کە بورجەکانی تێدایە ، وە خوێندنەوەی ناودەست و فنجان .

وە حوکمی ئەو کەسەی کە دەچێت بۆ لای جادووباز ئەوا بۆ ماوەی چل رۆژ نوێژەکەی لێ وەرناگیرێت هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە ، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێکرد بەوەی کە دەیڵێت ئەوا پێغەمبەری خوا دەربارەی فەرموویەتی : (**مـن أتى عرَّافا فصدقه فقد كفر بما أنـزل على محمد**) واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای فاڵچییەک و باوەڕی بە قسەکانی کرد ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر محمد)

بەڵام ئەو کەسە ناگرێتەوە ئەگەر رۆیشت بۆ لای بە مەبەستی ئینکاری کردن لێی و خۆیشی کەسێکی ئەهلی ئەوە بوو .

## نوشرە (پوچەڵ کردنەوەی سیحر)

بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی سیحر لەو کەسەی سیحری لێکراوە ، ئەمەش دەبێتە دوو بەشەوە :

### ئەوەی دروستە:

ئەوەیش بریتییە لەوەی کە بە روقیەی شەرعی و دەوای حەڵاڵ و دوعا دەکرێت .

### ئەوەی کە دروست نییە :

ئەگەر جۆرێک لە جۆرەکانی سیحری تێدا بوو ، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (إنها من عمل الشيطان) واتە : ئەوە لە کار و کردەوەی شەیتانە ) .

## وەڵامی ئەو کەسانەی کە دەڵێن :
## دروستە بە سیحر سیحر پوچەڵ بکرێتەوە :

١/ پوچــەڵ کردنەوەی ســیحر بە ســیحر جیاوازە لە گەڵ کیتاب و ســوننەت و ئــەوەی هاوەڵان و پێشــینی ئەم ئوممەتە لەســەری بوون .
٢/ لاوازی چارەســەر کــردن بــە قورئــان و ئــەو دوعایانــەی لــە ســوننەتی پێغەمبــەرەوە هاتــووە تێــدا بــە دی دەکرێــت .
٣/ وە بــە هێز بوونی ســیحر و ســاحیرەکان و دەســەڵاتیان لــە ناوخەڵکیدا بە دی دەکرێت .
٤/ لادانــی تێدایــە لەو دڵنیاییەی کە ئەویش چارەســەر کردنە بــە قورئان و ئەو دوعایانــەی هاتووە بەرەو گومان کە ئەویش چارەســەر کردنە بە ســیحر .
٥/ پێویســتە لەســەر ئەو کەســەی کە ســیحرەکە پووچەڵ دەکاتەوە و ئەوەی بــۆی پوچــەڵ دەکرێتــەوە کــە خۆیان لە شــەیتان نزیــک بکەنەوە بــەوەی پێی خۆشــە تاوەکو ئەو ســیحرە پوچــەڵ بکاتەوە .
٦/ ئەگەر ســیحرلێکراوەکە ئارام بگرێت ئەوا بە بەهەشــت پاداشــت دەدرێتەوە هەروەکــو لە پێغەمبەری خــوداوە هاتووە.
٧/ چارەســەرکردنی ســیحر بە ســیحر ئەوا کەســی سیحرلێکراو ســیحر زیاد دەکات بە ســەر ســیحرەکەیدا .
٨/ پێغەمبەری خوا ســیحری لێکرا کەچی بە ســیحر چارەســەری نەکرد بەڵکو بــە روقیەی شــەرعی چارەی کرد.

# هەڵوەشێنەرەوەی هەشتەم

کۆمــەک کردنــی موشــریکەکان و یارمەتیدانیــان لــە دژی موســڵمانان ، بەڵگــەش ئەو ئایەتەیە کــە خوای گەورە دەفەرموێــت : ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ المائدة: ٥١ واتــە : (و هەرکەسێکیشــتان دۆســتایەتییان لەگــەڵ بــکاو، بیانــکا بەیارمەتیــدەرو دۆســتی خــۆی، وە یان هاوکاریــی و هاوڕێییــان بــکات ، بــێ شــک ئەوکەســە هــەر لەوانــەو بەوان دادەنــرێ ، ئەگەرچی بەناســنامەیش موســڵمان بێت بێگومان خــوا هیدایەت و ڕێنمایــی گەلــی ناهەقو ســتەمکار نــاکات ) .

## کۆمەک کردنی موشریکەکان بەسەر موسڵماناندا

ئــەوەی پێویســتە لەســەر کەســی موســڵمان بەریبوونــە لــە موشــریکەکان و دینەکەیــان و کوفرکردنە بەوە ، وە خۆشویســتن و دۆســتایەتی ئەهلی تەوحید و خۆشویســتنی دینەکەیانــە ، جــا هەرکەســێ کوفــری خۆشویســت یــان پێی ڕازی بوو یان یارمەتی دان و موشــریکەکانی سەرخســت ئەوا کەســێکی کافرە بــە کوفرێــک کە خاوەنەکــەی لە ئیســلام دەردەکات .

دەرئەنجام ئەوەیە کەوا سەرخستن و کۆمەکی موشریکەکان دوو بەشە :

### کوفر و هەڵگەڕانەوە

سەرخســتنی موشــریکەکان بەسەر موســڵمانان لە بەر خۆشویســتنیان و رق لێبوونــی موســڵمانان و حەزکردنی باڵادەستی موشریکەکان بە ســەر موســڵماناندا .

### کوفر نییە و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات

ئــەو کارەی لەبــەر خۆشویســتنی موشــریکەکان و رق لێبوونــی موســڵمانان نەبێــت ، بەڵکــو لەبــەر بەرژەوەنــدی دونیایــی بێــت .

## هەڵوەشێنەرەوەی نۆیەم

هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچن ، هەروەکو چۆن (خضر) بۆی بوو لە شەریعەتەکەی موسا دەرچێت ، ئەوا کافرە .

**هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە دینەکەی محمد دەرچن :**

ئەوا کوفری کردووە بە کوفرێکی گەورە و لە ئیسلام پێی دەردەچێت بە کۆڕای زانایان ، جا داوای تەوبەی لێ دەکرێت و بەڵگەکانی بۆ روون دەکرێتەوە ، ئەگەر تەوبەی کرد باشە ئەگەر نا دەکوژرێت .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾الأعراف: ١٥٨ واتە : ئەی پێغەمبەر! بڵێ: ئەی خەڵکینە! چاک بزانن کە: من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆلای سەرجەم ئێوە ، نەک تەنها بۆلای هەندێکتان) .

وە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (**لوكان أخي موسى حياً ما وسعه إلا اتباعي**) واتە: ئەگەر موسای برام زیندوو بوایە ئەوا شوێنی من دەکەوت)

وە لەم باسەشدا هەموو ئەو ئەهلی کیتابانە دەگرێتەوە کە بانگەوازەکەیان پێ گەیشتووە ، چونکە ئەوانە موشریکن هەروەکو لە پێشدا باس کرا .

وە ئایە (خضر) لە میللەتەکەی موسا دەرچوو ؟ هیچ بەڵگەیەک نییە کە (خضر) لە دینەکەی موسا دەرچووبێت ، وە ئەگەر هەشبێت ئەوا رەنگە لە ئوممەتەکەی موسا نەبێت ، چونکە هەر پێغەمبەرێک خوای گەورە بۆ قەومەکەی خۆی دەینارد ، وە پێغەمبەری خۆا محمد خوای گەورە بۆ هەموو خەڵکی رەوانەی کرد بۆیە نابێت هیچ کەسێک لە شەریعەتەکەی دەرچێت .

## هەڵوەشێنەرەوەی دەیەم

پشــت کردن لــە دینی خوای گەورە ، نــە فێری دەبێت و نــەکاری پێ بکات، بەڵگــەش ئــەو ئایەتەیە کــە خوای گــەورە دەفەرموێــت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴾ الســجدة: ٢٢ واتــە: کێ لــەو کەســە ســتەمکارترە کــە بەئایەتەکانــی پــەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێــت کەچــی ڕوویــان لێوەرچەرخێنێــت؟ ئەوانــە تاوانبــارن، بەڕاســتی ئێمــەش تۆڵە لــە تاوانباران ئەســێنین.)

### پشتکردن لە دینی خوا

پێغەمبــەری خــوا فەرموویەتــی : (**من يرد الله به خيراً يفقهــه في الدين** ) واتە: (هەرکەســێ خوای گــەورە خەیری بۆی بوێت ئەوا لە دینەکەی خۆی شــارەزای دەکات) وە هەرکەســێک خوای گەورە خەیری بۆی نەوێت ئەوا پشــت هەڵدەکات و بــێ ئــاگا دەبێت لــە دینی خوا ، خــوای گەورە دەفەرموێــت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴾ الســجدة: ٢٢ واتــە : کــێ لــەو کەســە ســتەمکار تــرە کــە بەئایەتەکانــی پــەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێــت کەچی ڕوویــان لێوەرچەرخێنێــت؟ ئەوانە تاوانبارن، بەڕاســتی ئێمەش تۆڵــە لــە تاوانباران ئەســێنین)، وە (مجرم)ەکانیــش لە ئاگردان ، پەنــا بە خوا .

### حوکمی پشتهەڵکردن

ئەگــەر پشــتی هەڵکــرد بە بیســتن و دڵــی لــە پێغەمبەری خــوا نە بــاوەڕی پێ دەکات و نــە بــە درۆی دەزانێــت ، دوســتایەتی ناکات و دوژمنایەتــی ناکات ، بە هیــچ شــێوەیەک گــوێ بۆ ئــەوە ناگرێــت کە لە لایــەن ئــەوەوە هاتــووە ، ئەوا کافــرە بــە کوفرێکی گــەورە کە لــە ئیســلام دەری دەکات .

خوای گــەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴾النســاء: ٦١ واتــە : کاتێکیــش بــەو دووڕووانــە بگوتــرێ: وەرنە لای ئەم بەرنامەو شــەریعەتە خــوا دایبەزاندووەو، وەرنــە لای ئــەم پەیامبــەری خوایــە، تــا کێشــەکەتان بــۆ ببڕێتــەوە کەچــی دووڕووەکان دەبینــی بەتونــدی ڕووت لێوەردەگێــڕن و، قەتیــش بــەو بەرنامەو بڕیــارەی تــۆ ڕازی نابــن) . وە دەفەرموێــت : ﴿ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴾الجــن: ١٧ واتــە: وە ئــەوەی لەیــادی پەروەردگاری خــۆی، واتە: لــە قورئــان ڕوو وەرگێڕێ خــوا دەیخاتە ناوســزایەکی ســەختەوە ).

## کۆتایی

وه هیـچ جیاوازیـەک نییـە لـەم هەڵوەشـێنەرەوانەدا لـە نێوان کەسـێک بە گاڵتـەوە بیـکات و کەسـێک بە راسـتی بیـکات و کەسـێکی ترسـاودا و ئیللا کەسـێکی ناچار نەبێـت ، وە هەر هەمووی لە گەورەترین شـتە ترسـناکەکانە ، وە لە هەمووی زیاتر روودەدات ، بۆیە پێویسـتە لەسـەر کەسـی موسـڵمان لێـی بـە ئـاگا بێـت ، وە لێی بترسـێت لەسـەر خـۆی ، پەنـا دەگرین بە خوا لـەوەی غەزەبـی خۆی و سـزا سـەختەکەی بە سـەرماندا پێویسـت دەکات ، **وصلـــی اللە علی خیر خلقة محمد وعلی آلة وصحبة وسـلم.**

### وه هیچ جیاوازیەک نییە لەم هەڵوەشێنەرەوانەدا لە نێوان :

#### گاڵتەجار :

ئەو کەسەیە کە هەڵوەشێنەرەوەکە دەکات و ئەمجار بانگەشەیە ئەوە دەکات کەوا گاڵتە دەکات .

#### کەسێک بەراستی بیکات :

ئەو کەسـەیە کە بە قەصدی هەڵوەشێنەرەوەکە ئەنجام دەدات و هیچ بیانویەکی نییە.

#### ترساو :

ئـەو کەسـەیە کـە بـە درۆوە بانگەشـەی ئـەو دەکات کـە ئـەو کارەی لـە ترسـی زیانێـک بـووە کـە توشـی سـامانەکەی یـان رووە کۆمەڵایەتییەکـەی دەبێـت ، وە لەسـەر هیـچ شـتێک ناچار نەکـراوە ، خـوای گەورە دەفەرموێـت : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتۡنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصۡرٞ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمۡۚ أَوَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ العنكبـوت: ١٠ واتـە: لەنێـو مەردومـدا هێنـدێ خەڵـک هەیـە دەڵێـت: باوەڕمـان بەخـوا هەیـە کەچـی کاتێکیـش لەسـەر خـوا ئـازاردرا سـزاو ئـازاری خەڵکـی، گێـڕا وەکو سـزای خوا ، بۆیـە دواییـش خـۆی بـۆ راناگیـرێ و پاشـگەز دەبێتـەوە. ئەگـەر سـەرکەوتن و پیرۆزییـەک لەلایـەن پەروەردگارتـەوە هاتبـا دەیانگـوت : بێگومـان ئێمەش لەگەڵ ئێـوەدا بوویـن ‹مەبەسـتیشـیان هـەر ئەوەیە کـە لـە دەسـتکەوتە جەنگییەکاندا شـتێکیان دەسـت کەوێ. ئایا خـوا زاناتر نیـە بـەوەی کـە لـە دڵ و سـنگی هەموو خەڵکدایـە؟ ).

## ناچارکردن:

هـەر کەسـێک ناچـار کـرا بـۆ ئەنجامدانـی هەڵوەشـێنەرەوەیەک لـە هەڵوەشـێنەرەوەکان ئـەوا کافـر نابێـت ، وە مەرجەکانـی ئـەو ناچارییەی کە بیانـوی لەسـەر هەیـە بریتییـە لـە :

١. بەراسـتی ناچار بوبێت ، بۆیە کەسـی ترسـاو یان کەسـی (مجامل) کەناچار نیـە بیانویان نییە .

٢. زیـادەڕەوی نـەکات ، بـۆ نمونە ئەگـەر ناچار کرا بە جوێندانـی دانەیەک کە بـە جوێندانـی کافر دەبێت ، زیـادەرەوی نەکات بـۆ دانەیەک زیاتـر ، جا ئەمە کوفـرە ، چونکـە ئەو ناچـار کراوە بە جوێندانـی دانەیەک .

٣. تا دەتوانێت پشتی لێبکات و بە راشکاوی کوفرەکە نەکات .

٤. دڵـی پـڕ لـە ئارامـی ئیمـان بێـت ، واتـە : تەنها بە زمـان بیڵێـت و لە گەڵ مانـەوەی دڵی لـە سـەر ئیمانەکەی .

٥. ئـەوەی کـە ناچاری لەسـەر کراوە تەعـەدای غەیری خۆی و فەسـادی تێدا نەبێـت یـان گومڕایی خەڵکی تێـدا نەبێت .

## چەند ئاگادارییەکی گرنگ :

**یەکەم :** نووسەر لەم کتێبەدا تەکفیر کردنی ئوممەتی نەویستووە ، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی فێری ببێت و لێی بە ئاگا بن و لێی بترسن، جا ئەگەر ترسان ئەوا ئیمانەکەیان دروست دەبێت و لە سزای سەخت دەربازیان دەبێت، هەروەها پێویستە لە سەریان ئاگاداری جگە لەخۆیان بکەنەوە لێی ، چونکە ئەوە کارێکی زۆر ترسناکە ، بۆیە پێویستە فێری ببین و خۆمانی لێ بپارێزین .

**دووەم :** ترسی کەسی موسڵمان لە شیرک بەوە دەبێت کە فێری زانستی شەرعی بێت ، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (**من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين**) واتە : (هەرکەسێ خوای گەورە خەیری بۆی بوێت ئەوا لە دینەکەی خۆی شارەزای دەکات) جاتێگەیشتن لە دیندا لە پێویسترین پێویستییەکانە و بەرێزترینیانە ، بە زانستی شەرعی مرۆڤ خۆی دەپارێزێت لە شیرک و بیدعە و سەرپێچی ، وە تا زیاتر مرۆڤ خواکەی خۆی ناسی ئەوا زیاتر چاودێری کردەوە و حاڵی خۆی دەکات ، وە تا زیاتر لە زانستدا شارەزا بێت و بەرزتر بێت ئەوا ئیخلاصی بۆ خوای گەورە زیاتر دەبێت و ئیمانی کاملتر دەبێت ، هەندێ لە زانایان فەرموویانە : داوای زانستمان کرد بۆ جگە لە خوا بەڵام خوای گەورە نەیوەیست تەنها بۆ خۆی نەبێت .

**سێیەم :** نابێت کەسی دیاری کراو (المعين) کافر بکەین ئیللا لە پاش سەلماندنی ڕوودانی هەڵوەشێنەرەوەیەک لەم هەڵوەشێنەرەوانە و ئیقامە حوججە کردن لەسەری و نەهێشتنی (موانع التكفير) لەسەر کەسەکە ، وە ئەو کەسەی کە کافری دەکات دەسەلاتداری موسڵمانانە یان جێگرەکەی لە قازییەکان و ئەوانەی لە جێگەی ئەوانن ، بەڵام عەوامی خەڵکی ئەوا بۆیان نییە بچنە نێو ئەم بابەتانەوە .

**چوارەم :** نووسەر کیتابەکەی بە دوعایەک کۆتایی پێ هێناوە و دەفەرموێت: (**نعوذ بالله من موجبات غضبه وأليم عقابه**) ئەمەش بەڵگەی چاکی مەبەستی و بەزەیی بە خوێنەری تێدایە ، ئەمەش نەریتی ئەوە لە هەموو نوسینەکانیدا خوای گەورە لێی خۆش بێت و پاداشتی چاکەی بداتەوە .

## خۆت تاقیبکەرەوە:

**وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە جێگای تایبەتدا بدەرەوە:**

١/ بۆ زانایان بە (بەسمەلە) دەست پێ دەکەن ؟

.١ ..........................................................................................

.٢ ..........................................................................................

.٣ ..........................................................................................

٢/ مانای هەڵوەشێنەوەرەکانی ئیسلام چییە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٣/ بۆ هەندێ جار زانایان بە هەڵوەشێنەرەوەکان ناوی دەبەن و هەندێ جار بە پووچەڵکەرەوەکان یان (مفسدات) ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٤/ ئایە ئەم هەڵوەشێنەرەوانە یەکدەنگی زانایانی لەسەرە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٥/ ئایە هەڵوەشێنەرەوەکان بە ژمارەیەک دیاری کراون (سنووردارن)؟

سنووردارن      سنووردار نین بە ژمارەیەک سنوودار نەکراوە بەڵام بە گشتی سنووردار کراوە (ئیجمالی)

..........................................................................................

..........................................................................................

٦/ بۆ نووسەر دەڵێت دە دانەیە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٧/ ئەگەر ژمارەیەک لە کیتاب و سوننەدا هات ئایە مەبەستدارە یان لەوە زیاتر دەکرێت یان نا ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٨/ بۆ هەندێ جار باسی ژمارەیەک دەکات و مەبەستدار نییە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٩/ نمونەیەک بۆ ژمارەیەکی مەبەستدار بهێنەرەوە .

..........................................................................................

..........................................................................................

١٠/ نمونەی بۆ ژمارەیەکی بهێنەرەوە کە مەبەستدار نەبێت .

..........................................................................................

..........................................................................................

١١/ ئایە نووسەر بڕوای وایە کە لە دە هەڵوەشێنەرەوە زیاتر هەیە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٢/لە کوێی قسەکانیدا ئەوە وەردەگرین ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٣/ ئایە دەکرێت هەڵوەشێنەرەوەکان هەموو دیاری بکرێن ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٤/ ئایە هەڵوەشێنەروەکان چۆن حەصر دەکرێت ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٥/ بۆ هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنین ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٦/ ئایە هیچ کەسێ جگە لە نووسەر لە سەر هەڵوەشێنەرەوەکان کتێبی نوسیوە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٧/ ئایە جیاوازی لە هەڵوەشێنەرەوەکاندا دەکرێت لە نێوان کردار و بکەرەکەدا ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٨/ هۆی ئەم جیاوازییە چییە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

١٩/ ئایە مەبەستی نووسەر لەم هەڵوەشێنەرەوانە بەکافر زانینی تاکەکانە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٠/ چی پێویستە لەسەر ئەو کەسەی هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنێت ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢١/ نووسەر چی شیرکێکی مەبەستە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٢/چۆن جیاوازی دەکەین لە نێوان شیرکی بچووک و شیرکی گەورە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٣/ کەسێکی موشریک شیرکی گەورەی کردبێت ئایە تەوبەکەی لێ وەردەگیرێت ؟ وە کەی لێی وەرناگیرێت ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٤/ ئایە شیرکی بچووک گەورەترە یان تاوانە گەورەکان ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٥/ ئایە چی ڕێکخەرێک هەیە بۆ دیاری کردنی تاوانە گەورەکان ؟...........................

.................................................................

..........................................................................................

٢٦/ ئایە تاوانە گەورەکان بە ژمارەیەکی دیاری کراو حەصر کراوە ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٧/ ئایە حوکمی ئەو کەسە چییە کە تاوانە گەورەکان ئەنجام دەدات ؟ وە ئایە خۆشمان دەوێت یان ڕقمان لێی دەبێت ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٨/ ئەوکەسەی تاوانی گەورەی ئەنجام دابێت ئایە لە گەڵیدا دادەنیشین ؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٢٩/ ئایە تاوانە گەورەکان جیاوازیان هەیە ؟ بەڵگەش چییە؟

..........................................................................................

..........................................................................................

٣٠/ ئایە تاوانە گەورەکان بە کردەوەی چاک خوای گەورە لێی خۆش دەبێت یان پێویستی بە تەوبەیە؟

..................................................................................

..................................................................................

٣١/ ئایە حەرامکراوەکان چەند بەشە ؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٢/ ئایە بەشەکانی شیرکی گەورە چییە ؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٣/ ئایە بەشەکانی ئاژەڵ سەربڕین چییە؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٤/ کەی سەربڕین دەبێتە شیرکی گەورە ؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٥/ بەشەکانی شەفاعەت چییە؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٦/ پەناگرتن چییە ؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٧/ پەناگرتن دەکرێتە چەند بەشەوە ؟

..................................................................................

..................................................................................

٣٨/ ئایە دروستە بڵێت : پەنا دەگرم بە فلان ؟ یان : پەنا دەگرم بە خوا ئەمجار فلان دروستە دروست نییە؟

٣٩/ پێویستە لەسەری چی بڵێت ؟

..................................................................................

..................................................................................

٤٠ / بەڵگە چییە لەسەر کوفری موشریکەکان ؟ ئایە ئەهلی کیتابیش بەشێکن لەوان ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤١/ ئایە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیمانەکانمان نەبەینە سەر ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٢/ ئایە خەڵکی دەبنە چەند بەشەوە بەرانبەر بە هاوپەیمانان (معاهدين)؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٣/ ئایە بەشەکانی حوکم بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە چییە ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٤/ حوکمی خۆشویستن لەبەر خوا چییە؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٥/ کێمان خۆش دەوێت لە بەر خوا ؟ وە رقمان لە کێ دەبێتەوە لەبەر خوا ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٦/ کەسی گاڵتەجار لە چی جۆرە کوفرێکە ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٧/ ئایە کەسی گاڵتەجار تەوبەی بۆ هەیە ؟ مەرجەکانی چییە ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٨/ حوکمی کەسێک جوێنی بە پێغەمبەری خوا دابێت چییە ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٤٩/ حوکمی کەسێک گوێی لەو جوێنە بێت چییە ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٥٠/ بەڵگە چییە لەسەر کوفری کەسی ساحیر ؟

..............................................................................................

..............................................................................................

٥١/ نیشانەکانی کەسی ساحیر چییە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٢/ حوکمی چوون بۆ لای ساحیر چییە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٣/ ئایە چۆن دەبێ بچین بۆ لایان ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٤/ بەشەکانی (نوشرە) چییە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٥/ چۆن وەڵامی کەسێک دەدەینەوە کە دەڵێت : دروستە سیحر بە سیحر پووچەڵ بکەینەوە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٦/ حوکمی کۆمەک کردنی موشریکەکان چییە؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٧/ ئایە هیچ کەسێک بۆی هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچێت ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٨/ ئایە (خضر) لە شەریعەتەکەی موسی دەرچوو ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٥٩/ ئایە حوکمی پشت لێکردن چییە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٦٠/ مانای کەسی (ترساو) لە قسەکانی نووسەردا چییە ؟ وە ئایە ئەو کەسێکی ناچارە؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٦١/ مەرجەكانی ناچاركردن چییە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٦٢/ ئایە موناسەبەتی كۆتایی هێنان بە دوعا چییە ؟

.........................................................................................

.........................................................................................

٦٣/ ئایە كەسی موسڵمان چۆن لەوە دەترسێت كە توشی شیرك ببێت ؟

.........................................................................................

.........................................................................................